**چیرۆک**

# داوەتی کۆچەرییان

**حەمە کەریم عارف**

2005

- ناوی کتێب: داوەتی کۆچەرییان
- بابەت: چیرۆك
- نووسەر: حەمە کەریم عارف
- تایپ: رزگار حەساری
- چاپی یەکەم – 2005
- چاپی دووەم-
- هەڵەچن: سەرگوڵ محەمەد ئەمین

**پێرست**

**لە جیاتی پێشەکی**

**ئاوازی نەمری**

**سێبەری دەنگ**

**چیرۆك**

**کۆچ**

**داوەتی کۆچەریان**

**کەحلان**

**سەربهوردی ناوێك**

**دە چیرۆکی زۆر کورت**

**کەوە ڕێ**

**کە ویستم ببم**

## له جیاتی پێشەکی

### گەشتێکی بلەز بە جیهانی چیرۆکڤانیی حەمەکەریم عارف دا

ن: جــــــــەلال

زەنگابادی

و:

حەمەکەریم عارف

**(1)**

چیرۆکنووس و وەرگێڕو نووسەر حەمەکەریم عارف کەرکووکییەو لە ساڵی 1951 لە کەرکووک لە دایکبووە. کۆلیجی ئەدەبیاتی لە بەغدا تەواو کردووە. یەکەم بەرهەمی شیعرێکە لە ژێرسەرناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (170)ی رۆژنامەی هاوکاری ڕۆژی 8/6/ 19873دا بڵاو بووەتەوە..ئیدی لە نیوەی دووەمی دەیەی هەفتاکانی سەدەی رابردووەوە بەبەردەوامی سەرقاڵی کار ئەدەبی و رۆشنبیرییە.. نۆساڵی هەرەتی لاوی لە پێشمەرگایەتیدا بردووەتەسەر. لە زۆربڵاوکراوانـدا کاری کردووەو بە ناوی خۆی و ناوی خوازراوەوە بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە. حەمە کەریم عارف لە نووسەرو وەرگێڕە پڕ بەرهەمەکانی بواری رۆشنبیریی هاوچەرخی کوردییە:بەتایەتی وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە. ژمارەی بەرهەمەکانی چ وەکو نووسین و ئامادەکردن ،چ وەکو وەرگێڕان پتر لە هەشتا کتێب دەبن، کە زۆریان چاپ نەکراون، ئەمە جگە لە چوار کۆمەڵە چیرۆك بەناوی: تیرۆژ، کۆچی سوور، داوەتی کۆچەرییان،و لەخۆبێگانەبوون..ناوی ئەم بەرهەمانەی کە قەترە لە دەریان، نیشانەو بەڵگەی هەمەجۆری کارو دروستی هەڵبـژاردنن لە لای چیرۆکنووس: نینا، رۆمانی سابت رەحمان، (نامۆ) رۆمانی ئەلبێر کامۆ، (قوربانی) رۆمانی هیرب میدۆ، (دووره وڵات) رۆمانی ع.قاسمۆف. (هاوماڵەکان) رۆمانی ئەحمەد مەحموود. (ئازادی یا مەرگ) رۆمانی کازانتزاکیس. ( شکست) رۆمانی ئەلکساندەر فەدایەف. (بێناسنامەکان) رۆمانی عەزیز نەسین. چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی. (زندە خەون) کۆمەڵە چیرۆکی چیخۆف. (فاشیزم چییە؟) کۆچیرۆکی یەڵمازگۆنای, (دادپەروەران)و (بەدحاڵیبوون) ئەلبێر کامۆ. (جولەکەکەی ماڵتە) کریستۆفەر مالرۆ. ( ریچاردی سێیەم) شەکسپیر.

**(2)**

بەمجۆرە بۆمان بە دیاردەکەوێت کە ئەم ئەدیبە ،هەم لەئاستێن خودی وئەخلاقی هەم لە ئاستێن نەتەوەیی و مرۆڤانی خۆبەخۆو بێ هیچ وابەستەگییەکی ئایدۆلۆجی تەسك کەسێکی پەیامدارو پابەندە: رۆسۆ گوتەنی( ئەوانەی زەنگ لێدەدەن، بەشداری لە رێپێوانی ئاهەنگەکاندا ناکەن!) ئەگەر شلیگل وای بۆدەچوو کە" مێژوونووس پەیامبەرێکە و دەڕوانێتە رابردوو " ئەوا ئەدیبی هونەرمەندی داهێنەر پەیامبەرێکە دەڕوانێتە ئایندەولەوێنـدەرەوەش دەڕوانێتە ئێستا، واتە بەپێچەوانەی سیاسەتوانەوە کە زۆربەی کات خۆی بە ئێستای سنووردارەوە بەستووەتەوە، هەر لێرەوە گرفتی نێوانیان هەڵدەقوڵێت و جیّدەبێت.

بێگومان ئەدیبان و هونەرمەندان ئەگەر هەر لایەنی چاکەی سەردەمی خۆیان بەرجەستە بکەن و خراپەکانی پشتگوێ بخەن، ئەوا گەورەترین خیانەت دەکەن: وەکو چۆن لەسەردەمی کۆمۆنیستی وسۆسیالیستیدا، کاتێ ریاکاری رۆشنبیریی پەرەی سەندو باوی پەیدا کرد،وبەشداری لە هەڵکەندنی گۆڕی ئەو سیستەمەدا کردو تابوتەکانیانی بزمار ڕێژکردا.

کەواتە ئەرکی بەرو دوای ئەدیبان و هونەرمەندان هەر راستگۆییە: دەبێ پەردەی پیرۆزایەتی لە رووی هەموو نادروست و ناراستێك هەڵماڵن و دابدرن: بۆیە لامارتین جارێکیان هاواری کرد:"شەرمەزارییە مرۆڤ لەو کاتەدا گۆرانی بڵێ کە رۆما دەسوتێ!"هەر لەم روانگەیەشەوە ماریۆ بارگاس یۆسا دەڵێت:" ئەرکی ئەدەب هەمیشە پیلانگێڕییە".

**(3)**

ئەم پێشەکییە تارادەیەك خۆی لە داسەپاندنی حوکم و داوەری پێشوەختە دەبوێرێت و نایەوێت لەزەتی خوێندنەوەی ئازاد لەبار بەرێت، بەڵکو گەرەکییەتی هەندێك باری سەرنجی ئەوتۆ تۆمار بکات کە هەوڵێك بێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: ئایا حەمەکەریم عارفی چیرۆکنووس جیهانی هونەری تایبەتی هەیە، ئەگەر هەیەتی سیماکانی ئەو جیهانە کامانەن؟

وەڵامی بابەتیانە (بەرلەوەی بڵێین:-بەڵێ) وا دەخوازێ ژمارەیەك لە چیرۆکەکانی لە هەردوو ئاستی نێوەرۆك و هونەرییەوە بخەینەبەر خوێندنەوەیەکی ورد... جا فەرموون لەگەڵما بۆ ئەم گەشتە بلەزو خێرایە. چیرۆکنووس لە چیرۆکێن (سێبەری دەنگ) و(ئاوازێك نامرێت)و (کۆچی سوور) و( نیگا)داجەنگ و جەنگین ودەرهاویشتەکانی شەڕ مەحکووم دەکات،ئەو شەڕو جەنگەی دەبێتە مایەی ئەوەی کە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی بکەوێت وهەموو بەهاکانی بشێوێت و خولاّم و نۆکەران لە بەردستاندا ببن بە ئاغاو دەسەلأتدار، و ئاژاوە ببێتە پێوانەو خەمساری و هەلپەرستی بلأو ببێتەوە، ئەمە جگە لە ریاو ریاکاری و گەندەڵی ،کەڵکەڵەی بە بەردبوون لە چیرۆکی (ئاوازێك کە نامرێ)دا ئەو پرسیارەی وەیادهێنامەوە، کە (لیۆنتس)لە پەیکەرە خەیاڵییەکەی (هرمیۆن)ی ناو چیرۆکی (چیرۆکی زستان)دا دەیکات و دەڵێت:-" ئاخۆ بەرد، لەبەر ئەوەی لە بەرد بەردترم ، سەرکۆنەم ناکات؟"

لە چیرۆکی (سێبەری دەنگدا)مرۆڤ بەرادەیەك دووچاری غوربەت و بەشتبوون دەبێت، دەبێ بە تاپۆ، هیچی لێنامێنێتەوە جگە لە سێبەرو دەنگ.. لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵنادات و نابەزێت، بەڵکو دەسبەرداری خەبتین دژی هێزە شەڕانییە ستەمکارەکانیش نابێت، کە هەڕەشەی تالأن کردنی سێبەرکەشی لێدەکەن! لەم چیرۆکەدا (م) بەبەرچاوی ریاکارانی راپۆرتنووس و پیلانگێڕەوە دەکوژرێت: ئیدی مینای خێزانی دەبێت بە نێچیری تەنیایی و دەردی بە سوێی تەنیایی.. چیرۆکنووس (مینا)ی کردووە بە رەمزی دارستانە ژنێکی کۆست کەوتووی مەینەتبار، چیرۆکەکە بەشێوەیەکی نامافووڵ خۆی بە دێوان دەسپێرێت. ئەوەتا درندەیی و دڕی (مینا)ی نێچیر بەجۆرێ سەردەکات و تۆڵەیەکی یەکجار سامناك و نامافووڵ لە پیاوانی پیلانگێڕی گوند دەسەنێ و تاقەسوارە شەبەیخونیان دەکاتە سەر، شەبەیخونێك کە هاوتای پەلاماری ئەو میلیشیایەیە کە(م)ی مێردیان کوشت.

لـه چـيرۆكى (زمـان)دا رەخنەيـەكى يـەجگار تونـد لـە بيرۆكراتييـەت و درِنـدەيى نەوكيسـەو تازەپێياكـەوتووەكان هاتووەتـە گـرتن، لـە( پيشانگا)شـدا نارەسـەنى و قـەلْپى واقيعـى هونـەرى خراوەتـە روو.

لـە (قەلْـەمباز)دا ستايشـى قەلْـەمى سـەربەرزى ئابروومەنـدى خـۆراگر لەبـەر هـەر هەرِەشـەو تـەماح خستنە بەرێك كراوە.

(نەخشە) سەرەتاى هەستى نەتەوەيى لاى نەوەى نوێى كورد دەنوێنێ. لـە (هونەرمەنـد)دا ئـارەزووى گەرِانەوەى مەحالْ بۆ بێگەردى و خۆبەخۆيى منداڵييەتى بەدى دەكرێت و پيشاندراوە.

لە (تاژى)دا چيرۆكنووس توانيويەتى دەلالەتى ئاسايى تاژى وەكو حـەيوانێكى پەسـند لابـات و بيكـات بە رەمزى نۆكەرى بێگانە.

هەروەها (تـابوت) بەسەرچاوەى ئـەدەبى بـەرگرى كـوردى دژى شۆڤێنيسـتانى فاشيسـت دەژمێـردرێ، ئـەوا زۆربـەى چـيرۆكەكانى دى ، لـە مەملەكـەتى بـەرددا ،لـە بەردسـتاندا، هـەموو شـتێكى نارەسـەن و رەفتارێكى شێواوى دژە مرۆڤ ريسواو مەحكوم دەكـەن و پـەردەيان لـەروو لادەبـەن، ئـەو بەردسـتانەى لـە كۆنـەوە تـا رۆژگـارى ئـەمرِۆ مەلْبەنـدى هـەلْهێنانى دكتـاتۆرو خاينـان بـووە، لـە چـيرۆكى ( ئاوازێـك نامرێ)شدا پرسيارێكى بێ وەلاّم خۆى قوت دەكاتەوە:-" ئەمە چ سرِێكە مـرۆڤ بەمـەرگى يەكـدى دەژيـن و بە ژيانى يەكدى دەمرن؟!"ئا بەو جۆرە لـە كوێ بۆمـان هـەبێ لە واقيعێكـى سـوريالى لـە بنەرەتـدا نـا مەعقوول، داواى مەعقووليیەت بكەين، يان مەعقووليیەت بدينين؟!

فـره قارەمـانى و هەمەكەسـى بەسـەر چـيرۆكەكانى حەمەكـەريم عارفـدا زالْـەو لـەم رووەوە چيرۆكنووسێكى كوردى ديكە نايگـاتێ و هاوتـاى ناكاتـەوە، قارەمانـەكانى لە تەمـەنى جيـاوازو سـەر بـە توێـژو چينى كۆمەلاّيـەتى جێـوازو هـەردوو رەگـەزى نێـرو مـێن و، هەلْبەتـە چيرۆكنووس لايـەنگرێكى مەبدەئى ئافرەتەو دژى چەوساندنەوەى ئافرەتە، لە هەمان كاتدا چاوپۆشى لـە ئـافرەتێن خـراپ ناكـات، بۆ وێنە بەلايەوە فەرقێكى يەكجار فرە لە مابێنى (مينا)و(پاكيزە)و (سارا)دا هەيە.

جـارى واهەيـە لـە يـەك چيرۆكدا دوو كەسايەتى زۆر جيـاواز هەيـە. لـە (وێلْسـتان)دا لەلايەكـەوە (يوسـف)ى رۆشـنبيرى غـەرقى بيركردنـەوەو خـەيالْ هەيـەو، لـە بەرانبەريـدا (حـاجۆ)ى سادەو واقيعـى هەيە.

زۆر كەرەت كرانەوەى گرێيەكانى بەمـەرجێن حەتمييـەوە گـرێ دەخـۆن و رەگـەزى كوتـوپرِى بەگـەلْ دەكەوێت و كۆتاييەكانى زۆر كاريگەرانە دەكەونەوە، هـەروەكو لـە (سێبەرى دەنـگ)و (تـاژى) و(ئاوازێـك نـامرێ)دا دەردەكـەوێت و نيشـاندراوە. زۆرجـار كۆتـايى چـيرۆكەكانى تەئكيـدە لەسـەر نەشـونماو گەشـەكردن و پەرەسـەندنى قارەمانـەكانى. ئـەو كۆتاييانـەى مەگـەر بەدەگمـەن كۆتـايى سەرڤەسـەرڤەو وشكيان تێبكەوێت. لە كۆتايى (زاوا)دا (رێحان)ى گـەوجى دلْـرِەق لـەوانى دى پـتر بـۆ كـورِە خنكاوەكـەى دەگرى: چونكە هەست بەتاوانبارى خۆى و ئازارى ويژدان دەكات. لە (سێبەرى دەنگ)دا (مينـا)ى ناسـكە مرۆڤ دەگۆرِێ و دەبێ بە دەلْەدێوێكى درِندە. لـە (ئاوازێـك نـامرێ)دا (پـاكيزە) دەبـێ بـە كـەوێك و پـاش خوێندنى خۆشترين ئاوازى خۆى فەوت و فەنا دەبێت، لێ لە رِاستيدا فەنا نابێت: چونكە بـيرى خـۆى لـە ئاوازێكى نەمردا بەرجەستە كرد.

## (4)

چیرۆك و كورتیله چیرۆكەكانی حەمەكەریم عارف لە چوارچێوەی تەكنیك و وبونیادێن هونەری پتەوو هەمەجۆردا بەرجەستە كراون.پێدەچێت بونیادی پشت بەستوو بە (فلاش باك) بەسەر زۆر چیرۆكیدا زاڵ بێ وەكو لە چیرۆكێن (زمان)، (گومان)، (تابووت)و (وێڵستان)دا دیارە.

چیرۆكنووس لە (نیگا) دا دژە فلاش باكێكی داهێناوەو دیمەنێن ناو چیرۆكەكە بەمجۆرە كەوتووەتەوەو رێككەوتوون ( ئیستا-ئایندە-ئێستا). لە چیرۆكی (گومان)دا شتێكی داهێناوە دەتوانین ناوی بنەین دەقاندەقی خەیاڵی (التناص الخیالی )و چیرۆكنووس لێهاتووانە، وەستایانە كورتیلە چیرۆكێكمان لە نێو كورتیلە چیرۆكێكدا پێشكەش دەكات و گوتیار(راوی) لە رێگەی قارەمانەكانەوە دەمانبات بۆ ناو كورتیلە چیرۆكی (گومان)ی ناو رۆژنامەكە.

چیرۆكی( ئاوازێك نامرێ) نەقلێكی فۆلكلۆری تازە داهێنراوە، گێڕانەوەی نەقڵەكە لە دوو شێوازدا پیشاندراوە: ئاسۆیی (بەزمانی گوتیار)ەوە، ئەستوونی (بەزمانی قارەمانەكان و دەنگی قارەمانەكانەوە).

چیرۆكنووس حەمەكەریم عارف بە زەبری توانای خەیاڵەوە، دیمەنێن هاماجی چیرۆكەكانی دەخولقێنێ، ئەو دیمەنانەی تەژی دینامیكییەتی وێنەن و ، ژینگەی كوردی بە سروشت و بەشەرو حەیوانییەوە زاڵە تیایدا، چیرۆكنووس خودان شێوازێكی كورتبڕو ئیختیزالییە لە وێنەگرتنی قارەمان و كەسایەتییەكاندا، بەم شێوازەش زیاترلایەنە هەرە پێویستەكانی سیماو خەسڵەتی دەروونی و فیكری قارەمانەكان نیشان دەدات تا لایەنە بەدەنییەكانیان، ئەم شێوازەش كورتبڕی لە وەسفدا دەخوازێت.

وەكو دەزانین دەستپێكی چیرۆكی كورت قورسترین بەشییەتی ، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆربەی چیرۆكەكانی حەمەكەریم عارفدا خۆشدەست و ئیشتیا بزوێنە، بەڵكو هەندێ جاران دەگەڕێتەوەو چیرۆكەكەی پێ كۆتایی دێنێ وەكو لە (وێڵستان)و (تابووت)دا دیارە. بەلاّم چیرۆكەكانی حەمەكەریم عارف لە باری هونەری ئەستاتیكەوە وێنەی كۆمەڵگەیەك دەنوێنن، كە ناكۆكیو شەڕەنگێزی ئەنجن ئەنجنی كردووە. هەڵبەتە ئەم دیاردەیە كار لە چارەنووسی هەر تاكێكی ناو ئەو كۆمەڵگەیە دەكات. ئەم چیرۆكانەی تەژی كاراكتەرو قارەمان و كەسانی شەڕەنگێزو شەڕزەدەن ( ئیدی قارەمانی راستەقینە بن یان زادەی خەیاڵ) ئاشكرایە ئەو زۆرانبازی و ململانێیەی مرۆڤ دەستی دەداتێ ، كەسایەتی ڕاستەقینەی ئەو مرۆڤە بەدیار دەخات و بەرجەستەی دەكات. بەلاّم قارەمانی ملایم و بێوەی وبێلایەن لە پۆرترێت بەولاوە چیدی نییە. ململانێ جۆری هەیە ،هەم لەئاستی كۆمەڵ و هەم لە ئاستی تاكدا هەیە،و لەوەشە هەردووكیان یەكانگیر ببن، جۆرە ململانێیەك هەیە مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیدا دەیكا و بەزۆری لایەنی دەروونی و ئەخلاقی دەگرێتەوە، ئەم ململانێیە لە نێوان كەڵكەڵە لێك دژەكاندا روودەدات وەكو لە (گومان)دا دیارە. جۆرە ململانێیەكی دی هەیە لەگەڵ بەرانبەردایە، لەگەڵ سروشتدایە، ئەم جۆرەیان ململانێیەكی دەرەكییە.

ململانێ لەگەڵ بەرانبەردا، كە هەندێ جار ململانێ لەگەڵ خوددا شەفاعەت و پاكانەی بۆ دەكات، بەسەر چیرۆكەكانی حەمەكەریم عارفدا زاڵەو زۆرجار شێوەیەكی درامی توند وەردەگرێت چ لە شێوەی كردارا و چ لە بیرو هزراندا، چ لە دیالۆگدا بێ، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی چیرۆكەكانی تەژی بزاڤێن پێشقەچوون بكات، ئەو ململانێیە رەگەزی هەڵچواندنی لێدەكەوێتەوە،و تانوپۆی گرێ دەچنێ و

بەهێزو خێرای دەكات.. جا من لێرەدا لایەنی پراكتیكی بۆ خوێنەری بەڕێز بەجێدێڵم: با بەخۆی ئەم لایەنە گرینگە لە چیرۆكەكاندا دیاری بكات.. چونكە دیمەنێكی دیكەی هونەری چیرۆكنووس وردەگرم، كە لە دیمەنەكانی نوێئاوەرییەو پەیوەندی پتەوی بە ململانێوە هەیە یان گەلێك لە ململانێیەكان لە چوارچێوەو لە میانەی ئەوەوە بەدیار دەكەوێت و بەرجەستە د ەبن، ئەویش بۆلیفۆنیزمە (فرەدەنگی) جا بۆلیفۆنیزم (چ وەكو دیالۆگ و چ وەكو مەنەلۆگ) بەشدارییەكی كاریگەر لە گەشە سەندنی دیمەنێن چیرۆكەكان و هەڵدانەوەی ناخی قارەمانان دەكات و ئازادی تەواویان دەداتێ تا گوزارشت لە تایبەتمەندی خۆیان بكەن، بۆ وێنە دستڕەنگینی چیرۆكنووس لە بەكارهێنانی بۆلیفۆنیزمدا لەم چیرۆكانەدا بەدیار دەكەوێت: (گومان،سێبەری دەنگ، قەڵەمباز، وئاوازێك نامرێت)كە لێرەدا گوتاری گێڕانەوە بەیەكانگیری دەنگە جیاوازەكان تەواو دەبێت.

لە چیرۆكی (سێبەری دەنگ)دا كە بەشێوەیەكی گشتی بونیادی حیواری بەسەردا زاڵە، ئەم دەنگانە هەن:

1- دەنگ (بریتییە لە دەنگی گوتیار)
2- دەنگی یەكەم (دەنگی "م"ی كوژراوە كە مێردی مینایە)
3- دەنگی دووەم (دەنگی مینای ژنی "م"ی كوژراوە)
4- دوادەنگ (دەنگی نووسەر- گوتیارە)كە خۆی بەناو دەنگەكاندا دەكات و گونجان و سازانی كاسارسیسزم"پاكبوونەوە" دەشكێنێ.

بەمجۆرە قارەمانان و كاراكتەران لە بۆلیفۆنیزم:ئازادانە گوزارشت لە خۆیان دەكەن: دەنگیان بەرزدەبێتەوە، بەرەبەرە دەنگی چیرۆكنووس پاشەكشە دەكات و دەسەڵاتی بنجبڕی باوكانەی نامێنێ تا قەناعەتە تاكڕەوانەكەی خۆی بەتۆبزی بەسەر هاماجی چیرۆكدا بسەپێنێ : ئیدی ئاوازی ریتمی ئەگەرایەتی و گومانئامێز زاڵ دەبێت و كێشەو گرفتی كاراكتەرەكان لە هەموو ئاستێكدا بەرجەستە دەكات: ئینجا خوێنەر بەناو هەزارتوێی ئەو گرفتە مرۆڤانییانە دەكەوێت كە كاراكتەرەكان پێوەی دەناڵن: نەك بۆ ئەوەی لە پێودانگی باڵادەستی، یان هاوسۆزییەوە یەكبگرن لەگەڵیاندا، وەكو چۆن ئەمە لە رۆمانی تقلیدیدا باوبوو، بەڵكو لە پێودانگی كەشفخوازییەوە، كە وادەخوازێت بەروونی لە هەڵوێستی رۆمان بەدەربێت، ( بڕوانە د. صبری حافف، القصە العربیە والحداپە ص 188، چاپی بەغدا، 1990)

بۆلیفۆنیزم لە دوا قۆناغ و لە دوا ئاكامدا بەشداری لە وەلاخستنی تاكڕوانگەیی، تاكدەنگی و تاكبۆچوون دەكات، كە لە رێگەی رووداوەكانەوە دەگێڕدرێتەوە.. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەكاتە پەكخستنی گرێی تەقلیدی ،وفۆرمی هونەری چیرۆكەكان ئازاد دەبێت و تەژی دینامیكییەت دەبێت.

هەر بۆیەش زۆربەی چیرۆكەكانی ئەم نووسەرەمان شایستەی ئەوەن بكرێن بە شانۆنامەو فیلم.

**(5)**

بێگومان زمان رەگەزێكی هەرە گرنگی هونەری چیرۆكی نوێی هاوچەرخە و بگرە دەشێت ببێت بەكۆڵەكەی هەرەسەرەكی رەگەزەكانی دیكەی رۆنانی هاماجی چیرۆكڤانی.

حەمەکەریم عارفی چیرۆکنووس زمانێکی جیای هەیە. زمانی لە نێوان هەموو هاوسونحانی خۆیداو لە چیرۆکی هاوچەرخی کوردیدا دیارە، کەم کەس لە تەڤاندنەوەی توانای شاراوەی وشەدا دەیگاتێ و شان لە شانی دەدات. دەلالەت و چەمکی نوێ بە وشە دەبەخشێت و دەلالەتە کۆن و باوەکان وەلاوەدەنێت. دارشتنی زمانەوانی تازە لە رێگەی وەکارهێنانی ئاوەڵناو و ئاوەڵناوی کراو وخواستنی فرمانان و تەواوکردنەوە دێنێتە ئاراوە، کار دەگەیەنێتە رادەیەك بە وشەێن تازە مانای تازە بخولقێنێ و پاشگرو پێشگر و لێکدانی دوو وشەو خوازە بکات بە کەرەستەی خولقاندن، بۆ وێنە بڕوانە وشەێن: (قەڵەمباز، دۆزەشت،شۆرشگێ، دەموچاوی مزر، دارستانە ئافرەت).

شایانی باسە ئەم ئەدیب و وەرگێڕە بەوە راهاتووە کە وشەی تازە بەزمانی کوردی ببەخشێت، لەوانە: (گوتیار= راوی)، سالیاد،هونەراندن، بەدحاڵی بوون). بێگومان ئەم خولیای تازە خوازییە زادەی سەرگەرمکردن و رابواردن و گەمەی کوێرانە بە وشە نییە، بەڵکو زادەی ئەو پێداویستییەیە کە زمانی ئاسایی دەرەقەتی نایەت و زمانی ئاسایی کۆڵە لە دەربڕینی، واتا ئەو پێداویستییە وادەخوازێت چوارچێوەی قسە تێك بشکێ، باو لەرەواج بکەوێ، تا ئەوە بڵێت کە لەسەرووی توانای قسەوەیەو گوتاری مەبەست بێتە دی. رەنگە هەر ئەم کەڵکەڵەیە وای لە چیۆکنووس کردبێ، کە بایەخێکی یەکجار زۆر بە هۆزانییەتی زمانی چیرۆکڤانی خۆی بدات. هیچ زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین زمانێکی شیعری ئەوتۆی هەیە کە هاوتای شیعرییەتی باشترین شاعیرانی هاوچەرخمانە!. شیعرییەتی زمانەکەی لە کورتبڕیدایە، زمانێکی چڕو گورج و بلەز و دوور لە هەر داوەشین و ئینشانووسییەکی دەڵبە،(ئەزرا پاوەند) گوتەنی "زمانێکی تا ئەوپەڕی توانا ئاوس بە چەمك و مانا".

بۆیە هیچ سەیر نییە لێرەو لەوێ رستەو دەستەواژەی شیعری جوانی ئەوتۆی بەگەڵ بکەوێت کە گوزارشت لە هەست و هزری کاراکتەرو کەسانێ بکات وەکو چۆن چیرۆکنووس تامەزرۆیەتی و حەزی لێدەکات. لێرەدا چەند نموونەیەك دەخەینە روو:

-" ئەم دەرو بەرە دارستانێکە لە ژنانی خەمین"چیرۆکی (سێبەری دەنگ).

-" هەرکەسێك خاکی نەبێ، دەبێ گۆڕی خۆی بە کۆڵدا بدات و بە ئاوارەییدا بیگێڕێت!"چیرۆکی (خاك).

- "دڵیشی نایەت لە کەمینی پرسیارانی بخات" (چیرۆکی عوزرخوایی)

- "کەسێك ئەڤینی لەسەردا بێ، لە دێو ناپرینگێتەوە" چیرۆکی (عوزرخوایی)

- "دەستی وەڵامدانەوەی تێکەڵ بە دەستەکانی کرد" چیرۆکی (هەستێکی وڕوژاو)

- "چاوی خۆشەویستی بڕوایی نەدەهات" چیرۆکی (هەستێکی وڕوژاو)

- "چنگی ،ڕاست لە قژی ئاسمان گیر دەکرد" چیرۆکی (شێتخانە)

- " ئەم کەللە سەرە چییە پێت؟ - ئەمە فەرهەنگێکی وێنەدارە" چیرۆکی (شێتخانە)

- " وەتەن ئەگەر بنجە دڕکێکیش بێ ، هەر شیرینە!." چیرۆکی (ئاخ وەتەن)

- "مرۆڤ گیانی بەوەیە کە بۆخۆی گۆڕێکی قووڵە، وساتەکانی خۆی لە خودی خۆیدا دەنێژێت" چیرۆکی ( ئاوازێك نامرێت)

- "..ئـەقڵ هەربەرد،ویـژدان هـەر بـەرد، سۆز هـەر بـەرد، مێـژوو هەربەرد،ئـەم بـەرد پەروەرییـە تـیرەی بەشەری وێڵ کردووە.." چیرۆکی (ئاوازێك نامرێ).

شـیعرییەتی زمـانی چـیرۆکنووس هـەر لـەم رادەیـەدا ناوەسـتێ ، بـەڵکو هەنـدێ جـار دەگاتـە رادەی شیعراندنی سەرانسەری کورتیلە چیرۆکەکە وەکو لە ( بـەرد و لـە وێڵستان)دا دیـارە. یەکـەمیان کورتیلـە چـیرۆکێکی شـیعری رەمزییـە و دووەمیـان چـامەیەکی شـیعری ئیرۆتیکییـە لـە زۆربـەی دیمەنـەکانیا، هەروەها کۆتایی چیرۆکی (ئاوازێك نامرێ) دەبێت بە چامەیەکی زۆر جوانی هێمائامێز..

بێگومـان ناکرێـت لێـرەدا هـەموو دیمـەن و وێنـە شـیعرییە پـەرش و بڵاوەکـانی نـاو چـیرۆکەکانی نووسەری کەم وێنەمان دیـاری بکـەین ، کـە لێکچوون و خواسـتن و رەمـزو تەورییـە و خـوازەی ناسـك و زیندوو تانوپۆیەکەی دەهۆنێتەوە، زندوویەتی پـتر بـە رسـتەو دەسـتەواژەکانی دەبەخشـێت.. بـەڵام چـار نییە دەبێ لە ئاستی (ئیلتیفات) لەلای برای نووسەرمان هەڵوەستەیەك بکەین ( پێویسـتە لێـرەدا ئامـاژە بۆ ئەوە بکـەم کـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە هانـام بـۆ تێـوری و پراکتیکـی سـەعید غـانمی لێکۆڵـەرەوە بـردووە، بڕوانە (دەمامکێن دەق) بەغدا- 1991)

ئاشکرایە کە( ئلتیفات) وەکو مەبەستێکی رەوانبێژی لە شیعری کۆن و نـوێی عەرەبیـدا بـاو بـووە کـە دەکاتە : (ئاماژە بۆ کەسێك بە راناوێکی نەگونجاو..) بـۆ وێنـە وەك ئـەوەی کەسـێك بـە رانـاوی یەکـەم و دووەم و سێیەم کەسی تاك خۆی بدوێنێ : چونکە ئیلتیفات لە نێوان هەرسێ رانـاوی یەکـەم و دووەم و سێیەم کەسدا دێ و دەچێت، بۆیە پرۆسـەی گەیانـدنی ئاسایی لـەنگ دەکـات و دەشـێوێنێ ، بـە تایبـەتی پەیوەنـدی نێـوان هـەردوو دیـوی نـاوەوەو دەرەوەی زمـان : بۆیـە ئـەرکی ئیلتیفـات بـەزۆری بریتییـە لـە گـومڕاکردنێکی بـە ئانقەسـت، وەکـو دەمامـك کـردن وایـە. بـەزۆری بەشـێوەیەکی خۆڕسـك جـۆرە غوربەتێکی لێدەکەوێتەوە: جا بەم پێیە "چونکە ئیلتیفات کەسێکی دی بـانگ دەکـات و خـۆی دەدوێنـێ و خودی مەبەستە، بۆیە مەحکوومە بە دووفـاقی و، غوربـەتی لێدەکەوێتـەوە" ئەمـەش وادەگەیـەنێ کـە ئیلتیفـات دەبێـت بـە دوو لقـەوە، ئیلتیفـاتی بەرجەسـتەکاری (تەشخیسـی) وئیلتیفـاتی رووتـەڵکاری (تەجریدی) یەکـەمیان لەسـەر بنـەمای تواندنـەوەی مرۆڤـان (کـە هـەردووکیان ئیفـتیرازین) چێدەبێت. دووەمیـان لەسـەر بنـەمای غوربـەت و بەشـتبوون دروسـت دەبێـت، کـە هـەردووکیان دەرهاوێشـتەیان لێدەکەوێتەوە (ئەگەر ئیلتیفاتی بەرجەستەکاری لە رێگەی بانگکردنی شتێن نائاقڵەوە بێتـە دی : ئـەوە ئیلتیفاتی تەجریدی لە رێگەی وەسفکردنی خود بەغەیرو دوواندنی بە ڕاناوی سێیەم کەسـی تـاك دێتـە دی، جـا لێـرەدا رانـاوی سـێیەم کەسـی تـاك نەکەسـێکی واقیعییـەو نـە کەسـێکی گریمانەییـە، بـەڵکو وێنەیەکە لە وێنەکانی دیکەی "مـن" کـە ئیلتیفـات گوزارشـتی لێدەکات" جـا بـەم پێیـە هـەردوو جـۆرە ئیلتیفاتەکـە لـە چـیرۆکەکانی حەمەکـەریم عارفـدا بـڵاون و زۆر بـە لێهـاتووی و سـەرکەوتووانە بـۆ وەدیهێنـانی مەبەسـتە هـزری و هونەرییـەکانی بـەکاری دێنـێ . جـا لێـرەدا وەکـو نموونـە بـۆ ئلتیفـاتی (تەشخیسی) ئاماژە بۆ چیرۆکێن (بوکەڵە، بەرد،و تاژی) دەکەین. سەبارەت بە ئیلتیفاتی تەجریـدی ئـەوا لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا هەیە وەکو ( زمان، گومان،تابووت و شێتخانە).

لێرێ هەر سـەبارەت بـە زمـانی حەمەکـەریم عـارفی چیرۆکنووس، دەبـێ ئامـاژە بـۆ مەبەسـتخوازی هەڵبژاردنی ناوەکان بکرێ کە دەورێکـی یـەکجار گـرینگ لـە بەرجەسـتە کردنـی نێـوەرۆکی چیرۆکەکانی

دەبینن. خوێندنەوەیەکی ورد، ئانقەستی هەڵبژاردنی ناوی قارەمان و کاراکتەرو کەسەکانیمان بۆ بەدیاردەخا کە ئەنقەستییەکی دوو لایەنەیە.

- مەبەستی جووت هاتنەوە (جووت بوون لە نێوان( دال و مەدلوول)دا واتە ناوەکە خۆبەخۆ مەبەستەکە بگەیەنێ ،واتە ناوەکە پڕ بە پێستی مەبەستەکە بێ وەك ( گزنگ= بەرەبەیان)، ( مینا= شووشەی ساف و بێگەرد)، (پاکیزە= پاك و بێگەرد)، ( سارا= بیابان)، (ئەنوەر)، ( فەهد) ،(مەدەن) و (مستۆ) لە رۆمانۆکی (کۆچی سوور)دا..هتد. ئەم جووت بوونە دەلالییە دەگاتە رادەی رەمزاندن وەك (مەهدی= فریارەس، چاوەڕوانکراو) لە چیرۆکی (سەربهووردی ناوێك)دا

- مەبەستداری دوورکەوتنەوە ( داماڵینی دەلالی لە ناوەکە کە زیاتر داماڵینی پیرۆزیی لە هەندێ شتێن کەلەپورو باو دەگرێتەوە) وەکو ( یوسف، خەجێ ،حاجۆ، تاژێ، و مەحموود).

- بەڕاستی زمانی ئەم چیرۆکنووسە مەیدانێکی بەپیت و دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵینەوەێن تازەی وەکو بونیادگەری و تەفکیکی و تەئویلی ، لێ ئیدیعاچیانی رەخنەی لای ئێمە نەك هەر لەم دەسکەوتە گەورەیە غافڵن، بەڵکو لە بنەڕەتدا لێی حاڵی نابن و دەرەقەتی نایەن: تا لەسەر ماشینەوەی بەرهەمێن کەسانی دی و، بەناوخۆکردنی بەرهەمێن خەڵکانی دی و پینەوپەڕۆ و کەسایەتیکاری قێزەزەوەر وشەرماوەر و سووك بڕۆن، هەر ئەمە حاڵیان دەبێت و مەگەر تەنیا ئەو شاعیرۆکانە هاوتایان بکەنەوە کە وەکو مێش و مێشوولان پورە دەبەستن و تەنانەت زۆربەیان ناتوانن بەباشی بەزمانی کوردی بخوێننەوە!..

لێرەدا بەداخەوە ئەو گوتەیەی (ئۆکتاڤیۆ پاز)م بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت: ***"گەلی بێ شیعر، گەلێکی بێگیانەو، نەتەوەی بێ رەخنە نەتەوەیەکی کوێرە" بەڕاستی ئێمە نەتەوەیەکی بێ رەخنەین،چونکە بەشی هەرە زۆری کەلتووری ئێمە بەزەقی سواوە،لە کاتێکدا ئۆگوستینۆنیتۆی شاعیرو تێکۆشەر گوتەنی: "ئێمە تەنیا کەلتوورەکەمانین"***.

**(6)**

لەکۆتاییدا نەهەقی ناکەین گەر بڵێین ئەم چیرۆکنووسە گەورەیە هێشتا هەر زۆر غەدرلێکراوە، بەهۆی نەبوونی رەخنەی راستەقینەو جددی لە قۆناغی ئەمڕۆی ڕۆشنبیریمان و هەروەها بەهۆی ئەو تەرجەمە ناکامانەی بەرهەمەکانییەوە- کە پڕن لە هەڵەی زۆر زەق- دەنا دیارترین چیرۆکنووسی هونەرمەندو بێهاوتایە لە نێوان هاوسونحانی خۆیدا، و چاوەڕوانی داهێنانی پتری لێدەکرێت لەم بوارەدا، بگرە هەقە نەوەکانی داهاتووی بواری چیرۆکی کوردی، لە دەسکەوتە ئەدەبییەکانییەوە فێرببن.

---

ژێدەر: ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە: جلال زنگابادی

## ئاوازی نەمری

(1)

هەر کە چاوم دادەخست، روبارێکی بە لرفەلرف و پڕ هاڕەو هاژەی خوێن بە بەرچاومدا تێدەپەڕی، ئای کە سامناك بوو، پێدەچێت مێژووی تیرەی بەشەر بە خوێن تۆمار کرابێ، دیسان شەڕ، گوڵمحەمەدی لە باوەشی کەسوکارو خێزان هەڵبواردو برۆ بۆ مەیدان.. پاکیزی ژنی بە تەنێ مایەوە.. ئای کە تەنیایی دەردێکی گرانە. ژنی تەنیا زۆر زوو پیر دەبێت وەکو باخی بێ ئاو سیس دەبێت. پاکیز ناچار ما لەگەڵ ماڵی شوبراکەیدا بژی. چونکە هەندێك بەرچاوی بوو، شوبراکەی تەماحی تێکرد، زۆری هەوڵدا، بێهودە بوو... ژن قەڵایە قەڵا، ئەگەر خۆی مەیلی نەبێت بە کەس ناگیرێت. دەستی دەگەڵ شوبراکەی تێکەڵ نەکرد. ئەشقی راستەقینە وەکو قۆزاخە خاوەنەکەی لە خۆ دەگرێت، دەیپارێزێت، مەگەر بە مەرگ ئەو قۆزاخەیەی لێ بکەیتەوە. ئەشق جۆرێك لە گەورەیی بە مرۆڤ دەبەخشێت و بە ئاسانی رام نابێت

نــا. شــوبراكەی كەوتــە بوختــان بــۆ كــردن، ئــەدی چــۆن بچــووكی خــۆی وەشــێرێت! لــە تاریكــە شــەوێكی ئەنگوستە چاودا، دوور لە ئاوەدانی، بە تەگبیری كەسوكار سەنگەسار كرا، لـە چـۆڵەوانی و لـەبن كەڵەكـە بەردانـدا جێهێڵـرا، شـەرەفیماڵباتێـك كرِدرایـەوە! مرۆڤێـك كـرا بـە گـاو گـەردوونی ئاڵۆشـی نـاو گـەڵی پیاوێك.

درەنگە شەوانێك، كاروانێكی وێڵ بەوێندەرا رەت دەبێت. ناڵەناڵێك دێتە گوێ، دەچـنە سـەر سەرچـاوەی ناڵینەكە، لەبن كەڵەكە بەردێكی گەورەوە دەهات، سەر كاروان دەستووری بە كاروانچییان دا دەریبێـنن.. روح لە جێیەكی سەختەو بـە ئاسـانی دەرنایـەت. ئـازای لەشـی خڵتـانی خـوێن بـوو. بازرگـان، حـەكیم و لوقمانی بۆ پەیدا كرد، پاش ماوەیەك لە تیمارو دەرمان كردن، چاكبووەوە، بازرگـان بـە دەم قۆناغانـەوە لێی پرسی:

- ئەرێ پێم ناڵێیت حاڵ و حیكایەتی تۆ چییەو چۆنە!؟.
- حەز دەكەم هیچم لێ نەپرسیت.

بازرگان، هەستی كرد ئەگەر پێ لەسەر ئەوە دابگرێت، چاكەكەی بە ئاوا دەدات و ئـەو مرۆڤـە ناچـار دەكـات دان بـە شـتێكدا بـنێ كـە نایـەوێت. یـان بـە كۆمەڵـە درۆیـەك خـۆی دەپەرِێنێتـەوە. بـەوەش راستگۆیی مرۆڤێك لەكەدار دەكات.

بازرگان، گەیشتەوە ماڵێ، میوانەكەشی لەگەڵ بـوو. ئـەم میوانـە زۆر بـە خێرایـی لەگەڵیانـدا تێكـەڵ بـوو. وەكـو یـەكێك لـەو خێزانـە رەفتـاری دەكـرد. ئەمـە دڵـی ژنـی بازرگـانی كرمـێ كـرد.. میـوان، میوانیان گوتووە، ئەمە لە خاوەن ماڵ سەربەست ترە. ناشێت بازرگان بـە دزی ئەمـەوەو ژێـراو ژێـر مـارەی كردبێـت! پیـاو بـێ ئامانـە، چـەند خـۆتی بدەیتـە بـەر، هـەر كـە تـەواو بـوو، دەبێتـەوە بـە هـەرزەكارێكی هـیچ نەدیتكـەو هـەر تۆپەڵـە قـژێك بـدینێ ئیـدی حـاویچ دەبێـت و ئاڵۆشـی تـێ دەكەوێتەوەو دانامركێتەوە. ئا لەو ساتە لـە جڵەو نەهاتووانـەدا پیـاو خـۆی بـە ئـاوو ئـاگردا دەدات، هەرچییەكی بەسەر دێت لەو كاتانەدا بەسەری دێت.

كابرای بازرگان، كورێكی پارۆكەی دەبێت، ئەمە خـوو دەداتـە پـاكیز و هـۆگری دەبێـت. تەنانـەت لـە باوەشی پاكیزدا نەبوایە نەدەخەوت. رێك لەسەری بانی بووەوە، لە تۆ وایە دایك و فرزەنـدن.. ژنـی بازرگان دەهری بوو، ئەم بەڵایە چ بـوو! چـۆن رزگـاری بـێ. ئـەم منداڵـە بۆچـی بـەو ئاوایـە هـۆگری بوو!.... نا دەبێت لە كۆڵی خۆمی بكەمەوە.

هەرچـی كـەتن هەیـە لـە ژێـر بـاڵی شـەودا كـراوەو دەكرێـت. بریـا رۆژێ لـە رۆژان، دەرونـی شـەو دەكرایەوەو خۆی بۆ ئەم دنیایە هەڵدەرشت، ئەوجا دەدیترا چۆن هەزاران هـەزار هاوكێشـە ژێروبـان دەبوون. فریشتەو پەرییان دەبوون بە خوێنرِێژو شەیتان، و پێچەوانەش دەبوونە پێچـەوانە.. شـەو، كەم و زۆر پەیوەندی بـە هـەڵهاتن و ئـاوا بـوونی هـەتاوەوە نـەبووەو نییـەو نابێـت. شـەو زەمەنێكـە مێ، ناتوانێت ئاوس بێ، بۆیە سەرانسەری شەیتان ئاوسی ئـەو گەردوونـە لـە خـۆی دەگرێـت، و هـەر ناتوانێت بزێت. هەر مێیـەك تـوانی بـۆ تاقـە جارێـك بزێـت، ئیـدی گیرۆدەی ئەوپـەرِی ئینسانیەت دەبێت و زۆر زەحمەتە بتوانێت دەستبەرداری بێت.

کەچی ئەوەتا لە سایەی شەوا (سارا) دەخزێت، گیرۆدەی نەزۆکی شەو دەبێت و دەخزێت بۆ ناو باوەشێکی دایکانە، لەوێندەر، لەو باوەشەدا، جگەرگۆشەکەی خۆی گۆشاوگۆش سەربڕی و بە خەیاڵی نەزۆکی خۆی لە قەبێڵی مەرگی پاکیزی کرد. بەبێ خشپە بۆ ناو جێگەکەی خۆی گەڕایەوە! خەوی لێکەوت، کەسێك دەستی بچێتە خوێنی جگەرگۆشەی خۆی!.

کابرای بازرگان، سپێدە زوو رابوو تا بە دووی کارو کاسبی خۆی بکەوێت، بەر لەوەی لە ماڵ وەدەر بکەوێ، وەکو پیشەی هەمیشەی ژنەکەی گاز کرد کە بچێ منداڵەکەی بۆ بێنێ و هەندێك گەمانی دەگەڵ بکات و چاوو دڵی خۆی پێ روون بکاتەوەو ئەوجا بچێت بەلای کاری خۆیەوە... ژنە وەڵامی دایەوە: وازی لێ بێنە، خەوەکەی خۆشە، با گڕومان لێ نەگرێت.

کابرای بازرگان هەر چاوەنۆڕی کرد تا بە خۆی خەبەری بێتەوە. کەچی هەر هەڵنەستا، سەبری سوا. دووپاتی کردەوە:

- بڕۆ منداڵەکە خەبەر بکەوەو بیهێنە با بەر لەوەی بڕۆم.

بەبێ خشپە خۆی وە ژوورەکەی پاکیزدا کرد. تا گەرووی گرتی هاواری کرد. مێردەکەی بە دەنگییەوە چوو. چ قەوماوە!.

بازرگان، کە منداڵەکەی بەو دەقەوەوە بینی، ژان چووە دڵی. باشە خۆ ئەمشەو هەر خۆمان بووین، کەس بە میوانیش رووی تێنەکردین! بە زەبری گوشاری ژنەکەی و، بە نەبەدڵی هەندێك گەڕان. کێردێکی خڵتانی خوێن دەنێو جلەکانی پاکیزدا بوو. نیگای پاکیز تەژی متمانەو راستگۆیی بوو، دەنگی ئاوێتەی داخ و کەسەر بوو:

- من نەمکوشتووە.

ژنی بازرگان: ئەی کێ کوشتویەتی؟! پاکیز بوو بە دەریایەکی ئارام و هاواری هەموو تۆفانەکانی لە خودی خۆیدا زندە بە چاڵ کرد. لە خۆیدا غەرقی کردن، غەرق.

بازرگانەکە، مرۆڤێکی ئاقڵ بوو. گوتی: ئیرادەی خوایە، خوا بۆ خۆی بردویەتییەوە، هەر ئەوەندەی بە ئێمە رەوا دیتوە. چار نییە دەبێ شوکرانە بژێر بین.

ئەوجا بە چپە گوتی: من ئێستا پاکیز لەگەڵ خۆدا دەبەم، دووری دەخەمەوە، هەنگی لە چۆڵەوانییەك دەیکوژم و دەگەڕێمەوە.

بە جووتە، بە سواری دوو هەسپان لە شار وەدەر کەوتن، گەیینە چۆڵەوانییەکی دوور دوور، بازرگانەکە گوتی: - من دەزانم تۆ نەتکوشتووە. بەڵام دەبێ بڕۆیت. گەردەلوولی کەرب و کینەی ژنەکەم بەو زووانە نانیشێتەوە. کەسێك دەستی بچێتە خوێنی منداڵێك، دەستی دەچێتە خوێنی هەموو تیرەی بەشەر. با تۆش نەکوژێت. هانێ ئەو کیسە پارەیەش لەگەڵ خۆتدا ببە، رەنگە بە کەڵکت بێ!.

ئەوسا بۆ ماڵ گەڕایەوە. ژنەکەی حاڵی کرد کە پاکیزی کوشتووە. پاکیزو ئەسپەکەی خۆیان بە رێگەی نادیار سپارد. گەییە ئاوەدانییەك، ئاپۆرایەکی هاڕوژاوی بینی. چووە پێشێ، بینی هەموو هەر سەر قاڵی کابرایەکی مەحکومی ئیعدامن... لە پەناوە لە یەکێکی پرسی:

- لەسەر چی ئیعدام دەکرێت؟

- قەرزارە، خودان قەرزان شکایەتیان لێکردووە، ئەویش نییەتی ئەو هەموو قەرزەی بداتەوە.
- جا چ قەوماوە، خۆ قەرزار قەرزاری نەکوشتووە؟
- وا ئەمجارە بۆ بێبەختی ئەو نەگبەت دایکە دەیکوژێ.
- باشە ئەگەر بیداتەوە ئیعدام ناکرێت؟
- نەخێر، دەیبەخشن.

پاکیز، قەرزەکەی بۆ دەداتەوەو ملی ڕێگەی نادیار دەگرێت.

کابرای مەحکوم، ڕەها دەکرێت زۆری پێ سەیر دەبێت! ئافرەتێك، ئافرەتێکی ڕێبوار بێرەدا تێپەڕی، قەرزەکەی بۆ دایەوەو ڕۆیشت. دیارە حەزی لێکردووم. دەنا لە پای چی ئەوە دەکات!.. دەچێت بە شوێنیدا، دەیدۆزێتەوە. یەخەی دەگرێت، تۆ بۆچی ئەو پارەیەت لە بری من داوە؟ ڕازێك لەم کارەدا هەیە! دیارە حەزت لێکردووم.

دایك چاك، باوك چاك، بێفایدە بوو. کەسێکی دی لە هەناوی سۆزمدایە، بێ سوود بوو... کردی بە کۆیلەی خۆی.

ئەقڵ هەر بەرد، ویژدان هەر بەرد، سۆز هەر بەرد، مێژوو هەر بەرد.. ئەم بەرد پەروەرییە تیرەی بەشەری وێڵ کردووە، لە ڕاستە ڕێگەی بە مرۆڤبوون لایدایەوە. ئیدی کاروانێکی سەر هەڵگرتووەو لەوەتەی هەیە کار بۆ ئەوە دەکرێت بێتەوە سەر ڕاستە ڕێگەو هەر نایەت... ئەو سەرگەردانییە سەرچاوەی هەموو کارەساتەکانە.. لە بازێری کۆیلەفرۆشیدا، هەرزان فرۆش کرا!.. لە پاپۆڕ بارکرا، کابرای خودان پاپۆڕ، کە کڕیارەکە بوو، شەوێ تاوی بەری دای لەسەری، بەڵام بێسوود بوو. پاکیز خۆی بە دەستەوە نەدا، چ پەیمان و سۆزێکی بەخۆی داوە! پەیمان هەڵوێستێکی ئەخلاقییە و ڕۆح تێر دەکات. مرۆڤانی مرۆڤ گاڤێ کامڵ دەبێت کە ڕۆحی تێر بێت. دەنا ئەم زەلکاوەی مرۆڤایەتی تێکەوتووە، و خۆی تێدا گێرە دەکات، بەرەنجامی برسێتی و برسی کردنی ڕۆحییەتی! ئافرەت قەڵایەکە، ئەگەر خۆی نەیەوێت، کەس نایگاتێ، بە کەس فەتح ناکرێت، کابرای پاپۆڕەوان لە سەندوقێکی ناو لە دەریای هاویشت. نەدەچووە هیچ ئەقڵێکەوە، جارێکی دی لە دنیادا بژی و بمێنێ. ژیان تەژی ڕێکەوتی باوەڕ نەکەردەنییە، لەو دەمانەدا بابایەکی ڕاوچی، خەریکی ڕاو دەبێت، تۆڕی هەڵداوەو بە تەمای ماسییانە. جووڵەیەك تۆڕەکەی لەرانەوە، تۆڕی ڕاکێشا. سەندوقێکی گەورەی پێوە بوو. ئۆیف، ئۆیف شتێکی چاکە، بە دیاری دەیدەمە حاکمی شار، خۆ ئەویش بەشەرە، ئەقڵی هەیە، خەڵاتێکی باشم دەکات. گەییە شار، عەرەبانەیەکی بەکرێ گرت، سەندوقەکەی بار کرد و کۆشکی حاکم خۆت بگرە وا هاتم. کابرای ڕاوچی بەرێکرا. دەست و پێوەند سەندوقەیان کردەوە. چ ببینن! ئافرەتێکی جوان و جاحێڵ، ژیانی لێ هەڵدەقوڵا، تەنانەت دەریاش نەیتوانی بوو دای بمرکێنێتەوە!

حاکم گازی کرد: حاڵ و حیکایەتی تۆ چییە؟

پاکیز: تکایە وازم لێبێنە، با ڕابردوو بنێژین و هەڵینەدەینەوە. مرۆڤ گۆڕێکی قوڵەو ساتەکانی خودی خۆی تێدا دەنێژێت، دەنا بەرگەی نەدەگرت.

حاکم دیقەتی دا، قسەکانی بەجێن، بۆیە گوتی: کەیفی خۆتە.

پاكیز، تەنیا ژوورێكی لە حاكم داوا كـرد كـە تیـای بهێـورێ و بحەوێتـەوە. ژوورێكـی بـۆ تـەرخانكرا، چووە خـەڵوەتی خـودی خۆیـەوە، شـەوو رۆژ لـە خـەڵوەتی خـودی خـۆی نەدەهاتـە دەرەوە. لـە نـاو خۆیدا بـۆ بەهرەیـەك دەگـەڕا. بەهرەیـەك لـە دەسـتیا، لـە چـاوو نیگایـدا، لـە رۆحیـدا، بەهرەیـەكی شـەفابەخش كـە هـەر نەخۆشـێك رووی تێكـرد، بتـوانێ چـاكی بكاتـەوە. خـۆزی خواسـت هـەموو ئەوانەی كە ئازاریان دابوو و خراپییان دەرهەق كردبوو، بـە نەخۆشـی رێیـان تێـی بكـەوێت و تـەنیا ئەو شەفابەخشیان بێت. هەستی دەكرد بەهرەیەك لە ناخی ناخییەوە، لەسەر هەڵدانادیەو دەیـەوێ خۆی بنوێنێ. بەهرە جڵەو ناكرێـت... حـاكم پاسـەوانی بـۆ دانـا.پـاكیز جلكی مێرانـی لەبـەر كـرد، كەوتە كاری لوقمانی، ناوو شۆرەتی بە هەر چوار نكاڵاندا رۆیی. جا دەست سووك و شفابەخش.

(2)

كێو بە كێو ناگات، لێ چاو بە چاو دەگات. گوڵمحەممەد گەڕایەوە. كەسـوكارو دۆسـت و ئاشـنا، هاتنـە سەردان و هەواڵپرسین... كە قەرەباڵغی نیشـتەوە، گوڵمحەمـەد و براكـەی مانـەوە. گوڵمحەمـەد لـەو چـەند رۆژەدا هـەر چـاوی لـەوە بـوو پـاكیز پـەیدا بـبێ، كەچـی هـەر نـەبوو، زۆر دەترسـا هـەواڵی بپرسێت، نەبادا قەوماوێكی دڵتەزێن قەومابێ و ئـەم بەرگـەی نـەگرێت. خۆشەویستی رەگـی لـە بـن پـەڕەی روحەوەیـە. كـە قەرەباڵغییەكـە نیشـتەوە، رۆژێـك فیروسـیای كـردو پرسـی: ئـەرێ پـاكیز نابینم؟!

براكەی بە زمـانێكی تـەژی دڵسـۆزییەوە گـوتی: -هـەر باسـی مەكـە... ئافرەتێكی بـاش نـەبوو... زۆر جار لە ماڵ وەدەر دەكەوت، دەمانگوت چ قەیدییە دڵی تەنگـەو بـا لـەو دەشـت و دەرە خـەمی خـۆی بە با بدات. وردە وردە گومانمان لێی پەیدا كرد. تۆمەز ئەمە دەستی دەگەڵ بێگانە تێكـەڵ كـردووە. ئیـدی سـەربەرزی خۆمـان پـێ گـەورەتر بـوو لـە مـانی ئـەو. سەنگسـارمان كـردو لێـی گـەڕاین. گوڵمحەمەد، نە باوەڕی خۆی بە بێدەنگییەك سپارد عەینی بێدەنگی بەرد.

براكــەی گوڵمحەمــەد، نەخۆشــییەكی گــران دەگرێــت. هەرچــی حــەكیم و لوقمانــە پــەی بــە نەخۆشـییەكەی نابـەن. ئـەوجا خـۆ دەگەیەنـنـە لوقمانەكـەی لەمـەڕ حـاكم.. سـەیر دەكـەن زۆر قەرەباڵغە كۆمەڵێك نەخۆشی لایە، ژنە بازرگانێك، كابرایـەكی لـە سێدارە خەلەسیو.. یـەك قسـەی بـە هـەموویان گرتبـوو: لـە رێـوە هـاتوون، چـەند رۆژێـك چـاوەنۆڕ بكـەن، تـا ماندوویـەتی رێگـەتان دەردەچێت، هـەنگینێ... چـەند رۆژێـك بـووری.. براكـەی گوڵمحەمـەد كـە لـە پـاش هـەموو ئـەوانی دییەوە گەیی بووە جێ، بەر لە هەمووان خرایە بەر مالیجە!.

خرایـە ژوورێكـەوە. بـەردێكی سـپی وەك چـۆڕی شـیر لەوێنـدەر دانرابـوو. گوڵمحەمـەد و براكـەی دانیشتن. بەسەرسامی دەیانڕوانییە ئەو بەردە. لوقمان وەژوور كەوت:

- دەی نەخۆش، تۆ سروشتت شێواوە. كاری لە گیانت كردووە. تـەنیا یـەك شـت چـاكت دەكاتـەوە، دەبێ بە ئاشكرا دان بە دزێوترین كاری خۆتدا بنەیت، ئەو كارە لـە مرۆڤایـەتی خستوویت. بـە موو لە راستی لانەدەیت ها: خۆت بخەوە ئەو دۆخەی كە كارەكەت تێیدا كـردووە، چونكە تـەنیا راستی و راستگۆیی دەتوانێت هەسـت و تەبیعـەت بخاتـەوە سـەر سكەی خـۆی و هاوسـەنگی پـێ

ببەخشێت. خۆت بۆ ئەم بەردە رووت بکەوە. هێدی هێدی خۆتی بۆ بگێڕەوە. تۆ ترساویت دەبێ ترست دەربکرێت.

هەموو نیگای یەکتریان کرد. سام و سیحرێکی سەیر باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا. براکەی گوڵمحەمەد، تا ئێستا خۆی، تەنانەت بۆ هیچ رووبارێك رووت نەکردۆتەوە. خۆی بۆ هیچ دارو بەردێك نەگێڕاوەتەوە. غەرقی ترسێکی ئاڵۆز بوو، هەستیدەکرد خەریکە دەخنکێت، کە منداڵ بوو، بە قوڕقوشم ترسیان دەردەکرد. قوڕقوشمەکەیان بە دیار سەرییەوە دەتواندەوە، لە هەر شتێك ترسا بوایە، قوڕقوشمەکە شێوەی ئەو شتەی وەردەگرت... هەستی دەکرد قفڵێك لە زمانی درا. بە ئامان و زەمان ناکرێتەوە.

ئەم قوڕقۆشمە جیایە، بێگومان وێنەو شێوەی گوڵمحەمەد وەردەگرێت، ئاخر چۆن لەبەر چاوی ئەودا. هەندێکی لەبەر وەستا.

- دەترسیت! شەرم دەکەیت؟! تا ئەو ترسە لە دڵت دەرنەچێت رۆژ بە رۆژ خراپتر دەبێت. هەر کە ترس و شەرم یەکیان گرت مرۆڤ دەکوژێت. من سەربورو بەسەرهاتەکەت دەزانم، بەڵام ئەگەر من بیگێڕمەوە دەتکوژێت... دەبێ خۆت بیگێڕیتەوە، هەنگێ سوکناییەك بە دڵتا دێت، ئۆخژنێك بەسەراپاتا دەگەڕێت، هەست بە جۆرە پاك بونەوەیەك دەکەیت... دەنا دەمریت.

براکەی گوڵمحەمەد چاوی نوقاندن، لێوی کەوتنە تەتەڵە. ژیان شیرینە! هەموو کەوتنە نیگاکردنی... هەرچییەك بوو، بوو. دەنگی دەلەرزی. ئەم وڵاتە دوا بڕاوە، لەوەتەی هەیە هەر شەڕ و کانگای شەڕ بووە. ئاخ شەڕ، ئەوپەڕی گەوجێتییە، هەموو شتێك دەلەوتێنێ. مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دەخات. دەیکا بە تۆفانێکی پڕ رق و کینەی ترسنۆکی و پەلاماری هەموو بەهاو ئازایەتییەك دەدات و رایدەماڵێت. هەرچی ئازایەتییە دەیسڕێتەوە. ئیدی قەدەری خەڵکی ئەم دەڤەرەیە؟ گەوجێتییە؟! هەرچییەکە وا ئاوایە. بە بیرەوەری من، باب و باپیری من، هەر شەڕەو نەبڕاوەتەوە.. ئاخر تەمەنی بەشەر چەندە تا بەم بێ رەحمییە بکرێت بە ئاگری شەڕدا و بڵێسەی پێ بدات!.

ئەوجا وەکو کەسێك تاك بکەوێتەوەو خۆی بدوێنێ، گوتی: ژیان زۆر کورتە، بەشی ئەوە ناکات مرۆڤ فێری زمانی ژیان بێ، هەرسی بکات، شارەزایی لێ پەیدا بکات. مرۆڤ هەر بە منداڵی دەمرێت. بۆیە هەر رەفتارێکی دەگریت هەر نەفامانەیە،... کاتێ بێدار دەبێتەوە مەرگ بەر دەرکەی پێ گرتووە.. ئەوە بوو جەستەم لە تاریکایی ئارەزوویەکی سەر شێتدا، گەرای مەرگی دەخست، غەرق بووم، غەرق بووم لە غەرقبوونا... ژیانم چۆڵ بوو، تا چاوی خەیاڵ هەتەر دەکات، هەر چۆڵی و چۆڵەوانی، غەریبی لە چۆڵەوانی رۆحم ئالا، بووم بە خواوەندێکی ئاوەدان و تەنیایی تێم ئالا، نەخۆم و نە ئاینەکەم باومان نەما، ڤیروسیا لە خۆم، بریا هەر ئاینەکەم باوی مابا، لە ئیحتوبار نەکەوتبا، ئیدی خەڵکی بە تۆبزی زیندوویان دەکردمەوە. دوای ئاینەکەم دەکەوتن، ئەمە چ خوایەتییەکە، رۆژگاری بگاتە ئەو رۆژەی کەس دووی نەکەوێت.. مەسەلەکەم دژوارە، دەردی بێ دەرمانە، گیرۆدەی خۆم بووم. تەوقی خۆمم لە گەردن ئاڵاوە... کەنگێ لە خۆم رزگار دەبم. ئەم خۆمە سات بە سات زیاترم دەلەوتێنێ. رەنگە ئاوی هەموو دنیا پاکم نەکاتەوە.. مەگەر هەر پیسی، پیسی ببڕێت. لوقمانی دانا چی بێ لە تۆ نهێنی. جارێکی دی شەڕ لە باڵای ئەم دەڤەرە نیشت. جەناب هەر دەڤەرێك بە شتێکی مەنشورە، لەوەتەی من

فامم کردۆتەوە، لەوەتەی دەبیستم، لەوەتەی بۆم دەگێڕدرێتەوە، ئێرە کانگەی هەڵهێنانی دیکتاتۆرو خاینان بووە. خەڵکەکە بەڕادەیەك دەقیان پێوە گرتووە، ئەگەر بەڕێکەت بۆ ماوەیەکی کورت ڕەفتاری خاینانەو چاوی دکتاتۆریانە وون بوو، خەڵکەکە خۆبەخۆ دەکەونە سۆراخیان، زندوویان دەکەنەوە، بە بیللا زندوویان دەکەنەوە.. عادەتە هەر شتێك بوو بە خوو و عادەت ئیدی نەك ویژدان نابزوێنێ بەڵکو ویژدان و هۆش بەنج دەکات.. ئاخر پێم ناڵێیت تەمەن چەندە تا بەرگەی ئەم هەموو پەشیمان بوونەوەیە بگرێت. تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت، عەیامێکی زۆر هەوڵبدە، متمانە بە دروستی هەڵوێستی مرۆڤانی خۆت پەیدا بکە، ئەوجا لە پڕ بگەیتە ئەو قەناعەتەی کە لەوەتەی هەی هەڵخەڵەتێنراوی، دەی مرۆڤ شیری خاوی خواردووەو خۆی بە فەرامۆشی دەسپێرێت، ئەوجا بکەویتە خۆ هەڵخەڵەتاندنی بەکۆمەڵ.

بەهەرحاڵ شەڕ دەستی پێکرد. براکەی منیشی راپێچ کرد.. لوقمان دەغیلە، فریام بکەوە. ئەو هەموو دەنگە چییە لە مێشکم هاڕوژاوە. ئەوەتا دەڵێت:.. ئەشقی راستەقینە وەکو قۆزاخە خاوەنەکەی لەخۆ دەگرێت../ .. ئەوە دەنگێکی دیە:.. زۆرجار لەماڵ وەدەر دەکەوت. دەمانگوت چ قەیدیە دڵی تەنگە.. / .. دەیپارێزێت، مەگەر مەرگ ئەو قۆزاخەیەی لێ داماڵێت../ .. با لەو دەشت و دەرە خەمی خۆی بەبا بدات../ .. جۆرێك لە گەورەیی بە مرۆڤ دەبەخشێت و بە ئاسانی ڕام نابێت../ .. وردە وردە گومانمان لێ پەیدا کرد.. / .. کەوتە بوختان بۆ کردنی، ئەی چۆن بچووکی خۆی وەشێرێت!.. / .. تومەز دەستی دەگەڵ بێگانە تێکەڵ کردووە.. / .. لە تاریکە شەوێکی ئەنگوستە چاوا، دوور لە ئاوەدانی.. سەنگەسار کرا.. / .. ئیدی سەربەرزی خۆمان پێ گەورەتر بوو لە مانی ئەو.. / .. لە چۆڵەوانی و لە بن کەڵەکە بەردان جێهێڵرا، شەرەفی ماڵباتێك کڕدرایەوە!.. / .. سەنگسارمان کردو لێی گەڕاین.

ئامان لوقمان، دەستم دامێنت. ئەو دەنگانەم لێ دەربکە، کوڕە حا! ئەمە چ کافرسانییەکە! مردن لە کوێی؟! ئای کە بەلەزەتە، لەزەتی مەرگ لەوەدایە، ئیدی تۆ بیر ناکەیتەوە، خۆزی ناخوازی، بۆ هەتا هەتایە دەنوویت. گەر هەڵشوەڕێی، رەنگە هەر گەردیلەیەکت ئاوێتەی شتێك بێت، ئیدی تۆ نیت. کەسانی دی بە خوت و خۆڕایی لە جیاتیت بیر دەکەنەوە، ئەگەر فریا بکەون! خۆزیا دەخوازن، ئەگەر خۆزیایەك هەبێت.

نیگای پڕ تەم و مژی توڕدایە بەر پێی براکەی. زەبوونانەتر لە زەبوون، زمانی بە وشە دەسپارد.. لوقمان، لوقمان.. ژمارەی خەڵك زۆر بووە، فریشتەی مەرگ تەنیا باڵەو فریا ناکەوێت، ئەمەش جۆرە فێڵ و دەهۆیەکە بۆ سوالکردنی چەند رۆژێك تەمەنی زیادە.. ئەگەر فریشتەی مەرگ ئاقڵ بێ، ژنان و پیاوان نەزۆك دەکات. ئەگەر لەم ساتەوە ئەمە بکات، ئەوا تا هەشتا ساڵێکی دی، تاك و تەرا مرۆڤ دەمێنێ. باری سەرشانی زەوی سووك دەبێت، بە ئەقڵی من ئەمە جوانترین جەنگە، نە مەسرەفی تێدەچێت و نەهیچ، ئەمە جەنگێکی حەڵاڵ حەلاڵە. با زەویش پشوویەك بدات. دوای هەشتا ساڵی دی کۆمەڵێك پیرو پەککەوتە شەڕ بە ژیان دەفرۆشن. ئاخ مردن لە کوێی؟!

لە پڕ شەقژنێك هاتە گوێ. براکەی گوڵمحەممەد لە بێدەنگیدا غەرق بوو. شەقژنەکە هەر لە شەقەی باڵی تەیران دەچوو. لوقمان غەرقی روناکییەکی سامدار بوو. بە ئاستەم لێوەکانی لەبەر یەك هەڵێنان: باڵندەکە فڕی... دەی نەخۆشەکەتان ببەنە دەرێ.

(3)

لوقمان، ئازای گیانی بوو به گویّ، تینووی بیستن بوو، نەك هەر بە قسە، بەڵكو ئامادە بوو بە بەهای گیان ورتە ورتێكی نا مەفهومیش بكرێت. لەبەر خۆیەوە: ئەمە چ سرپێكە! مرۆڤ بە مەرگی یەكدی دەژین و بە ژیانی یەكدی دەمرن. كێ سەر لەم لێكدی فەنابوونە دەردەكات! بە دەنگێكی غەریقی گریانی بێدەنگ گازی كرد: كوا ئەو ئافرەتە بێننە ژوورەوە.

- دەی نەخۆش، تۆ سروشتت شێواوە، كاری لە گیانت كردووە، تەنیا یەك شت چاكت دەكاتەوە. بێ پێچ و پەنا دان بە دزێوترین كاری خۆتدا بنێ.. خۆت بۆ ئەم بەردە رووت بكەوە، هێدی هێدی خۆتی بۆ بگێڕەوە، تۆ ترساویت، دەبێ ترست دەربكرێت.. تەنیا بەو جۆرەش ترست دەردەچێت. خەمت نەبێت، تەنیا بەردەكە گوێی لێت دەبێت و ئەویش مەحرەمی رازە، رازان دەبیستێ، نایگێڕێتەوە..

بە كەساسییەوە لێوی لەبەر یەك هەڵێنان و گوتی: لوقمان، جەناب، چی بێ لە تۆ نهێنی، ئێوارە وەختێكی درەنگ، مێردەكەم لە بازرگانی هاتەوە، میوانێكی لەگەڵ خۆی هێنابوو. ئافرەتێكی شۆخ و شەنگ بوو. نیگای غەرقی سەربەستی بوو. زۆر بەلەز لەگەڵمان تێكەڵ بوو، وەكو یەكێك لە خێزانەكە رەفتاری دەكرد. ئەمەم زۆر لەبەر گرانبوو. ئاخر میوان، میوانیان گوتووە. ئەو لە خاوەن ماڵ سەربەست تر رەفتاری دەكرد. گومان دزەی كردە ناو رۆحم، ناشێت مێردەكەم بە دزی منەوە مارەی كردبێت! ئاخ كە پیاو سپڵەیە، چەند خۆتی بدەیە بەر هەر كە تەواو بوو، دەبێتەوە بە هەرزەكارێكی هیچ نەدیتكە، هەر تۆپەڵە قژێك بدێنێ ئیدی حاویچ دەبێت، ئاڵۆشی تێدەكەوێت و دانامركێتەوە.. ئافرەتەكە بێدەنگ بوو..

★ ★ ★

پێدەچێت ئیعتراف كردن ساری بێت. كەسێك لە كەسێكی دییەوە بیگرێت. ئەوەتا دەنگێكی دی لەودیو ژوورەكەوە، وەك بە دەم شنەی باوە بێت، دێت و خۆی وەناو قسەكانی سارادا دەكات: من مەحكومی ئیعدام بووم. ئافرەتێكی غەوارە، لە رێگەی نادیارەوە هات بەسەردا، هۆی ئیعدام كردنەكەی پرسی بووم، كە زانیبووی مەسەلە قەرزارییە، قەرزەكەی بۆ دابووم و رۆیی بوو. رەها كرام. زۆرم پێ سەیر بوو، ئافرەتێكی رێبوار، قەرز بۆ بەندە بداتەوە، نەخێر ئەم ماستە موویەكی تێدایە، مەگەر هەر ئەشق كاری وا بە مرۆڤ بكات. چووم بە دویدا، پرسیار، تاقیب، لێرە بۆ ئەوێ، دۆزیمەوە، یەخەم گرت: تۆ بۆچی ئەم كارەت لە پێناوی مندا كردووە، هەبێ و نەبێ حەزت لێكردووم و ئاشقم بوویت زۆری گوت: دایكت چاك، باوكت چاك، خۆ رێگەی چاكە نەگیراوە. من كەسێكی دی لە هەناوی سۆزمدایە، لێم گەڕێ بە دەردی خۆمەوە. بێ سوود بوو...

(4)

ئافرەتكە بێدەنگ بوو. لوقمان گوتی: بەردەوام بە. ئافرەتەكە گوتی: ئاخر دەنگێكی دی، دەنگی پیاوە، لە دوورەوە، وەك ئەوەی شەپۆلی با دەگەڵ خۆی بیهێنێ، تێكەڵ بە دەنگی من دەبێت. لوقمان گوتی: گوێی مەدەیێ بەردەوام بە...

... بەڵێ جەنابی لوقمان، ئا لەو ساتە لە جڵەو نەهاتووانەدا پیاو خۆی بە ئاوو ئاگردا دەدات، هەرچییەكی بەسەر دێت لەو كاتانەدا بەسەری دێت. كورێكی پاڕۆكەمان هەبوو. ئەم ئافرەتە خووی دایە منداڵە، منداڵیش هۆگری بوو. لە باوەشی ئەو ژنەدا نەبوایە نەدەخەوت، لە تۆ وایە دایك و فرزەندی راستەقینەن. چپ لێوەشێرم. دەهری بووم، هەر پرتەو بۆڵەم بوو: ئەمە چ بەڵایەك بوو، چۆن لێی رزگار بم..

دەنگەكەی دی: ... بێسوود بوو. كردم بە كۆیلەی خۆم.. لەم كوفرستانەدا، لەم بەردستانەدا، ئەقڵ هەر بەرد، ویژدان هەر بەرد، سۆز هەر بەرد، مێژوو هەر بەرد، لەم دەڤەری بەرد پەروەرییەدا، لەوەی پتر چاوەنۆڕی چ دەكرێت. بردمە باژێری كۆیلە فرۆشی، هەرزان فرۆشم كرد. لە پاپۆڕ بار كرا، هەر كە ئەو باركراو ئەسپاردەی رێگەی نادیار كرا، خورپەیەك وەنێو دڵ و دەروونم كەوت، تا رۆژم بەو رۆژگارە گەیی كە بە چاوی خۆت دەمبینی. لە پێستی خۆم نا هێورم، نازانم چۆن لە خۆم رزگار بم، نایەڵێت بحەوێمەوە، گۆڕی جەستەم لەوە ئاڵۆزترو جەنجاڵترو لەوتاوترە كە خۆمی تێدا بدۆزمەوە. كوانی رۆح لەوێندەر پاك دەبێتەوە... موستەهەقم، گوتیان: دەست لە كەڵەشێری سپی نەدەی، دام. گوتیان: گوڵ لە چڕەپكان هەڵمەبزڕكێنە، هەڵمبزڕكاند. گوتیان نانی تیری مەشكێنە، شكاندم.. بەگژ غوربەتی خۆمدا چووم، بەڵام بێهوودە، تاراوگەی ژیان هێندەی دی تەرەی كردم. دەرەقەتی غوربەتی خۆم نەهاتم و ئەوەتا لەم گۆڕستانی جەستەیەم دا، روحم لێ ونبووە.

دەنگەكە نەما. لوقمان لەبەر خۆوە گوتی: پەلە مەكە، من پاشماوەی قەدەر و چارەنووسی ئەو ئافرەتەت بۆ دەگێڕمەوە.

((5))

... ئەمە چ بەڵایەك بوو، چۆن لێی رزگار بم. ئەم منداڵە بۆچی بەم ئاوایە هۆگری بوو! نا، دەبێت لە كۆڵی خۆمی بكەمەوە... شەوێك، ئای كە لە شەو دەترسم لوقمان. شەوێك خزیم، وەكو ماری بێ ئیجازە خزیم، بۆ ناو باوەشێكی دایكانە خزیم. لەو ئامێزە پڕ میهرەدا، جگەرگۆشەكەی خۆم گۆشاوگۆش سەربڕی، جگەرگۆشەكەی خۆم لە قەبێڵی پاكیز كرد، ئەو ئافرەتە بە خۆی دەگوت پاكیز. گەڕامەوە ناو جێگەكەی خۆم. هەستم دەكرد لە ناو خۆمدا جێم نابێتەوە.. بەیانی شووەكەم رابوو كە بە دووی كارو كاسبی خۆی بكەوێت... بەر لەوەی لە ماڵ وەدەر بكەوێت وەكو هەمیشە داوای كرد كە منداڵەكەی بۆ بەرم و هەندێك گەمانی لەگەڵدا بكات و چاوو دڵی خۆی پێ روون بكاتەوەو ئەوجا دووی كارو كاسبی بكەوێت.. زۆرم بیانوو بۆ هێنایەوە كە واز بێنە، منداڵەكە خەوەكەی خۆشە، با گرومان لێ نەگرێت.. مێردەكەم هەر چاوەنۆڕی كرد تا منداڵەكە بە خۆی خەبەری بێتەوە.. سەبری سوا. ئەوجا دووپاتی كردەوە:

- ژنەكە بڕۆ منداڵەكە بێنە.

چارم نەما، بێ خشپە خۆم وە ژوورەکەی پاکیزدا کرد، هاوار گەرووی فەتح کردم. شووەکەم بکێشی دەنگم بوو. بە زۆری من و بە نەبەدڵی هەندێك گەڕاین، کێردێکی گەورەی خەڵتانی خوێن، کە من لە جلەکانی پاکیزدا دامنابوو، گەواهی قەتڵێکی نادیاری دەدا. پاکیز بەوپەڕی خەمساردییەوە گوتی: من نەمکوشتووە. خۆم لێ سوور کردەوە ئەدی کێ کوشتوویەتی؟! پاکیز ورتەی نەکرد. شووەکەم گوتی: ئیرادەی خوایە، هەر ئەوەندەی بە ئێمە ڕەوا دیتووە، چار نییە دەبێ بینێژین و شوکرانە بژێر بین.

ئەوجا بە چپە گوتی: ژنەکە من پاکیز لەگەڵ خۆدا دەبەم و لە چۆڵەوانییەك دەیکوژم و دەگەڕێمەوە.. بە جووتە و بە سواری دوو هەسپان لە شار وەدەر کەوتن.. پاشان مێردەکەم هاتەوەو گوتی: هەر بەینی خۆمان بێ کوشتم و بڕایەوە.. بەڵام روحی من، دڵی من ناحەوێنەوەو دەڵێن ئەو ئافرەتە زیندووە، زۆرجار بە خۆی و ئەسپێکی سپی وەکو چۆڕی شیر، شمشێرێکی بە دەستەوەیە، هێندە بە برسیك و هۆڕە، هەترەشی مرۆڤ دەبات، بەو ئاوایە دێتە بەرچاوم، دەڵێت من هاتووم، ئیزنم پێیە و دادگایی گوناهباران دەکەم.. دەمەوێ پڕی بدەمێ، کەوشە شڕەکانی پای ماچ بکەم، کەچی ون دەبێت، کەس نازانێت عاردی قووتی دەدات، یان ئاسمان هەڵیدەکێشێت.

سارا، کەوت. زمانی لەگۆ کەوت. لوقمان لەبەر خۆوە، ئەم سەربورە بۆ تۆش تەواو دەکەم.

((6))

لوقمان: گوێ بگرە نەخۆش. گوتت لە باژێری کۆیلە فرۆشیدا هەرزان فرۆشت کرد. لە پاپۆڕ بارکراو ئەسپاردەی ڕێگەی نادیار کرا. خورپەیەك وەنیو دڵ و دەروونت کەوت. ڕۆژگارت بەم ڕۆژگارە گەیی.. جا چاك بزانە پاپۆڕەوانەکە شەوێ خۆی تاقی کردەوە، بەڵام بێ سوود بوو، پاکیز خۆی بە دەستەوە نەدا، پەیمانی بە خۆی دابوو، پەیمان هەڵوێستێکی ئەخلاقییە، ڕۆح تێر دەکات، مرۆڤانی مرۆڤ وەختێ کامڵ دەبێت کە ڕۆحی تێر بێت. ئەم زەلکاوەی مرۆڤایەتی تێی کەوتووە و خۆی تێیدا پاگیرە دەکات، بەرەنجامی برسێتی و برسی کردنی ڕۆحیەتی!... کابرای پاپۆڕەوان لەسەندووقێکی ناو لە دەریای هاویشت.. نەدەچووە هیچ ئەقڵێکەوە جارێکی دی بژی و لە دنیادا بمێنێ. ژیان پڕە لە ڕێکەوتی باوەڕ نەکردەنی. لەو دەمانەدا بابایەکی راوچی خەریکی راو دەبێت، تۆڕی هەڵداوەو بە تەمای ماسییانە. تۆڕەکەی هەڵدەکێشێت، تەماشا دەکات سەندووقێکی گەورەی پێوە بوو. لەبەر خۆیەوە گوتی: ئۆیف، ئۆیف، شتێکی چاکە، بە دیاری دەیدەمە حاکی شار، خۆ ئەویش بە شەرە، ئەقڵی هەیە، بلێی خەڵاتێکی باشم نەداتێ! گەییە شار، سەندووقەی لە عەرەبانەیەك بار کردو کۆشکی حاکم خۆت بگرە وا هاتم. کابرای راوچی بەرێکرا. دەست و پێوەند سەندووقەیان کردەوە. چ ببینن؟

ئافرەتێکی جوان و جاحێڵ، ژیانی لێ هەڵدەقولا، تەنانەت دەریاش نەیتوانی بوو دای بمرکێنێتەوە! حاکم گازیکرد:

حاڵ و حیکایەتی تۆ چییە؟

پاکیز دەڵێت: تکایە وازم لێبێنە، با رابردوو بنێژین و هەڵینەدەینەوە. مرۆڤ گیانی بەوەیە کە بۆ خۆی گۆڕێکی قوڵەو ساتەکانی خۆی لە خودی خۆیدا دەنێژێت، دەنا دڵی لە ژیان دەتۆراو قەت بەرگەی ژیانی نەدەگرت. حاکم کە دەبینێ قسەکانی بەجێن، وازی لێدێنێ و ژوورێکی بۆ تەرخان دەکات.

(7)

لوقمان هەناسەیەکی هەڵکێشا: سارا لەگەڵ تۆمەو گوێت لێبێ. گوتت: ون دەبێت. کەس نازانێت عاردی قووتی دەدات یان ئاسمان هەڵیدەکێشێت نەخێر، نە عاردی قوتی دەدات و نە ئاسمان هەڵیدەکێشێت... مێردەکەت لەگەڵ پاکیزدا لە شار وەدەر کەوتن، گەیینە چۆڵەوانییەکی دوور، پێی گوت: من دەزانم تۆ منداڵەکەت نەکوشتووە، بەڵام تۆ دەبێ بڕۆیت، گەردەلوولی کەرب و کینەی ژنەکەم بەو زووانە نانیشێتەوە. ئەوەی دەستی بچێتە خوێنی منداڵێك، دەستی دەچێتە خوێنی گشت تیرەی بەشەر. با تۆش نەکوژێت. هانێ ئەو کیسە پارەیەش لەگەڵ خۆتدا ببە، ڕەگە بە کەڵکت بێ.. ئیدی مێردەکەت گەڕایەوە بۆ ماڵ و وای تێگەیاندی کە پاکیزی کوشتووە و بڕایەوە.. ئەسپەکەشی لەگەڵ دا کوشتووەو ناشتویەتی.. بەڵام پاکیز و ئەسپەکەی خۆیان بە ڕێگەی نادیار سپارد. گەییە ئاوەدانییەك، ئاپۆرایەکی زۆری بینی، چووە پێشێ. بینی هەموو سەرقاڵی کابرایەکی مەحکومی ئیعدامن. لە پەناوە لە یەکێکی پرسی: - لەسەر چی ئیعدام دەکرێت.

- قەرزارە، خاوەن قەرزان شکاتیان لێکردووەو ئەویش نییەتی قەرزەکەی بداتەوە.
- جا چ قەیدییە، خۆ خاوەن قەرز قەرزاری نەکوشتووە؟
- وا ئەم جارە بەخت و یەغبالی ئەم نەگبەتە، دەیکوژێت.
- باشە ئەگەر بیداتەوە، ئیعدام ناکرێت؟
- نەخێر، دەیبەخشن.

پاکیز قەرزەکەی بۆ دەدات و ملی ڕێگەی نادیار دەگرێت. باقی سەربورەکەشی ئەو دەنگە بوو کە تێکەڵ بەدەنگ و قسەکانی تۆ دەبوو... ئەوە بوو حاکمی شار ژوورێکی بۆ تەرخان کرد.

پاکیز چووە خەڵوەتی خودی خۆیەوە. هەستی کرد بەرە بەرە بەهرەیەکی شەفابەخش لە ناخی ناخییەوە قوڵپ دەدات و لە سەرهەڵدان و تەقینەودایە و دەیەوێت خۆی بنوێنێ، بەهرە جڵەو ناکرێت. ئیدی حاکم پاسەوانی بۆ دانا. پاکیز جلکی پیاوانی لەبەر کرد، کەوتە کاری لوقمانی. ناوو شۆرەتی بە هەر چوار نکالدا بڵاو بووەوە، دەست سووك، روح سووك، دەم و لەبز لە هەنگوین شیرینتر و تا حەز بکەیت شفابەخش.

جا ئێستا تۆ ئەو پاکیزە ببینی دەیناسیتەوە، فەرموو چاو لە دوڕ چاوانم ببڕە...

چاوی لە چاوانی بڕی، سیحری نیگای بەنجی کرد. لوقمان لەبەر چاوی ئەو بەرە بەرە چووە پێستی کەوێکی زۆر جوانەوە، ناسییەوە. ویستی هاوار بکات، پڕی بداتێ، بەڵام پاکیز لە پێستی کەودا لە شەقژنی باڵی دا و لە بەندەنەکەی بەرانبەریاندا نیشتەوەو دوو جاران بای باڵی داو کەوتە خوێندن. خوێندنێکی هێندە بە جۆش، هێندە بە خرۆش لە تۆ وایە بەسۆزترین گەرمەشینە و پێشوەختە بۆ مەرگی خۆی دەیگێڕێت.

هەولێر - 2002/5

## سێبەری دەنگ

### دەنگ

زەردەپـەڕی ئێـوارەی $5/2$ بـوو. لەگـەڵ چـەند دەسـترێژێکی چـاوەڕوان نـەکراودا، هـەزاران خۆزگـە هەڵوەڕین.

شتێك لە ناخی میـنادا هەرەسی هێنا. ئەو چەند دەسترێژە ناوەختە درێژەیان کێشا.. هەموو شوێنێکیان گرتووە... لانەیان بە رۆح چۆڵ کرد

⋆ ⋆ ⋆

سـەعات یـازدەی شـەو بـوو گونـد لـە ژوانـی خامۆشـیدا غـەرق بـوو بـوو. لـە دەرگـا درا. "م" لـە جێگـە دەرهێنـرا، دەسـترێژێك، تـاکو ئـەمرۆش لـە روحـی مینـادا، بـە گڕیانـدا دەچـێت، شـەپۆل هـەر دەڕوات و دروێنەی ژیان دەکـات. مینـا هـەر ئەوسـا هەسـتیکرد، لـە چـەند سـاتێکدا بـە ئەنـدازەی هـەزار سـاڵ پـیر بـوو... پـیری و تـەنیایی هاوتـای یەکـدین. روحـی لاولاو ئاسـا لـە درکـەزی تـەنیایی ئـاڵا.. مـرد. بـوو بـە لاشـەیەك. بـۆنی تێگـەڕا. تـەنیایی وەکو دارو بـەرد تێـی وڕوکـا. بـوو بـە خەنجـەرێکی کـول کـوڵ، دەمـی ژەنـدە روحـی، تێر نەدەبوو و نەدەبوو. وەکو شوشـەیەك لـە نـاوی نـاوەوە شـکا. وردو خـاش بـوو. بـەهیچ شتێك کۆ نەدەکرایەوە. هەستی کرد ژیان باری کرد، رۆیی... ئـەمیش دەسـت دەسـت لـە تـەنیایی خۆیـدا دەتوایەوە. هێشتا ئەوەی بیر مابوو کە بەر لە دە مانگێك گیرۆدەی یەکەم نیگا بوو. عەشـق روحـی فـەتح کرد.

### دەنگی یەکەم

دەمی مینا زاری رۆحی تینوتت بنێ بە فێنکایی سـێبەرەکەمەوە، دەنـا بـەم زوقمـە شـەوە، کـە فرمێسـکت لێ قەدەغەیە، نیگات دەیبەستێ، فرمێسك بار دەکـا، دەتـۆرێ، پاکبونـەوە نـامێنێ، دەی خـۆت، روحـت لـە سێبەرەکەم هەڵکێشە، دەی خۆت بسمیل بکە، دەدەی چاوەنۆڕی چیت!.. سـێبەرەکەم بپێچەوە، بیکـە بـە وڵاتی خۆت، دەتوانی وەکو جانتـا بـۆ هـەر کوێـت بـوێ دەگـەڵ خـۆتی ببـەی، تـەنیا لەوێنـدەر جەسـتەت دەهێوڕێ، روحت ئارام دەگرێـت. دەگاتـە ترۆپکـی لـەزەت، عـەودالی نـەمری دەبێـت و بـۆ خـۆی مـژوڵ و سەرقاڵ....

دەنگ

هەرکە بەرایی لەشکری مرۆڤدژی خان فەخری خان گەییە ئەوێندەر، یەکسەر لە کونی ژوورەوە دەریان هێنا... کرا بە نێچیرێکی غەدر لێکراوی خەڵکی گوند. هەر ئەوان کردیان بە بەڵاوەگێڕی خۆیان... بەو زوقمەشەوە لە ناوەندی گونددا پێستیان گروو، کایان تێئاخنی، ئەوی پێستگورواو ئەم پێ و ئەو پێی دەکرد. بە دەم ریتمی ئازارێکی بێڕەزاوە دەڕەقسی.. دیار بوو کە رەقسی مەرگە، یان مەرگی رەقسە، لە تۆ وایە بەپێی پەتی بە سەردەمی گوێزاندا دێت و دەچێت دەتگوت بۆیە وا دەکات تا ئۆق لە زار نەیتە دەرێ. ئای کە حەزی دەکرد، نیگایەکی مینا بکات، لێ نەدەوێرا... نەبا ئەو دوا نیگای ئەشقەی بکوژن و ئیدی تۆوی ئەشق لە ولاتدا ببڕێتەوەو ولات ببێ بە چۆلگەیەکی بێ ژیان و ژیار.. نەبادا بەوهەیڤە شەوەی ئەم زوقمستانە سێبەرەکەی تالآن بکەن و ئاوێتەی روحی مینا نەبێت.

دەنگی دووەم

گێلینە، ئاخر ژنی بێ مێرد، وەکو گیا سیس دەبن، دەپوکێنەوە، مەمکیان دەبێت بە هەرمێ سیسەی بارِنی بێگیان، سمێلآن دەردەکەن، گەرمیان نابێتەوە،. بە تایبەتی زستانان، مێیاتیان گشت لە گشت دەسڕێتەوە. دەبنە کارگەی منداڵسازی و بەس. ئاخر بۆ ئەم گەوجێتییەتان کرد. هاکا دنیا غەفی تاریکی بوو. عەشق باری کرد. ژیان لە سکوزا کەوت. ئیدی دڵڕەقی دەڕوێت.

دەنگ

کۆتەڵی مێردەکەی لەبەر چاوی خەیاڵی بەرجەستە دەبوو، دەهاتە زمان، هاواری دەکرد: کەسێك کە پێ بە کۆت و زنجیر لە قەفەز نرابێ، پەڕو باڵ بە چ دەچێت! هێندەی دی مرۆڤ نائومێد دەکات. ئەوە نائومێدی گەورەی پێدەگوترێت

دەنگی یەکەم

دە خێراکە دەی، من لەبەر خاتری تۆیە کە نامرم، خێراکە سێبەرەکەم هەڵگرەوە، لە خۆتییەوە بپێچە، دەنا پێ بحەسن بە تالآنی دەبەن، هەرزان فرۆشی دەکەن. ئیدی دەبن بە گەپچاڕی ئاشنا و بێگانە، درەختی ژیان زڕ دەبێت، بەر ناگرێت، ژیان دەمرێت! ئا هەرزان فرۆشی دەکەن، بە کێ؟! بە ئەهریمەنی دەفرۆشن.

دەنگ

ئەوجا تا هێز لە لاقیدا بوو پێی وەغارێوەنا.. ئازارەکی بەرجەستە دەکرد.

دەنگ

خەم و خەفەت وەکو خۆرە جەرگ و دڵیان دەخوارد.. گوێی بە دەنگێکی ئاشنا دەزرینگایەوە: کەسێك کە یەکەمین خزین لە راستە ڕێ دەریکرد، خێرا لە کوێرە رێگایاندا وێڵ دەبێت. سات بە سات پتر روو لە لێژی دەکات. چ ئەستێرەیەك نایهێنێتەوە سەر راستە رێگا، رۆ دەچێت. دەبێت بە کانگای بوغزو تۆڵە.

دەنگی دووەم

شەوێکی سامناك، با دەیلوراند، بارانەکەی دەگەڵ خۆیدا گێژ دەدا. لە تەنیا تەنیاتر، ترسم لە نوێنە ساردو سڕەکەم پەیدا کرد..
دەمویست ئەو تەنیاییەم بنێژم، لە ناخی دڵمدا ناشتم، دامپۆشی، بەخۆم دامپۆشی، روحم بە سەریدا دا.. دڵم تێك هەڵدێ پیری وەکو دزێکی جەربەزە دەمڕفێنێ.. ئەوەتا رۆژانە لەوتانی روح چەشنی شەپۆلی لاسار بەرەو قولایی خۆ هەڵخەڵەتانـدنمان دەبات، درۆ، دوو زمانی و بوختان بووە بە ڕۆژانە وەرزشی دەرونمان،، ئیدی نۆرەی مەرگە مەرگ..

دەنگ

پیاوانی خان فەخری خان هاتن. شەوێکی درەنگ بوو، هاتن، ریتمی دەنگیان، رەفتاریان دیار بوو. ترسنۆکییان لێ دەباری.. دەنگی پێی ترسنۆکییان سەعاتە رێیەك دەرۆیی. هەر بەوەدا دیار بوو کە کەتنێکیان لەبن سەردایە، بۆنی ترس بەو ناوەدا بلاوبووەوە، تاقە کەسێك لەو شارە دێیەدا لە جێی خۆی نەبزووت، ترسنۆکی گرتبوونی! چۆن نەیانگرێت، هەر خۆیان ئەو داوەیان بۆ "م" نابووەوە، دەبوایە وا بکەن، "م" وەکو ئەوان نەبوو، هەر ئەم جیاوازییە سەری خوارد، سەر ئەوی خواردو رۆژی مینا بەم رۆژگارە گەیی.

دەنگ

ماڵەکەی چۆڵکرد. غەیب بوو. کەس نەیزانی کێوە چوو. کەس نەیدەوێرا بەلای ماڵە چۆڵ و هۆڵەکەیدا بچێت "ماڵی چۆڵ سامدارە. دەڵێن روحی "م" پاسەوانی دەکات" چ شتێك هێندەی روحی مەزڵوم دڕندە نییە، نەکەی خۆتان لەو ئاقارەی بدەن.

دەنگ

هەر پاش کوژرانی مێردەکەی سەرمایەك چووە لەشییەوە، وەکو تەم لە دەوری روحی ئالاو دەرنەچوو و نەچوو، دەڵێن کە مردیش هەر بەو سەرمایەوە مرد.
غەیب بوو، عەودالی پیاوێك بوو کە ئالۆشی ئارەزووە هەلایساوەکانی دابمرکێنێتەوە. پیاوێك تینوێتی خۆی بەو بشکێنێ و تینویەتی ئەو بە خۆی پاراو بکات. "م" یان پێ رەوا نەبینی، دوایان دەبڕێت، تۆڵەی مێیاتی لە نازخراوی خۆی دەستێنێ.. ئەو کەرو گایانە بۆچی باشن!... ئاخر ژیان بەبێ خۆشەویستی مانای نامێنێ، لە گرێژەنە دەردەچێت.. دەبێ بە شەڕو شەڕگەیەکی بێ بڕانەوەو کۆتایی.

دەنگی دووەم

... نازانن هەرچی ژانی ئەو دنیایە هەیە لە گوینە لە قوڵپی ماچێکی گەرمدا بتوێتەوەو نەمێنێ.

دەنگ

ئەگەر گیانێك رەگی لە خاکی عەشقدا نەبێ، لە ژیان ناگات... دوایان دەبڕێتەوە، هەر شەوەی یەکێکیان دەفڕێنێ، تا تاقەتی دەچێت خۆی پێ گەرم دەکاتەوەو ئەوجا دەیخەسێنێ، لەبەردەم ئاواییدا هەڵیدەواسێت و غەیب دەبێت... هەر دەڕوات و دەگرمێنێ، دەبۆڵێنێ، دەشت و چیا دەنگدەداتەوە، ئەمانە دژمنی روناکین، خەتەرن، دەیانەوێ هەموو دنیا لە ژیانە مەرگیدا غەرق بکەن. گوناحکارن "هەر شوێنێ لە گوناحی گەورەدا غەرق کرا، ئیدی ژیان لەوێندەر وشك دەکات، تەڕایی تێدا نامێنێ.

دەنگی یەکەم

ئەم دەوروبەرە دارستانێکە لە ژنانی خەمین، چاوانی درشتیان لە ئاسمانی بێ هیواییدا، وەك بڵێی تامەزرۆی نیگابن، نیگای دنیایەك کە بە حاڵ نوزەی نێرایەتی تێدا مابێ، حەیف بۆ ئەو دارستانە ژنە، کە خەریکە لە چاوەڕوانیدا ووشك دەکات. ئەی نابینی چۆن پیری دزە بۆ سیمایان دەکات.. سەرو قژیان لە تۆز نیشتووە، بەوەی چاکە نائومێدی هێشتا بە تەواوەتی فەتحی نەکردوون..

ئەوەتا لە دڵی خۆدا هاوار دەکەن: تەنێ خۆشەویستی و ئەشق کۆڵەکەی ئەم ژیانەیە.. هەرگیز کوشتن و بڕین یاسای ژیان نەبووە، کە کوشتن و بڕین بووە یاسای هەر دەڤەرێك، مێیاتی لە وێندەر بار دەکات، هەنگینێ ژیان دەخەسێت و هیچ بەرێك ناگرێت..

دەنگ

بنیادەم شیری خاوی خواردووە. زۆرجار لە پێناوی وەدەست هێنانی شانازی ساختەدا تووشی سەرگەردانی و گومڕایی دەبێت. مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیرە، هێندەی لەزەت لەخۆ فریودانێ دەبینێ، لەزەت لە راستی و حەقیقەت نابینێ! بڵێی ئەمیش یەکێك بێ لەوان، نا، مینا دەزانێ چ دەکات. دەیەوێت تۆڵەی مێیاتی خۆی بکاتەوە، ئەو مێیاتییەی لە  لەزەتی ویساڵ مەحروم کرا..

دەنگ

ئەوجا تا هێز لە لاقیدا بوو پێی وەغارێوە نا ئازارەکەی بەرجەستە دەکرد.

دەنگ

لەو شەوە بەدواوە ئیدی ترس لە ئاوایی نیشت.. پیاوان زاتیان لە دەست دا. هەر شەوەی یەکێکیان دەفرێنرا.. چ سامێکی هەیە ئەم فڕان فڕانە!..

ئیستا شەوە، دەنگی پێ دێت. خامۆشی تاریکە شەوەکە دەخواتەوە، ئەگەر چی دەنگ بۆخۆی ئاوەدانییە. سەرگەردانی و تەنیایی مرۆڤ دەخواتەوە، کەچی ئەم دەنگە ترس لە ناخدا ریشاژۆ دەکات، ترس مەیلی پیاو دەبزوێنێ، دەیهاڕوژێنێ عەینی ووشتر حاویجی دەکات.
ئەوەتا شەبەنگەکە بەدیار کەوت، هەر ئەوەیە کە بووە بە داستان و کەوتۆتە سەر زاری خەڵکی. دوو لۆ لەبن کۆلێك چیلکەو داردا کۆماوەتەوە.. لە ئاسۆگەکەی سەروی ئاواییەوە بە بۆڵە بۆڵ دادەگەڕێ، قژی بەسەر هەنیەو دەموچاویدا شەپۆل دەدات.

دەنگ

کە پیاو دەبینێ، لەبەر چاوی دەبێت بە ئەندامێکی ناشیرین، حاویج.. لەشی خۆی نیشان دەدات، هێندەی دی حاویجی دەکات.. ئەوجا لە ناخافلێدا رایدەڕفێنێ، دەیبات بۆ ئەشکەوتەکەی سەرووی ئاوایی، لەوێندەر خۆی لێ ئاشکرا دەکات، لە خۆی دەنێت تا دەگاتە نزیکی لوتکەی لەزەت، ئەوجا لە پڕ خۆی لە ژێریدا دەردەفرتێنێ، دەیکات بە نێرەکەری نیوە زەڕ.. سیس و ملەوەس لە پیاوەتی دەکەوێت. تا بەرەبەیان بەم شێوەیە پێی رادەبوێرێ، دەیگەیەنێتە نزیکی لەزەت و لەوێندەرەوە بە هەڵدێری سوێبوونەوەدا هەڵیدەدێرێت.. ئەگەر شەویك بۆ ساتێکی بلەز دەماری مێیاتی لە گیاندا بێدار بێتەوە، ئەوا هەموو ئارەزوویەکی مێیاتی لەخۆیدا دەکوژێت و بەبێدەنگی لە جەستەی خۆیدا دەینێژێت. لە بەرەبەیاندا دەبێ بە نێرایەتییەکی رژدو تۆڵە ئەستێن، ئەو پیاوە دەکوژێت و تەرمەکەی جێ دێڵێ تا بۆگەن دەکات، ئەوسا لە درەنگە شەوێکی ناوەختدا تەرمەکەی لە قەراخ گوند فڕێ دەدات..

دەنگ

هەر کێیەك هەیت، بۆت هەیە بە ئارەزووی خۆت، ئەو دەنگانە پاش و پێش بکەیت، یان تێکەڵیان بکەیت، چونکە لە هەڕەتی هەڤبەندییاندا سەربەخۆن و لە گەرمەی سەربەخۆییاندا هەڤبەندن و لە هەموو حاڵەکانیشدا ئازادن..

## چیرۆك

خۆت بـه فرۆكەخانەكـەدا كـرد. دڵت نێچیری تـرس بـوو. كـامیرای چـاو زۆر زرنـگ بـوو، ئـەم وێنەیـەی دووباره كردەوە. زەنگی دەرگای حەوشەكە لێدەدەیت. دەكرێتەوە. دوو هەنگاو یـان شـتێك پـتر دەڕۆیت. بەلای دەستی چەپدا دەرگایەكی دی دەكرێتەوە.دەچیتە ژوورەوە. بەرانبـەرت قەنەفەیـەكی چـوار كەسـی ئەبڵەقی چاوەڕوانییە. بەلای دەستە راستدا پەنجەرەیەك بەسەر كورسییەكی دوو كەسیدا دۆش دامـاوە. بــەلای پشــتەوە تاقــە كورســییەك، تــەنیایی خــۆی بــەوانی دی دەســپێرێ. بەرانبــەر پەنجەركــە، كتێبخانەیەكی پەرپووت، چوارخانە... خانەی یەكەم ئیسترۆیەك و چەند كاسێتێكی لـە ئـامێز گرتبـوو. لە خانەی دووەمدا چەند تابلۆیەكی نەناسراو چاوشاركێ لەگەڵ میـوانی شـارەزاو نەشـارەزادا دەكـرد. لـە خانەی سێیەم دا چەند شڕە كتێبێكی كوردی گازاندەیان لە بەختی خۆیان دەكرد. خانـەی سـەروترو دوا خانە بەنەوازەشەوە چـەند كتێبێكـی ئینگلیـزی لـە هـەمێز گرتبـوو. هـەر خانـەیێ رەنگدانـەوەی دەنگـی خۆی بوو. ئەمە دیمەنی ژوورێكی پەرپوتی ئەو ماڵە بوو!

(كـە شـوێنێكی نیگـەرانی بـەخش و نارەحەتـە. دەمـەوێ میزێـك بكـەم! مـەعین میـزتن نیگـەرانی كـەم دەكاتەوە!..)

هەستایتە سـەرپێ. دەرگاكـەت بـڕی. بـەلای چـەپتدا پێچـت كـردەوە. دوو هـەنگاو دەسـتیان گرتیـت. لـە گەرماوەكـەدا... ئـەوجا هـەنگاوێكی دی و لـە جێگـەی مەبەسـتدا گیرسایتەوە... دوای ماوەیـەك هاتیتـە دەرێ. خوناو ئاوی بـاران پەڵـەی ئاسمـانی نیگـای شـینت بـوو. هـەنگاوێك لـە راڕەوەكـەدا بـە دیوارەكـانی ناساندیت. خـۆت ناسـی! دیوارەكانـت ناسـی، پـەكوو كـە مـرۆڤ زۆر بزێـو دروسـتكراوە، دەیـەوێت هـەموو شـتێك بزانێـت، هـەر ئەمـەش ماقوولییـەت بـە بـوون و ژیـانی دەبەخشـێت، دەنـا..  هـەنگاوێكی دی، دەرگایەك لێت بە وەڵام هات:

- ئەمە ژووری نووستنە.
- ئێ چییە؟
- نابێ ببینی
- بۆ؟!
- ناخۆشە
- تۆ نەخۆشیت
- چۆن؟!
- چاك
- ژمارەی تەلەفۆنی نەخۆشخانە چەندە؟
- 20785

پەنجەی دۆشاومژە، پێنج کەڕەت دەخیلی خڕۆکەی تەلەفۆنەکە کەوت، پزیشك نووستبوون...

- ئەوە چی دەکەیت؟
- تەلەفۆن بۆ نەخۆشخانە دەکەم.
- بۆ؟!
- ئەدی تۆ نەخۆش نیت؟
- نەخێر
- کێ دەڵێ بۆ تۆمە؟
- کەس... ئەدی قەشمەریم پێ دەکەیت؟
- بەڵێ...
- بۆ من مەزاقچی تۆم؟
- بەڵێ
- مێردەکەم ئاگادار دەکەمەوە.
- بۆ بڕوات بە مێردەکەت هەیە؟!
- بە تۆ چی؟!
- چۆن؟
- بزانێت یان نا، لە مەسەلەکە دەگۆڕێ؟
- زۆریش
- چۆن؟
- جارێ تۆ چیت؟!
- نازانم.

ژوورەکان هاتنەوە یەك. لە فرۆکەخانەیەکی ئەم جیهانەدا خۆیان هەراج کرد. کەس بە پولێکی قەڵپ نەیکڕین... گرێی دەروون ئەم ماڵە پاکەی ریسوا کردووە، کە ڕوانییە بەرانبەر، ئافرەتێك و پیاوێك بە تەنیشت یەکەوە کاڵای ژیانیان هەڕاج دەکرد. باجیان بە یەکتر دەدا...

- راموسانێکی نادەیە من؟!
- دەڵێی چی؟
- هیچ....
- چۆن؟!
- کە گەوجی

زەردەخەنەیەك لە دەوری گوڵی لێوی خەرمانەی داو بە خێرایی ئاوا بوو.

- تێناگەم!
- هەڵبەتە...

مێردەکەی بەدەم ئازاری دەروونەوە خەفە بوو... بە دوو قۆڵی مانەوە. ئەو خۆی گێل کرد. ئارەزووە هەراسانەکانی بە بەنجی نمەك سڕ کرد. نیگای کاشییەکی هەڵدەلوشی. سەروو خوار، راست و چەپ

ژماردنی. حەوت بە نۆ. ناخی خۆی یاخۆ بوو... دەبێ لایەك بم. یان پرسیار یان وەڵام، لەم عەدەمییەتە! ئەدی ناکرێ هەم پرسیار و هەم وەڵام بم!.

- چەند دەکات!؟

ئەویش هەر وەستا. لەش و لاری پەیکەر ئاسایی، بە ئاشکرا بانگی ئەمی دەکرد.

- وەرە پێشەوە
- نا، ناتوانم. بۆ؟!
- من پیشلە نیم...
- پۆلا دەناسیت
- کام پۆلا؟!
- منداڵە رۆژنامە فرۆشەکە.
- بەڵێ... بەڵێ...
- خزمتە؟!
- بۆ؟!
- هەروا...

هەستی شەشەم، خەیاڵ زۆر لاپەڕەی بۆ هەڵدایەوە. هەڵبەتە پۆلای هەرزەکاری رۆژنامە فرۆشی قەلەندەرو هەژاری دەناسی. دەشزانێت چۆن کوژرا... چۆن بوو بە جۆگەلەو هەردوو کەناری بوون بە نەیجەستان و لەگەڵ بچوکترین شنەدا، ئاوازی ئەفسونانی بەدەم باوە دەداو..
خۆتان لە چوار ریانەکەی نێوان ژووری میوان و ئاشخانە و هۆڵ و ژووری نووستن دا لە بیر کردبوو. بێ ئەوەی لە دەسەڵاتی خۆتدا بێ، چاوی نەوسنت دوا کاشی ژووری نوستنی بەسەر کردەوە.. بە درێژی بیست و بە پانی دە کاشی بوون، لە دڵی خۆتدا دەتگوت: زۆر گەورەیە... لەخۆت دەپرسی:

- بۆ؟!
- 20× 20= 400 سم
- باشە
- 10× 20= 200 سم
- ئێ زۆر گەورە نییە
- بۆ گەورە نییە.
- 2× 4= 8 م
- هەشت مەتر. جێگەی بیست ئاوارەی لێ دەبێتەوە. زۆریش بە ئاسانی.
- بەڵام بۆتی دەسەلێنم کە گەورە نییە.
- چۆن؟!

چونکە قەوارەی تینووی ئێمە. گەلێك لە هەشت مەتر گەورەترە

- ئافەرین.

چـوونە ژوورەوە. تـۆ، ئـەوو ئۆخـەی ئـەو. تـۆی... سـێ کـەرەتی بانـەوبانی یـەك ئـاودا هـەر تێرتـان نەخوارد... ئەویش لەولاوە خەوی دەبینی (گێلاس گیـان... خۆشـم دەوێـی بـڕوام پێتـە هاوڕێکـانی مـن هـەموو سـەگن لێیـان ناترسـم.. خزمـەتیان بکـەو هـیچ سـڵ مەکـە... کـە تـەواو بوویـت، کێشـاتەوە، بـەر لەوەی بیکێشیتەوە، ئۆخژنی ماچێکی قووڵ دوا دەمارەکانی لەشی بەسەر کردیتەوە... لـە پـڕ راپـەڕیت.. تۆمـەز یادگارێـك بـوو لەسـەر شاشـەی بیرەوەرییـەکانت لـێ دەدرایـەوە، چـاوت گێـڕا، ئـەملا، ئـەولا، بەرانبەرت... خەمی گەورەت ئەوە بـوو دوا چیرۆکت دنیـای روونـاکی نـابینێ...جا بـۆ نـەیبینێ. بیخـە سەنوقی پۆستەوە، بە ئەدەرسێکی نادیار! بۆ شوێنێکی ونی بنێرە گرنگ نییە.

دەقـاو دەق روانیتـە بەرانبـەر، هـەروا پۆلـە مـاچ بـوو، لـە گـۆلی لێـودا غـەرق دەبـوون و بـێ ئەسـەر و شوێنەوار.. لە دڵی خۆتدا دەتگوت: چۆن دڵیان دێت ئەم ناسکە ماچانە بنێژن؟ ئاخۆ زنـدوو دەبنـەوە؟ بەرانبەرت لە خۆ گرت، تۆ دەبوویت بە پرسیارو ئەو دەبوو بە وەڵام. دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە.

-بەڵێ زندوو دەبنەوە. هەموو ناشتنێك ئامادەبوونە بۆ لە دایك بوونەوەیەکی دی.

- دەی سا زندوو نابنەوە.

- بۆ؟

- چونکە کێوی لەزەت سەختە... ئارەزوو یەك کەڕەت دەیگاتێ و گیان دەسپێرێت.

- تێناگەم!

کێوی لەزەت و گیانی ئارەزووش، لەوە چڕترن هەروا بەئاسانی خۆیان بخەنە باوەشی تێگەیشتنەوە.

- تۆ وەرە سەر چیرۆکەکەت..
- دەواز بێنە.

پەپوولەی چاو رەها بکە، با باخچەی ئەو دەم و لێوە بەسەر بکاتەوە... دەی با ئـەو گوڵسـتانە بخاتـە ژێر باوەشێنی باڵەفڕکەی کەساسییەوە.. تەماشا، باڵا نـاز بەسـە شـۆڕە بیـدا دەکـات. مـەمکی قـوت و تورت. شەڕ بە هوا دەفرۆشێت. چاوی شین و مەنگ، بوو بە مامۆسـتای رەوتـی ئـارامی دەریـا. دەم و لێوی کەمێك بف خواردوو هەڕەشە لە گەورەترین پاڵەوانی لەزەت و ئارەزوو دەکات.

ئەوا ئارەزووەکان وەکو حەس حەس هەراسیان لێ هەڵگیراوەو بێ هـودە دێـن و دەچـن... سـڵ دەکەنـەوە، هەڕەشـەکە لـەوە گـەورەترە بـوێرن تـوخنی بکـەون... نـەخێر وا خەریکـە دەسـتی تەسـلیم بـوون هەڵدەبڕن... ئـەوا دەسـتیان بـە سـنگەوە گـرت.. هـەموو سـواڵی یـەك ئاوردانـەوە، بگـرە دزە نیگایـەك دەکەن..

وەرە تۆ لە هەموویان چاکتریت..

بۆ؟!

واز بێنە، لای کەس دەنگ مەکە، بیخەرە جانتای چیرۆکەکەتەوەو دای بخە!

ئەدی لەوە دوا؟!

بێ سڵ کردنەوە، فڕێی بدە دەریای سپی ناوەڕاستەوە.

بەچی دەچێت؟!

بەلای کەمەوە ناکوژرێ.. مەرگی خۆی نابینێ.

ئاخر کەس نایخوێنێتەوە.. نە خوێندنەوەی، خۆی لە خۆیدا مەرگە.

- با، دەخوێنرێتەوە.

لێی تێ ناگەن.

بۆ؟!

بە کوردی نووسراوە!

کوردی!

بەڵێ.

باشە کوردی، پاسەپۆرتی نییە؟

با

کامەیە

خەمە!

زەردەخەنەیەکی تاساو، تەمی سەرچاوەکانی بە ئاستەم رەواندەوە.

زۆر چاکە، بە چاکیش دەخوێندرێتەوە.

ئاخر کێ؟!

شەپۆڵ، چونکە شەپۆل زمانی خەم لە هەموو زمانێکی دی چاکتر دەزانێت.

سەرت هەڵبڕی، ئاهێکت پێدا هاتەوە. ئەو لە شینایی ئاسماندا بەبێ تاقەتی لاپەڕەکانی فەرهەنگی نهێنی هەڵدەدایەوە. گەیشتە لاپەڕەی (13)، تۆی بینی. بزەیەکی پڕ بەزەیی پێ بەخشیت. دڵت بەخۆت سووتا. ویستت بگری، ویستت پێبکەنی، لە خۆتت پرسی:

ئەرێ گریان لە پێکەنین تێدەگات؟

ئەی بۆ پرسیارەکە ئاوەژوو ناکەیتەوە.

قەیدی چییە!

.... ئەرێ پێکەنین لە گریان تێدەگات!

ئاسمان گەورەیە، نابڕێتەوە. ئەویش لاپەڕە سیازدە داناخاتەوە. دەیەوێ بە شنەیەکی فێنك و ئاستەمت بناسێنێ. تۆش وەکو منداڵ گڕو دەگریت. پێیە وردە ناسکەکانت لە عاردی دەخشێنێت. زرینگەی پاوانەکانت کاروانی ئومێدی دایکتی رادەگرتەوە.

کاروان لە شوێنی خۆی وەستا

خۆت پێ نەگیرا. لێت پرسی.

- بۆ لەم لاپەڕەیە ناپەڕیتەوە؟

بەلەمێکی نامۆی فرمێسك، خۆی دابووە دەم وردە شەپۆلی دەریای چاوە شینەکانییەوە

من چیرۆکم خۆش دەوێ!

مەبەستت چییە؟

کە دانیشتبووی قەڵەمەکەی دەستت، ناوکی چیرۆکێکی دەبڕی. بێشکەی کاغەزیش باوەشی بۆ گرتبووەوە، مامۆستای وشەش خەریك بوو ناوی لێ دەنا...

چۆنت زانی؟

چونکە من خۆم چیرۆکم.

ئێ چییە؟!

- چیرۆك، چیرۆك دەناسیت؟
- ....
- ئەرێ پرسیارێك؟

فەرموو.

باسی منت کردبوو.

- جا کردبێتم یان نا، چی لە مەسەلەکان دەگۆڕێ؟!
- دەزانی چی؟
- چی؟!
- دایکی ژیان هەرگیز روویەکی خۆشی نەداومەتێ!

واتا نازو و رووی خۆشت لە چیرۆکێکی من دەوێ؟

زەردەخەنەیەکی هەتیو، دەستی بە قژی ناخی هەڵقرچاوی دا هێناو سەری خۆشحاڵی لەقاند.

- ئەوەم لەگەڵدا دەکەیت؟!
- ئاخر چیرۆکی من ناخوێندرێتەوە!!
- وا مەڵێ... زۆر چاکیش دەخوێندرێتەوە!
- چۆن.
- جارێ تۆ بە چ زمانێك دەنووسیت.
- بە زمانی کوردی! نا ببوورە بە زمانی خەم.

گەشایەوە، نیگایەکی خێرای بەدەوری خۆیدا گێڕا. جگەرەیەکی داگیرساند. تۆپەڵە دوکەڵی مژی یەکەم، بەچاو تروکانێك لە ناخی سییەکانیەوە هاتە دەرێ. وەکو کاژە هەورێکی تەنك بەری مانگی رووی گرت. بەدەستە ناسك و خرپنەکەی، بە دەستی چەپی دوو کەڵەکەی رەواندەوە.

- چاکترین زمانە!
- چۆن؟
- گەورەترین جیهان لێی تێدەگات و دەیخوێنێتەوە.

بە شەرمەزارییەوە گوتت:

- من ئەو جیهانە ناناسم.
- ئەدی چۆن بۆ ئەو جیهانە دەنووسێت؟!
- من!
- بەڵێ..
- من بۆ کەس نانووسم!
- کەواتە نووسەر نیت؟!

- نازانم.
- نازانم، خۆی له خۆیدا نووسینه.
- گریمان وایه، ئەدی کێ دەیخوێنێتەوە؟!

پێکەنی و:

- شەپۆل!!

نیگای مەلوولت تێبڕی. بە هەمان نیگا وەڵامی دایتەوە... نیگاکانتان ئالکاوی یەکدی بوون:

- ئەدەرسەکەتم نادەیتێ؟
- بۆ چییتە؟!
- هیچ.
- کەواتە بنووسە: گۆی زەوی، بە دەستی خا چیرۆك بگات.

فرمێسکێکی هێشتا نەڕژاو، داوای ئەدرەسەکەی لێکردیت.

- بنووسە، جیهانی چیرۆك، بە دەستی نازانم بگات.

پاشکۆی وشەکان، بە پەلە خۆیان گەیاندە سەر شاشەی لێوی

- چیرۆکەکەت نووسیوە؟!
- نەخێر...
- دەی نووسیت؟! لە بیرم نەکەیت؟!
- ....
- (جوانترین چیرۆك ئەوەیە هێشتا نەنووسرابێت).

★ ★ ★

کاروان هەر چەقیوە، کاروانە کاروانە، کاروان بۆ وابێ هەست و خوستێ؟!

- رۆڵەم، کوڕی شیرینم، بۆ نامناسیتەوە بۆ لێم نەبانی؟!
- هەقی خۆمە.
- بۆ؟!
- چونکو تۆ منت لە فەرهەنگی ناسینەوەدا سڕییەوە!
- چۆن!؟
- ئەگەر منت بناسیایە، هەرگیز لەخۆتت دانابڕیم؟
- لە دەسەڵاتی مندا نەبوو!
- منیش یەکەم کەس تۆم ناسی. یەکەم جاریش بە تۆ نامۆ بووم.
- (ئاخ یەکەم جار، خۆزگە هێندەم دەسەڵات دەبوو، یەکەم و یەکەمجارم لەسێدارەی نەبوون بدایە..)

دیسانەوە پێیە ناسك و وردیلەکانت لەعاردی خشاندەوە.زرینگەی پاوانەکانت.. شەدەی نامۆیی لە دەوری سەری دایکایەتی دایکت دەئاڵاند.

- دەڵێی چی؟!
- بە خوای لەزەتەکانت دەسپێرم!
- چیتر؟
- هیچ!
- بەڵام ئەم قسانەت بیر نەچێتەوە

کە کاشی خاڵخاڵ دەبینیت، ئارەزووە نەوسنەکانت، دەمەزەرد دەبنەوە. چوونە ژوورەوە. تۆ ئەو، ئەو تۆی سێ کەڕەتی بانەو بانی یەك ئاوداو هەر تێرتان نەخوارد ئەویش لەولاوە خەوی دەبینی.

(گێلاس گیان خۆشم دەوێی. بڕوام پێتە.. هاوڕێکانی من هەموو سەگن، لێیان ناترسم... خزمەتیان بکەو هیچ سڵ مەکە.. کە کێشاتەوە، شپڵەی ناو لنگی تەڕ، شیوەنی بۆ ئەنجامی نەزاو دەکرد.

تاس بردیتیەوە.

- بەڵام ئەم قسانەت بیر نەچێتەوە!
- من وەکو تۆ نیم.
- چۆن؟!
- ئەو دوو جار سوار بوو، من یەکجار.
- ئەمە ئەوپەڕی ترسنۆکییە.
- چۆن؟!
- مرۆڤ دەبێ بە جەرگ بێ. خۆی ئەنجامی کارەکانی هەڵگرێ تۆ دوو بە یەك تاوانباری!
- چۆن؟!
- یەکێکی دیشت کردووە بە شەریکی تاوانەکانت!

بە جارێ وڕ بووی. گێلاس، زلەیەکی ئەسپایی لێدایت:

- ئەوە چیتە؟
- هیچ
- توخوا
- بەچاوی تۆ هیچ

چاوت بڕییە بن میچەکە. گیانی خا چیرۆك بە ئاسمانەوە سەمای دەکرد و بەمە دڵ خۆشی خۆی دەدایەوە:

(ئێستا لە چمکێکی ئەم جیهانەدا، ئەو دەگری. بەبێ هۆ دەگری).

چاوەکانت ئەبڵەق بوون. لێوەکانت تەتەڵەیان دەکرد. نیگای گێلاس بزاوتی لێوەکانی لە قافدا گرتیت.

- ئەدی ئەمجارەیان؟
- چی؟
- دەڵێی چی؟

(ئێستا لە کونجی شەودا کەسێك پێ دەکەنێ، بەبێ هۆ پێدەکەنێ، بە من پێدەکەنێ).

1982

## کۆچ

ئێوارەیەکی ئاساییە. هەت وەوا رێبوارێکی ماندوو بەرەو کەل دادەکشێ. هەموو شتێك لەبەر چاوت رەنگ و دەنگی کۆچە، چ کۆچێك؟! لە نێو بزاڤێکی خێردا بەگشت لایەکدا رەو دەکەن. بەسەر یەکدا پێچ دەخۆن و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێن و هەڵم ئاسا لە سنووری چاو ئاوا دەبن. ساتی هارمۆنی رەنگ و هەست لەگەڵ رەوت و ریتمی زەماندا تێکەڵ دەبن و تاوێرە سەخت و لەسەر یەك هەڵنشتووەکان

دەلاوێنن.. تاوێرەکان دەڵێی تەراتێنی پتر هەڵکشانیان هەیە. هەر تاوێرێك لە ژێر قورسایی ئەوی دی دا دەنکێنێ. گەر کەسێك لێرەوە بڕوانێتە ئەم تاوێرە سەختانە، تۆزێ ورد بێتەوە، چاوی هەست ژێر بکاتەوە لەوانەیە هەست بە خاوی بزووتنەوەی زەمان لەم شوێنەدا بکات، چەشنی هەڵکەوتنەکەیان هاوار دەکا.

بریسکەی تاوێرەکان –پاش شۆردنەوەیان بە تاوە بارانێك- پانۆرامایەکی کەم وێنەی سروشت دەنوێنێ. هەموو دەمەو ئێوارەیەك هەست بە هەناسە دانی ئەم تاوێرە بۆرانە دەکەیت. وەك بڵێی بیانەوێ بەسەرتا بدەن و هەناسەت لەبەر بڕن. لەسەرەوە دەنواڕیت، دۆڵێکی باریك و بێ کۆتایی، بێ کۆتایی وەك ژیان، خۆی بە دیدەت دەسپێرێ. خانوچکەی پەرپوت بەم بەرو بەوبەری دۆڵەکەوەو بەقەد پاڵەکانەوە، مەل ئاسا بە شاخەکانەوە هەڵنیشتوون و هەڵکوڕماون. جۆری هەڵکوڕماندنەکەیان سەدای کۆچی قەتارچیانی نا ئومێد، بە گوێچکەی بینەر دەبەخشن. ئاخۆ بە ڕاستی مەلن! ئەدی بۆ بەم شوێنە سەختانەوە گیرساونەتەوە؟! ئەگەر باش زەین بدەی، ناو بە ناو لەدەوروبەری خانووچکەکانەوە هەندێ تارمایی بەدی دەکرێن. ئەگەر پەلەت بێ و بتەوێ زوو لە دۆڵەکە دەربچیت ئەوا تارماییەکان وەکو تەلاشە بەرد دەنوێنن. خۆ ئەگەر شەوت بەسەردا بێت و بە شەوارە بکەوی ئەوا باعەی مەڕو بەرخەڵ، هەو هەوی شوان، حەپەی سەگ، سوکنایی بەغوربەتی ناخت دەبەخشن و بۆ لای خۆیان بکێشت دەکەن.. خەڵکانێك دەبینیت، بە پیرتەوە دێن، زۆر لە باڵندە دەچن، بەڵام واشەی ژان و شەکەتیو ڕەنج بێوەری چنگی لە ناخیان گیر کردووە، هەڵوەستەیەك دەکەیت، لەولاوە پیرەمێرێك، یا پیرەژنێك، یا کوڕیژگەیەك، یا کچۆڵەیەك بە پیرتەوە دێت. حوزن و ماتەمێکی خۆڕسك تێکەڵ بە روو خۆشیانە.

ئەو ئێوارەیە هەر خۆت بوی. لە خانوچکەکەی پایینی دۆڵەکەدا گیرسایتەوە، بەڕێکەوت ها! تروسکایی فوتیلە چرایەك بکێشی کردیت. کپی دۆڵەکەو خامۆشی شەو سامیان گران بوو، هەنگاوەکانتیان شل کرد. چەند جارێك وێستایت، زەینی بەردەم خۆت دەدا. تاریکی شەو، کێوەکانی هەڵلوشی بوو. نەخێر وەستان بێ سوودە، گەڕانەوە مەحاڵە. تەنیا ڕێگای چوونە پێشەوەت بۆ ماوەتەوە، ڕەنگە ڕەوتی ژیانیش هەر وابێ.. هێواش هێواش ڕێگاکەت بەردا، بە قەد پاڵەکەدا هەڵگەڕایت. کە لە خوارەوە بۆ سەڕێ دەڕوانی وا هەست دەکەی ڕێگایەکی کەمت لە بەردەمدایە، کەچی... هەر ڕۆیشتیت، تفەنگەکەت لێ بوو بەبار، خۆت تفەنگ فڕێدان... لەلایەکی تریشەوە تاقە هاودەم و هاندەرت بوو: دزێ، ڕێگرێ، چەتەیە، جانەوەرێ.. گەیشتیت، چەند هەنگاوێکت مابوو بگەیتە خانووچکەکە، تارماییەك بە پەلە بەرەو خانووچکەکە چوو. تۆ بڵێی لێت ترسابێ! دەنگێکی ناسك و پەشۆکاو لە گوێچکەتدا گیرسایەوە:

- زەلامێك لەبەر ماڵماندا وێستاوە!

- ئەدی بۆ نایەتە ژوورەوە!؟

- نازانم.. ڕەنگە، د..ز..بێ.

خەم دایگرتیت، بەو شەوە ئەو بەستەزمانەت هەراسان کرد.

کۆکەیەکت کرد.

- ماڵێ، خاوەن ماڵ.. میوان ڕادەگرن؟

دەنگێکی کەرخی ئافرەتانە لە گوێچکەتدا گیرسایەوە.

- میوان بەخێرێ.. میوان خۆشەویستی خوایە..

دەرگایەکی شەق و شڕ ترازا، کزە تیشکێك بەر دالانی خانۆچکەکەی روناك کردەوە. دوو تارمایی بە جووتە هاتنە دەرەوە:

- فەرموو برا بەخێرێی.

تفەنگەکەت لەشان داگرت. سەرت دانەواندو چوویتە ژوورۆچکەیەکەوە، دانیشتیت. نان و چاو ژاژیت خوارد. سەرت سوڕما، باشە ئەم ماڵە هەر ئەم دایك و کیژەن؟! جا کێ دەڵێ هەوێ نین! ئەدی ئەوە نییە لەم وڵاتەدا هەر کچۆڵەی چواردە ساڵەو بە دەست حاجی هەشتا ساڵەوە دیلە. بۆ وا سەیرت دەکەن؟ ئەدی تۆ بۆ وا سەیریان دەکەی؟! رەنگە کەسانی نائاشنا بە یەکدی لە هەموو دنیادا هەر وابن!

- لە قسوورمان عەفوکە رۆڵە.. نانەکەمان نانی خەجاڵەتییە.

- خوا نەیبڕێ پورێ گیان..

سفرەکەت لەگەڵدا کۆکردنەوە. ئافرەتە منداڵکارەکە پتر سەرنجی دەدایت. ئاخۆ دەترسا! یا بۆنی پیاو..

- ئا بەستێ گیان چۆڕێ ئاوی خواردنەوە بێنە، ئەوە چییە بۆوا حەپەساوی؟

تۆ بڵێی لەگەڵ تۆی بێ؟! بڵێی بڵێ بۆ واسەیری کیژەکە دەکەی؟ نەیەتە قسان و بڵێ: پیاو نابێ نمەك حەرام بێ.

بەڵام کوڕم دەوێ خۆی بگرێ و سەیر نەکا. بەستێ هەر خۆی بەستێیە! میانە باڵا، گۆشتن، مەمك لە سوخمەی کراسا جەڕیوو، خەناوکەو مێخەکبەندی بە شیلانی سووری درشت قوبە کراو، لە دەوری ئالاو، سمت و کەفەڵ لە شەرواڵی پیاوانەدا چەسپ، زوڵفی بە پێچ و ئەڵقەی جارجار بە سەر کوڵمی ئاڵا لەرزان، چاوی ڕەشی خومار، برژانگی درێژی سەر نووك هەڵگەڕاو..

- بەستێ تۆزێ چاش بکە چاپەستەکەوە.

خەم و پەژارەیەکی قوڵی هاوتای ژیان لە سیمای بەدی دەکرا. بۆنی خۆشبەختیەکی شاراوە لە دەنگی دەهات، خۆشبەختییەك کە تاقە داوێکی باریك بەدیمەنی رێبوارێکی نا ئاشنایەوە گرێ دەدا، وەك بڵێی وردە وردە و بەبێ خشپە لەلایەکەوە بۆ لایەکی تری بەرێ...

بیرەوەری کەوتنە کەرویشکەزێ، دیمەن و شێوە، روخسارو وێنە، ماڵەکەتان، گەڕەکەتان، ئەو پەنجەرانەی زۆر جار، ناوت، دەنگت بەسەریانەوە هەڵدەواسی، ئەو دەرگایانەی هێشتا هەنگاوە هێواش و خێراکانتی فەرامۆش نەکردوون، هەنگاوە سست و قورسەکانی ئاخرو ئۆخری شەوت، دیواری ماڵە کۆنەکەتان. درزەکانی قەد دیوارەکە. هەر ئەوەتا بانگت لێ ناکەن، لە سوچێکەوە بۆ سوچێکی دیت دەبەن. عەسرە کۆڕی ژنانی بەر دەرگاکەتان. گەمەو شەڕە منداڵی مەیدانەکە. دەنگ و بانگی پاقلە فرۆش و لۆبیا فرۆش و شەکەرات فرۆشەکان دەژنەوی. فیکەی هەرزەکارێکی شیك پۆش بۆ سواڵکردن یا زەوتکردنی بزەی کیژە مەکتەبلییەکی درەنگ لە مەکتەب گەڕاوە... شەرمی کیژۆڵەیەکی پڕ سۆزی گورج رۆ، ورشەو لەرەی کەوا قەدیفەکەی، پەردە لە رووی بەشێکی شڵەژانەکەی هەڵدەداتەوە. قاقای سەرخۆشێکی سیامەستی وەستاو لەبن دارتەلێکی ئەلەتریکا دڕ بە کپی شەو دەدات.

خوانەکا بیرەوەری سەری بکرێتەوە، ئیدی وەکو دەنکە تەزبیح بە دووی یەکدا دێن، ئەوەتا لەلایەکی دییەوە جموجۆڵی بەیانی رۆژێکی نوێ، بەبەر دیدەی خەیاڵتدا تێدەپەڕێ. بانگی بەیانی لە بڵندگۆی سەر منارەی مزگەوتەکانەوە، گەڕەك و بان لە باوەشی خەو دەردێنێ. کرێکار، کارگوزار، کاسبکار، پاقلەفرۆش و نۆکاو و لەبلەبی فرۆش. دەنگەکان هێدی و ئارام پاشماوەی خەواڵویی دەتارێنن. جموجۆڵێکی میکانیکی کپ و بێ خشپە. رۆژباش و سڵاو دەبەخشرێتەوە، ئافرەتان لە پشت دەرگاو لە درزی پەردەو کوللەوە سەردەکێشن، رووی خۆش وەکو خەون، چاوانی تێر خەو دەکەونە گەشت، قژی ژاکاوی لە بۆنا هەڵکشاو، خۆی سازدەدا کە تاوێکی دی ئاڵکاوی شانە بێت. کراسی هاودامانی شەو، ناسك و تەنك و دەڵب، جار جار تاژوور زرانی هەڵکشاو پەردە لە رووی رازێکی زانراوی لە وتن نەهاتوو هەڵدەدەنەوە. گشت شتێك لە نێوان زاوزێی بیرەوەرییەوە دەبینرێ، ئەو بیرەوەرییانەی لە نێوان سنووری کاری شۆڕشگێڕیو خەون و ئاواتی دیداری عەزیزاندا دێ و دەچێت، جغزێکی جیاکەرەوە نابینرێ، هەموو بابەتەکانی تێکەڵن.

بەستێ بە فۆرییەکی لە دوکەڵا رەش هەڵگەڕاوەوە هاتە ژوورەوە. لە پاڵ ژنە سەرەکەدا دانیشت. ئاوی لە پیاڵەکان وەردا، چایەکی بۆ ژنەکە دانا، چاکەی بە سینییەکەوە بۆ تۆ دانا. سەری هەڵبڕی، بزەیەکی نیوەچڵ کەوتە سەر لێوانی و خێرا ئاوا بوو. بزەکە ناخی سمیت، دڵت داخورپا، هەستت کرد هەموو لەشت داغ دەبێ. خەیاڵ بردیتیەوە، بەستێ سەری وەپەنا گوێی ژنە ناو شتێکی بە گوێیدا چپاند. چایەکەت بیرکەوتەوە. دەستت بۆ چایەکەت برد، پیاڵەکە قڵپ بووەوە چاپەکە رژا، هێندەی دی پەشۆکایت. ژنەکە گوتی:

- دەی گوێ مەدەیێ. چا شیرینیە!

هیچت نەگوت، دەنگی ناسکی بەستێ وەئاگای هێنایتەوە.

- چەند ساڵە پێشمەرگەی!؟

نەهەقی نییە، هێندە پەشۆکاوو حەپەساوی، دەڵێی دوو رۆژە چەکت هەڵگرتووە.

بە دەنگی گیراوەوە گوتت:

- پێنج ساڵە.
- دیارە خەڵکی ئەم ناوە نیت؟!
- نەخێر خەڵکی کەرکووکم..
- ئەدی بۆ بەتەنێی؟
- لە هاوڕێکانم دابڕاوم رێم هەڵە کردووە.

بە خۆتدا شکایتەوە، دەترسایت وا هەست بکەن ترسنۆکیت، شلە شاریت، لە ترسی شەڕ خۆت دزیوەتەوە، بۆیە خێرا گوتت:

- نازانم چۆن پێیان بگەمەوە؟
- نیازی کوێتان هەبوو؟
- نیازی ئەو دیومان هەبوو، دەچینە همیدادی برا پێشمەرگەکانی ئەو دیومان.

بەستێ چایەکی دی لە بەردەمت دانا، بزەیەکی بە رووتادا، وەك بڵێی بە شۆخییەوە پێت بڵێ:
ئەمجارەش نەیرێژێ کاکی گەرمیانی!.
سەرت داخست، کەوتیتە تێکدانی چایەکەت، سەرت هەڵبڕی:

- پورێ پرسیارێ بکەم عەیب نییە؟!
- پورێ لە دەوری سەرت گەڕێ بۆ عەیبە؟
- تۆ ناوت چییە؟

بە نەرمە پێکەنینێکی ئارام بەخشەوە گوتی:

- جا نێوی منت بۆ چییە بە کارەکەرت بم؟
- لەبەر ئەوەی زۆر لە دایکم دەچیت.

- خوا لە دایکی خۆت نەستێنێ... ئامان-ی کارەکەرت.
سەرت داخست، هێدی هێدی ئارام بوویتەوە. شەرم و غوربەتت کەم کەم دەڕەوەییەوە. ئێستاکێ لەم کوختە بەردینەدا گیرساویتەوە. کە گەیشتیتە ئەم ناوچە شاخاوییە، هەستت دەکرد لە نێو بەردەکانەوە هەڵقوڵاون، لە نێویانا گەورە بوون و ئێستا یاخی بوون و رەو دەکەن. بەردەکان قڵیشانەوەو ئێوەیان هەڵهێنا، دڵتن بە چەکەکانی شانتان خۆشە. رێگای سەختتان بڕی. شاخ، هەوراز و نشێو، گوند بە گوند و ئاوەدانی بە ئاوەدانی برسیەتی و ماندووبوونیان هەڵدەمژین. لەنێو تاوێرو لە پاڵ بەردەکانەوە هەڵدەقوڵێن و بە دزە خۆتان بە بەشێکی تری نیشتماندا دەکەن.
سەرت هەڵبڕی، بەستێ چاوە درشت و رەش و مەنگەکانی تێ بڕی بوویت، پورە ئامان وەنەوزی دەدا. بەستێ سەیرێکی ئەوی کرد و بزەیەکی ناسکی کرد... کچێتی؟! گونجان و هۆگرییەکەیان..

- باشە پورە ئامان بۆ پیاوتان لە ماڵ نییە؟!

راچڵەکی:

- شەیتان بە نەحلەتی خوا بێ... دەڵێی خەوی مەرگمە. دەم و چاوی هەڵگڵۆفت:
- فەرمووت چی رۆڵە؟
- دەڵێم پیاوتان دیار نییە.

چاوت داخست، وا هەست نەکات نیازت خراپە!

- پیاوەکەم چووە بۆ ئەو دیو، بۆ دیدەنی کیژەکەمان، ماڵی لەو دیوە. هەر بە منداڵی لە کوڕە مامەکەی خۆی مارە کرابوو. کوڕەکانیشم ژنیان هێناوەو ماڵیان جیایە.

نیگایەکی پڕ لە سۆزی بەستێی کردو: هەر ئەم چۆلەکەیەم ماوە. ئێمە عادەتمان وایە... هەر زوو کچمان بە شوو دەدەین‌و ژن بۆ کوڕانمان دێنین... وا چاترە، درەنگ دادەکەون.. ئیدی هەر کە ماڵیان پێکەوەنا جیا دەبنەوە. وا باشە دوورو دۆست.
باشە پورە ئامان کەسێك نییە، بەیانی زوو لەگەڵما بێت، تا دەمگەیەنێتە هاوڕێکانم؟
کۆکەیەکی کرد:

- جا کەست بۆ چییە بە قوربانت بم. هاوڕێکانت ئەم عەسرە بێرەدا تێپەڕین، ئەسەح ئەوشۆ لەمیوانخانەکەی سەر شاخەکەی پشتمانەوە لایان داوە. سبحەی زوو نانت بۆ دەپێچمەوە و تا

دەرەوەی گوندی دەگەڵت دێم. بەکوڕی خۆم بڵێم، ڕێبواریش دایمە لە هاتووچۆدان، دەگەڵ خەڵکی ئەودیودا خزم و ژن و ژنخوازین...

تەواو گەشایتەوە. پتر هۆگریان بوویت، لەگەڵ ئارام بوونەوەتا، هەستت بە ماندوێتی دەکرد، حەزت دەکرد زوو بخەوی تا بەیانی زوو هەستیت و بە هاوڕێکانتا بگەیتەوە. لە کوێ بخەوێ؟ سەر دێنی و سەر دەبەی هەر ئەم ژووره ، بلێ ئەم کونە گورگەیان هەیە...

- هەر ئەم ژوورەتان هەیە؟!
- بەڵێ.
- باشە...

وەك چۆن هەندێ جار گولیلکە کێویلەیەك بۆ نیو نەخت خەزانی پیاز لەبەر چاو دەسڕێتەوە، بزەیەکی کێویلەی عەمر کورتیش ڕژایە سەر سیمای ژاکاوی پورە ئامان و:

- دەزانم چ دەڵێی... نا کوڕی خۆم، بە قوربانت بم، چت خەم نەبێ... پێشمەرگە بۆ کوردان مەحرەمە.

پێکەنین و گریان لە ناختا کەوتنە زۆرانبازی..

- ئاخر من دەبێ ئێشك بگرم. پاسەوانی خۆم و ئێوەش دەکەم.

زۆر بە هێمنی گوتی:

- ئێشکی چی کوڕی خۆم... پێشمەرگەکانی سەر چیا ئێشکان دەگرن.. ئەگەر دڵیشت ئاو ناخواتەوە، ئەوا تفەنگەکەتم وێدە ئەمن ئێشکان دەگرم و تۆ ئیسراحەت بکە.

چۆن بتوانی تفەنگەکەتی بدەیە دەست! بەڵکو تەماح بیگرێ و ... تەماح زاڵمە، هەندێ جار پێوەندی دایك و فرزەندش پایەماڵ دەکا.. نا، نا... نابێ ئەم کارە بکەی، یەك بۆ یەکتر دۆزەخن، نە تۆ لە گڕی ئەوان، نە ئەوان لە گڕی تۆ دڵنیان...

پاش چەندو چوونێکی زۆر لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دۆشەکەڵەو پەتۆیەکت بدەنێ و لە تەنوورخانەکەدا بخەوێ...

★ ★ ★

لەسەر جێگاکەت ڕاکشایت، بوویت بە بەشێك لە تەنورخانەکە، خەوت لێکەوت: شەڕواڵە پیاوانەکەی فڕێ دابوو، پشتێنێکی شل و مل هێندەی دی سمتو کەفەڵی بەرجەستە کردبوو. حەزی دەکرد و نازی دەکرد، بە جارێ ئالۆشت تێکەوت. دەستیت گرت و بە توندی ڕاتکێشا. قریشەکەیەکی سووکی کرد. باوەشت پێدا کرد، هەردوو دەستت لە قەدی توند کرد، گوشیت بە خۆتەوە هەناسەی گەرمتان تێکەڵ بە یەکدی بوو. سێ چوار موچوڕکت پێدا هات...

- ڕۆڵە، کاکی پێشمەرگە.

چاوت هەڵبڕی، بەیان لە ئەنگوتندا بوو، پورە ئامان بە تۆێشە بەرەیەکەوە بە دیار سەرتەوە وێستا بوو. دانیشتیت، دەم و چاوت خستە نێو هەردوو لەپتەوە، هەستت بە شەرمەزاری دەکرد... تاقمەکەت بە پەلە خستە سەر کۆشت. چاوت هەڵگلۆفت و... بە پەلە تاقمەکەت بەست و، تفەنگەکەت کردە شانت،

تویشە بەرەکەت لێ وەرگرت. هەر چەندە هەوڵتدا لەگەڵتا نەیەت و ئەو زەحمەتەی نەخەیتە بەر، ئاخری تا دەرێی گوند هەر هات. تا لە گوندیش دەرچوون قسەیەکتان نەکرد. لە کاتی خوا حافیزیدا گوتی:

- ئەگەر بەخێرو سەلامەت لەو سەرەوە، لێرەوە گەڕانەوە سەرمان لێ بدە. ماڵی خۆتە کوڕم.

شاخێکی بەرزی رووتەنت لەبەر دەمدایە، دەبێ بیبڕیت. کە بەسەر بەفرەکەدا هەنگاوت دەنا، خرمەخرمی بەفرەکەی ژێر پێت، غوربەتێکی سەیری لە ناختا بەرپا دەکرد. لەگەڵ هەر چەند هەنگاوێکدا ئاورێکت لە پورە ئامان دەدایەوە. ئەویش بێ چ ئاوڕدانەوەیەك هەنگاوی دەناو بە دڵنیاییەوە بە نێو بەفرەکەدا پشت لە تۆ دادەکشا. ناو بە ناو کزە بایەکە کۆڵوانەکەی دەخستە سەما. وردە وردە لەبەر چاوت بچووك دەبووەوە، نەتدەزانی ئەو تەنیایە یا تۆ. هەر نەشیپرسی ناوت چییە. جا ناوی تۆی بۆ چییە؟! ناو چ لە تەنیایی ئینسان کەم دەکاتەوە! وردە وردە هەنگاوت دەنا، لە شاخەکە نزیك دەبویتەوە، دوا ئاوڕت دایەوە، پورە ئامان لە چاو ون بوو بوو. ئیدی بە دڵنیاییەوە کەوتیتە رێ. تارمایی و جوڵە لەسەر شاخەکە پەیدا بوو، پێت هەڵگرت، تەواو نزیك بوویتەوە. هەندێ لە هاورێکانت ناسییەوە. ئەوە کاك ئاراسە. ئەوەش شێرزادە، هۆوەش سەربازە. سەرت داخست و ملی هەورازەکەت گرت. زومی خەیاڵت کەوتە سەر شەهید و شەهید بوون. شەهیدەکان ناوو کورتەی ژیانیان دەخوێنرێتەوە. رەنگە بۆ یەکەمجار ناویان بە پیتی چاپکراو بسپێردرێ.. شەهید بەرێ دەکەین، رۆژگار تێدەپەڕن، لە بیریان دەکەین، کەممان زۆر کەممان دەنگی خنکاوی، چاوی لەبزە کەوتووی، هاواری نەبیستراوی، ژیانی ئەفسانەیی، دامرکانەوەی کڵپەی ژیانی شەهید بەسەر دەکەینەوە.

- رۆژێ دێ، پەیکەر بۆ هەموو شەهیدەکانمان دروست دەکەین.

لە قاقای پێکەنینت دا. زوومی خەیاڵ بردیتییەوە بۆ سەر گۆڕستانەکان. بەدوای گۆڕی شەهیدەکانا دەگەڕێی، چپە مێشکت پڕ دەکات. شەهید، بوونەوەرێکی ناسکی لەوەسف نەهاتووە.

پۆڵە مەلێك بە نزمییەوە بە سەرتا تێپەڕین، باوەڕ ناکەی گەر هەست بە تاڵی مەرگ بکەن جارێکی دی باڵ لێك بدەن. بە یەك ئەندازە ملکەچی هەردوو ژین و مەرگن! کەچی ئێوە رێ بە مەرگ دەگرن، بەرەو پیری دەچن. دەبێ ئەمە چ سرێ بێ! تۆ بڵێی یاخی بوونی موتڵەق بێ! کە شەهید سنووری قورسایی و سەختی شەهید بوون دەبەزێنێ و چی دی رێگای دژوار و ئاڵۆز و نیگەرانی ژیان ناگرێتەبەر، لات دەبێ بە خەون و خەیاڵێکی ناسك. تاڵییەك بە حەرەکەی زەمانی تۆ دەدات، حەرەکەیەك هەموو کەس نایبینێت. هەندێ جار وا خەیاڵ دەکەی شەهید کۆترێکی سپی سپییە، بازنەیەکی سووری وەك خوێنی تازە رژاو لەملی ئاڵاوە. نازانیت بۆ وای دەبینی! سەرت داخستووەو هێدی هێدی رێ دەکەی. هەست ناکەی هاورێت بن! دڵت پێیان ناکرێتەوە، تۆ بڵێی "تاك" حەقیقەتە گەورەکە بێ! چار چییە، رۆڵەی میللەتی زۆر لێکراو مەحکومە بە پێشمەرگایەتی. کە سەرت هەڵبڕی لە سەرەوە بوویت.

- ماندوو نەبی موحسین.

- بۆ دوا کەوتیت؟!

چایەکەت خواردەوە، تویشە بەرەکەت لە سوچێکا جێهێشت، هەر دەنگەو لە گوێتا دەزرنگێتەوە:

- کوڕینـه مـن مانگـا بەکـەڵ و ئێـوه کەڵـەگا، قوربانتـان بم دوام کـەون، بیرتـان نەچـێ دەسـت بـه فیشەکەوه بگرن.
- دەبێ بیانکەین به پۆڕی خوراو.
- ئای ئەمجارەش رووی گەرمیانمان سوور بکردایه.
- گەرمیان له بەنزین نایه..

حەزت دەکرد قاقا پێکەنیت، بەڵام پێنەکەنیت...

★ ★ ★

دنیـا لێڵـه، هـەور بـه نزمییـەوه بـەری ئاسمـانی گرتـووه. شـەپۆلی تـەمو مـژ خـۆی لـه ڕەوەز و گـەردنی چیاکان دەسـوێ. بـه هانکـه هانـك خـۆت گەیانـده پـەنا بـەردێك. موحسـینەکەی جـاران نیـت. دەڵێـی دەترسیت! نەکەی، ترس، برای مەرگه... خاوو تەمـەڵ.. لەگـەڵ دەسـترێژی گوللـەدا پـتر سـەرمات دەبێ. گولله بەسەرتا گیزه دەکا. ناو به ناو ریزه گوللەیەکی گڕدار به دووی یەکا دەکشێت و دڵت دادەخـورپێ. رەشاشچییەکانیان شـارەزان! جـوانی بـەکار دێـنن. شـەڕ گـەرم دەبـێ، تـەنیا هـاژه دەژەنـەویت. هەسـت دەکەیت شەپۆلی سەرما هـەر لـه جێـوه، هاژەکـه قـووت دەدات، بـه پرتـاو خـۆی بـه نێـو لقـی رووتـی دار بەڕو و رەزی قەدپاڵ و سـەر گردەکانـدا دەکـات. کپـی و خامۆشـی بـۆ چـەند سـاتێك بـاڵ بەسـەر هـەموو شتێکدا دەکێشێت، کپی و بێ دەنگی و سامی گۆڕستانت بیر دەخاتەوه. هاڕەی دەسـترێژو گیـزەی هەنـدێ گوللەی لاسار پەردەی خامۆشییەکه دەبڕێ... دنیا تاریکه... شەڕ هێشتا گەرمـه. کـزه بـا نـاخی بنیـادەم دەسمـێ، گێژەلۆکـەی بـەفر هەڵـدەکا. شـەڕه... تفەنگەکـەت تونـد دەگریـت، لەسـەر پێیـە، گوێـت دەزرنگێتەوه:

- ... له هاوڕێکانم دابراوم و رێم هەڵه کردووه.

بریـا ئێسـتا بەسـتێ چـاوی لێـت دەبـوو، بـه چـاوی خـۆی دەیبـینی کـه ترسـنۆك نیـت. خـۆت لـه شـەڕ نادزیتەوه، بگره هەڵمەت دەبەی. خۆزیا دەیبینیت که چۆن تەقان دەکەی، چتۆ پێشمەرگەیەکی. چۆن بـەرگری لـه خـۆو لـه وڵات دەکـەی. چـۆن قسـەکانت بـه کـردار دەسـپێری. جـا توخـوا نەهـەقێتی بـه ترسنۆکت بزانێ! بەستەزمانه وەکو ئاسکی خوێن جمـاو ئـۆقرەی لەبـەر بڕابـوو، بـۆنی پیـاو لـه کەللـەی دابوو. خەریك بوو بێته ناو چاوتەوه. نیگا خومارەکـەی، بـزه ناسـکەکانی، تاقـه ئیشـارەتێکی تـۆی بـەس بوو. وەختێ دایکی گوتی:

- .. دەی گوێی مەدەیێ، چای شیرینیه.

دەنگی ناسـکی ئـەو وەئاگـای هێنایتـەوه، وەك ئـەوەی پێـت بڵـێ: داوەشـێی ئـەوەتا ئـەو پیرەژنـەش باسـی شیرینی دەکات.. مەترسه، غیرەتت بێ و تاقه ئیشارەتێ...

بـەڵام ئـاخ بەسـتێ! شـەرم، شـەرم: لـه لـەزەت و لـه تـرس و لـه زۆر شـتی دی گـەورەتره! ئەگـەر ئـەمجاره دەستێکم دەتگاتێ...

سەرماته، چەندین دەنگ له گوێتا دەگیرسێتەوه:

- خوێنی شەهیدان داوای تۆڵەمان لێ دەکات.

- داوای درێژە پێدانی ڕێگامان لێ دەکەن.
- پێشمەرگە ئەو شنەبایەیە کە ئاڵای بوونی میللەت دەشەکێنێتەوە.
- سیاسەت دایك و باوکی نییە.
- شۆڕش بێ قوربانیدان نابێ..
- من مانگا بە کەڵ و ئێوە کەڵەگا... دوام کەون. بیرتان نەچێ دەست بە فیشەکەوە بگرن.
- ئەدی کوا؟ نا، نا بەدگومان مەبە. ئێستاش دەیان پارچە قورقوشمی پێوەیە...
- ... ئاخ بەستێ... ئەگەر ئەمجارە دەستێکم دەگاتێ...
- ... پێشمەرگە بۆ کوردان مەحرەمن.

ڕیزێ گوللەی گڕدار بەسەرتا گیزەی کرد. دەنگەکانی تاراند. سەرماتە پتر دەست لە تفەنگەکەت توند دەکەی. ڕەنگە کەرامەت تاقە هاوتاو هەوێنی ئازادی بێ. کە مرۆڤ هەستی کرد کەرامەتی پێشێل دەبێ، لە هەموو ساتێ پتر قەدری ئازادی دەزانێ.

هەستایتە سەر پێ. ئازای گیانت تەزیوە. هەڵوەستەیەکت کرد. بە پرتاو خۆت گەیاندە پەنا بەردێکی دی. خۆت مت کرد. لاقت ڕۆچووە بەفرەکەیا. هەست بە هیچ ناکەیت. چاوت تیژ دەکەی، چاوت قورسە، دەڵێی خەوت دێ. زەینی بەردەمی خۆت دەدەی. ئەم سەربازە سەر سەختە بێزاری کردووم. دەڵێی بۆ مزگەوتی دەکا. تەمەشا چۆن ئەو ڕەشاشە بەکار دێنێ! کێ دەڵێ ئەویش تاقانەی دایك و باوکی نییە. کێ دەڵێ خوشکەکانی ئەویش چاو لە ڕێی گەڕانەوەی نین. لە پێناوی چیدا ئەمە دەکات؟! تۆ بڵێی ڕووگیری شەرم بووبێ و ترسی نابێتە لاوە!

زات دەخەیتە بەرخۆ. ئەزموونی ئەنگێوەیی خۆت کۆدەکەیتەوە. قۆناغی تفەنگەکەت لەشانت توند دەکەی. لەشت سڕ بووە، زمانت قورسە، قوڕگت وشکە. قامکت لەسەر پەلەپیتکە رادەگریت. پیاوبەو چیدی تەقە مەکە. ئەگەر تەقە نەکەی منیش تەقەت لێ ناکەم. ئەگینا ناچارم دەکەی...

دەستڕێژێکی دوورو درێژ مێشکی هەژاندیت.

- دایکە خەبەر و باس؟!
- نەعمان لە ژێر تەعزیبا مرد... ئەحمەد سەقەت بووە. بورهان ئیعدام کرا.

ڕق، لە هەموو شانەکانی لەشتەوە فوارەی کرد، لە پەنجەی سەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەتدا کۆ بووەوە. پەنجەت پێدا هێنا. ڕەشاشەکە کپ بوو. خوا بتگرێ خەتای خۆت بوو، ئەگینا بە قەستی کوشت پێوەم نەدەنایت. باوەڕ بکە مەبەستم نەبوو... خوشکەکانت! چبکەم.. من.

مێشکت دەزرنگێتەوە. زەنگی کڵێساکەی گەڕەکی خۆتان بیر دەکەوێتەوە. خەمناك و لە هەمان کاتدا ئارام بەخش بوو، کاروانی خەملێنی ئینسانی لات بەرجەستە دەکرد.

ئازای گیانت تەزیوە، تەنانەت خەیاڵیشت تەزیوە، ئەوەتا بەستێ بەو گەشییەی جاران نابینی.

تارماییەکی ترسناکە، درێژو باریك، ناو لەپت عارەقەی کردۆتەوە، تفەنگەکەت لە شانت چەسپیوە، لاقت لە نێو بەفرا سڕ بوون، زمانت گۆ ناکات، تینوتە.. دەتەوێ زمان بە لێوتا بێنی. ناتوانی. قامکەکانت ڕەق بوون. مام هۆمەرت بیر کەوتەوە کە چۆن پارەکە ئەم حەلانە بەدەم بەرگری کردنەوە لە گوندەکەیان، لە نێو بەفرا ڕەق بووەوە.

1986

## داوەتی کۆچەرییان

ئێستا، ئا ئێستا وام لە تاقە ژوورەکەمدا، ژوورەکەم دەڕوانێتە سەر کۆڵانێکی تەنگەبەر، ئەملام کەلاوەیەکی وێرانەیە، ئەولام ماڵێکی زۆر کپ و خامۆش و بێدەنگ، پێناچێ ئاوەدان بێ. ئاوەدانە، ئاوەدان نییە، کەلاوەیە. وێرانەیە یا بەهەشتی ئاوەدانە، من هەقم چییە. ژوورەکەم سەرو زیادە، بگرە هەندێ جار پێویستم بەویش نامێنێ. بە کاوەخۆ بە ناو ناخی خۆ دەکەوم، ئیدی دنیایەکە نە سەری هەیەو نەبن. ئەوەتام لەوێندەر.

رابردوو هیچ، درۆیەکی کراوە، داهاتوو هیچتر، درۆیەکی نەکراوە. ئێستا،هەموو شتێکەو ئەوجاش ناکاتە هیچ. ئێستا من و ژوورەکەم و ناخم حەقیقەتە هەر موتەڵەقەکەین. ئێمە جیهانین و جیهان ئێمەیە، ئێمەش ماکی هەموو درۆیەکی گەورەو بچووکین. رابردوو وەك باڵندەیەکی کوێری ترساوی پەلاماری پشیلەیەکی برسی، کوێرانە دێ تەپ خۆی بە ئێستادا دەکێشێ:

- هەر بەینی خۆمان بێ، مێشکی تێکچووە.
- حەیف بۆ ئەو کوڕە باشە.
- کوڕە دەبا بڕوا، هەروا بە دەعیەو ڕۆح زلە، دەنا بڕۆ بیدوێنە، حەوت ئەوفاتانت بۆ دەبەزێنێ.
- گوناحە!
- بیست و وچوار سەعاتەی خوا دەڵێی گەمییەکەی غەرق بووە..

- هەقێتی لەم سەردەمە بێ ئامانەدا تەنیاو بێ کەس و غەریب و داماو...

کوڕە دەبا هەر بڵێن، گەردنیان ئازابێ... ئیدی ئەوە خەڵکە خەڵك، بێکارو فزوڵی، خۆ رەنگ نییە بە یەکێکەوە یا شتێکەوە بیگرن، تا وردو درشتی لە بنج و بناوان نەکەن، ئۆقرەیان نایە.. کەی ئەم عادەتە خراپانە تەرك دەکەن! دەمێ شێت بووە، تاوێ بە دەعیەو فیزە، جارێ گوناهەو جارێ گەمی غەرق بووە.. دەی سا بە چی غوربەتی خۆ کەوی بکەن!! کوڕە بە خوای غوربەت دەردێکی گەلێ گرانە، ئەمن گرێو دەکەم هەر کە غوربەت لەناخی مرۆڤدا چەکەرەی کرد، بنجی داکوتا، ئیدی مەحاڵە ئەو مرۆڤە بتوانێ بۆ ساتێ بێهورێ و بحەوێتەوە. نیگەرانی تێکەڵ بەخوێنی دەبێ، نە لە غەریبی هەڵدەکاو نە وڵاتێ بۆ خۆی پەسەند دەکا!!

بابە ئێوە بۆچی هێندە نەژنەون، بۆچ دەبێ قسە هەر قسەر ئەنگۆ بێ، چما بەخۆ نازانن جارانیش هەروا بووم! ئیدی ئەم قسە قۆڕانە چییە؟ شێت بووە، بە دەعیەیە، گوناهە، گەمی غەرق بووە!! جارانیش ناوە ناوە ئەم حاڵەم لێدەهات. لە خۆڕا پەستی و وەڕەزی دایدەگرتم. لە هەموو شتێ بێزار دەبووم، حەزم دەکرد کونجێ بگرم و بە تەنێ لەگەڵ خۆدا بژیم، تەنیا بە گژی خودی خۆما بچم، خوا خوام بوو دەرەقەتی خودی خۆم بێم و بۆ چەند ساتێ بژیم! لەو دەمانەدا گەلێك کەمدوو دەبووم، زوو هەڵدەچووم، چ قودرەت بوو دۆستێ، ناسیاوێ یا یەکێك لەبن خزمان بمدوێنن!

- ها چییە، دیسان گەمییەکەت غەرق بووە!!

ئیدی وەکو فیشەکە شێتە بە ئاسمانێ را دەچووم: غەرق بووە نەبووە چاوم دەردەهات، چاوتان دەردەهات، ئاخر ئێوە هەقتان چییە، خێرتان نییە شەڕتان بە پای سەگ. بەخوا سەیرە! ئەو خەڵکە بۆ ئەوەندە حەز دەکەن سەر بکەنە سەر یەکتر، پەکو!! هەر کەسیان دەست نەکەوێ بە خۆیان رادەبوێرن، شا بە تاقەتی مرۆڤی ئەم سەردەمە، جاوەرە لەو دۆزەخەدا بژی... لە هەموو خۆشتر، لێکدا لێکدا ئاگری دۆزەخەکەی دەورت خۆش دەکەن و دەیانەوێ بەزمانی بەهەشت بیاندوێنی!! ئاخر ئەمە کەی بووەو کەنگێ دەبێ ! هەر ئەم داوا ناڕەوایە سەدان و سەدانی گومناو کرد، رەهەندەی دیاری غوربەتی کردن، دیقەتی پێ کردن، گەیاندنیە پای... تۆپاندنی!!

لەگەڵ ئێوەم نییە، نا، نا هەرگیز رێ بەخۆم نادەم کاری وا قۆڕ بکەم. تەنیا لەگەڵ خۆممەو بەس هەر خۆم وخۆم! شێت بووە!!... پێدەچێ بیانەوێ هاوخەمی و هاوسۆزی خۆیان بنوێنن! یان بەزەییان بوڕوژێ و سەدەقە سەری خۆو ماڵ و مناڵیان بیبەخشنەوە! یا بۆ تەنیایی خۆ بگرین و بیانەوێ ناخی غەریب و تەنیاییان تۆزێ کەوی بکەن! غوربەت خەڵکی لێکدی نزیك دەکاتەوە، دەنا ئەمانە قەت وا قسەیان دەکردە یەك... گوناهە!

ماڵتان ئاوا نەبێ، ناوەڵڵا قەت قەت ئاوا نەبێ. وەڵڵا بابە ئێوە گوناح نین!! سەلا لە ئەقڵتان، گوایە بەزەیی دەبەشنەوە! نازانن تیرەی بەشەر رەنگە لە زۆر شت نزیك ببنەوەو پەی پێ بەرن، ئەرز، ئاسمان، دوڕگە نادیارەکان، ئەستێرە دوورەکانو... زۆر شت کەشف بکەن و دابهێنن، چەکی کوشندە، چەکی بڕاندنەوەی تۆوی تیرەی بەشەر، بەڵام مەحاڵە پەی بە دنیای ئاڵۆزو جەنجاڵی ناخی مرۆڤ بەرن! بێهودەیە لاف و گەزافتان.... بڕۆن بڕۆن تا جاو هەرزانە خۆ بکوژن، ئا ئا بە دەستە جەمی خۆ بکوژن: تۆ بیهێنە بەرچاوت بزانە چەند دیمەنێکی شیرین و جوانە!

- ... تەنیاو بێکەس و غەریب و داماو....

دیسان سەلا لە ئەقڵتان، نە بابە، ئێوەنا. حاشا، چۆن گوناهی وا دەکەم، هەر مەمۆ، مەمۆ، مەمۆ و بەس، هەر مەمۆ بێکەس و غەریبە، تەنیاو داماوە! کورە بە چل بار قورعان لەوەتەی مرۆڤ و تیرەی بەشەر پێی ناوەتە سەر ئەم زەوییە هەر بێکەس و تەنیا، غەریب و داماو بووەو هەرواش دەبێ. کە غوربەت لە ناخی هەر یەکێکدا سەری هەڵدا، ئیدی مەحاڵە بهێورێ و بحەوێتەوە. ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ، دەبێ بە هاودەمی هەمیشەیی نیگەرانی! خەنی لە خۆتان گوایە ئێوە تەنیا نین! خەنی لە خۆتان، ئەرێ وەڵلا خەنی لە خۆتان، دڵی خۆ خۆشکەن، چاو بگێڕین، بنۆڕن، دیقەت بدەن، چوار دەورتان خزم، دۆست، برادەرە.. دڵی خۆتان بە کۆمەڵێ فشە پێوەندی کۆمەلایەتی خۆشکەن! یاغنیش خۆتان، ئەرێ وەڵلا یاغنیش خۆتان، کۆمەڵێ بەرژەوەندی رووت، زۆر جار لە دەرێی دەسەلات و هەڵبژاردنی خۆت، بارێکی مەعنەوی یا مادیی بەسەر تیرەی مرۆڤا بسەپێنێ! ئەوجاش گەوج گەوج دڵی پێ خۆش بکەی، چییە؟ شوکر تەنیا نیم! هاتوو ئەو دایکە کلۆڵەی من تەنیا بوو ئیتر بەس نییە! لەم دنیایەدا تەنێ منی شك دەبرد، ئەو تا بەرەبەیان درومانی دەکرد، بەسەر دەرزی و تەقەلاندا دەنووشتایەوە، هەر لەبەر خاتری من، تا هەست بە بێ بابی نەکەم لە هێلاش بەجێ نەمێنم، کەچی وەختێ مرد، بە تاقی تەنێ مرد، منی سپڵەو پێنەزان نەمتوانی لە بری ئەو بمرم! پارچەڵە بووم، ئەقڵم بە زۆر شتدا دەشکا.. جار جارەش دەترسام دایکم لە کیس بدەم. کە رقم لەو ژنانە بوو کە دەهاتنە کنی.. خۆم لێ دادەگرتن، گوێم هەڵدەخست تا بزانم چ دەڵێن، چ ئۆینێکیان لەبن سەردایە. تا دەرۆیشتن دڵم لە مستما بوو!... رۆژێ لە مەکتەب چوومەوە، سەیرم کرد (فاتك) لەماڵمانە، زۆرم لەبەر گران بوو. لە خۆڕا رقم لەو ژنە بوو. ئێستاش شێوەو روخساریم لەبەر چاوە، ئافرەتێکی پاك و خاوێن، تەڕوبڕ، سینگ و مەمك قوت، سمت و کەفەڵ پان، باڵا بەرز، بەرمورێکی شینی مورو ورد لە گەردنە سپییەکەی چەسپ بووبوو، بە جارێ لێی بووبوە نەخش. بەلام چ بکەم من رقم لێی بوو ... پێ دەچوو لە قسان بووبنەوەو چاوەڕێی وەلام بێ و پەلەی رۆیشتنی بێ. لە پەنایەکەوە خۆم لێ داگرتن و گوێم هەڵخست:

- دەی چی دەڵێی ((زارێ)) بە خودای رێوی بە پیرتەوە هاتووە، پیاوی وا چاك هەر نابێتەوە.

دایکم وەك ئەوەی بیەوێ من لەو کەین و بەینە تێ نەگەم، و دڵم نەڕەنجێنێ، بە ئەسپایی لێوی لەبەر یەك هەڵێنان:

- بە خوای ((فاتك)) بەخۆیشت دەزانی پیاوی خۆم چ عەیبی نەبوو، بەلانەکی چ دەڵێی لەگەڵ بەخت و ئیقباڵ! کە خوا نەیدا بە تۆپزی نابێ.
- ئیدی کەیفی خۆتە، هێشتا جوان و جاحێڵی، بەخۆیشت دەزانی ژنی جاحێڵ قسەی لێ دەوەشێتەوە.. دەترسم هەتیوە ورتکەو سورتکان.
- وەی حەدیان چییە! دوور لە رووت گویان خوارد، خۆ بە ورتکە نای بەر دەرکەی بابی وان نەژیاوم. مەگەر زارێ چاوشین نەبم، لە خوام دەوێ ناماقوڵییەك بکەن، شەرتبێ دەردێکیان دەدەمێ بە هەنگوینی بڵێن زاری مار.

- کچێ خوشکم لەقان لە بەختی خۆت مەدە، پیاو سترە بۆ ژن، کوڕەکەشت وەکو گوڵ بۆ بەخێو دەکاو ئەویش بۆ خۆی دەحەسێتەوە و بێ بابی پێوە دیار نابێ.

- لا، لا ((فاتك) بەخوای جەرگی خۆم ناکەم بە قوربانی لەزەتی پیاو، تۆ پیاو ناناسیت چەند سپڵەو پێ نەزانە، هەر کە کاری خۆی رایی کرد ئیدی.. ناوەڵڵا خوشکێ، جەرگی خۆ ناکەم بە قوربانی لەزەتی پیاو...

هەر گوێم لەو قسەیە بوو، ئۆخژنێکم لە دڵ و دەروون گەڕا.

★ ★

رۆژگار هاتوو رۆیی، من گەورە بووم. دامەزرام. دایکم بە هەورازی تەمەندا هەڵشکا.. بەڵام هەر چەند منی دەبینی دڵی کوڵێ بەزی دەگرت، لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری، وەك ئەوەی بڵێ: ئەوجا مردن هەقە، تەمەنیش ئەمانەتە لەلای ئینسان، درەنگ یا زوو دەبێ بیداتەوە. هونەر ئەوەیە تا لە دەستی بەشەرەکەدایە چۆنی بەکار دێنێ... شوکر (مەمۆ)م پێگەیاند. هەزار شوکر بەبەشت خوایە. ئیدی مردن هەقە!

- ... جەرگی خۆم ناکەم بە قوربانی لەزەتی پیاو.

ئێستاش کە ئەو قسەیەم بیر دەکەوێتەوە ئۆخژنم دەکەوێتە نێو دڵ و دەروون. دار توویەکی زەلام لە ناوەندی حەوشەکەمانا بوو. بوو بوو بە لانەو ئاشیانەی دەیان چۆلەکەو کوکوختیو... جریوەجریوی چۆلەکەو ناڵە ناڵی کوکوختی زۆریان وەڕەزو بێزار دەکردم. کە قینم لە ناڵە ناڵی کوکوختی بوو، ناڵەو زاری ژنانی کۆست کەوتووی وەبیرم دێنایەوە! رۆژێك لێبڕام درەختەکە ببڕمەوە و بەڕەگ و رەچەڵەکی چۆلەکەو کێشکەو کوکوختیدا بچمە خوارێ و تۆو بڕیان بکەم. بەیانیەکی هەینی، سپێدە زوو لە جریوە جریوی کێشکان و ناڵەناڵی کوکوختیان رابووم، هەڕەیەکی گەورەو تیژم هێنا، بەربوومە بڕینەوەی پیرە درەخت، چۆلەکە کەوتنە باڵەفڕەو جریوەجریو، وەك بڵێی بپاڕێنەوەو بڵێن: کورە مەمۆ بیکە بە خاتری جوانی خۆت، لانەو ئاشیانەمان لێ تێك مەدە: کورە مەردی چابە ئەمە کاری کردە نییە، تۆزێ بەزەییت بکەوێتە دڵ، کورە ئەوی لانەو ئاشیانە تێك بدا خێر لەخۆی نابینێ... کورە خەڵك ئاوارەکردن کارێکی گەلەك ئەستەمە. ئاوارەیی و غوربەت گەلێ سەخت و دژوارە، کورە دایکت لەماڵ بوایە لێت رازی نەدەبوو... بیکە بە خاتری دایکت، ئەو دایکەی جوانی خۆی کرد بەقوربانی تۆ، بۆ تۆ خۆی لە لەزەتی دنیا کرد. کورە ئەو لە ماڵبا نەیدەهێشت کاری وا بکەی..

... جەرگی خۆم ناکەم بە قوربانی لەزەتی پیاو...

خێر، بە گوێما نەچوو، نەچوو، دڵم نەرم نەبوو، درەختەکە زۆر زەلام بوو، باوەشی چ زەلامێکی پێرا نەدەگەییەوە، کەچی خۆی لەبەر پیرە هەڕە نەدەگرت. بە چەند پشوویەك ئەو درەختە زەلامەم لەلە کرد، هەر بەشی پاڵێکی پێوە مابوو، راوەستا بووم تەماشای درەختەکەم دەکرد، لە پڕ گەردەلوولێکی توند هەڵیکرد، پیرە دار بە سەرما رما، هەر هێندەم ئاگا لەخۆ بوو، ئازارێکی کوشندە لە مۆرەغەی پشتم هەستا.

★ ★

وەكـو مەسـتێكی مەسـت، سـەرم دەسـوڕا. پێڵوەكـانم قـورس بـوون و بـۆم هەڵنـەدەهاتن... لـە پشـت پێڵوەكانمەوە ئاسمانی شین و مەنگم دەدی، یەكپارچە ئەستێرە بـوو. لـە پـڕ ئەسـتێرەیەكی گـەش گـەش راخشی. كۆمەڵێك گڕی سپی واژی بە دواوە بوو، بە خێرایی بەرەو من دادەكشا.. زۆر ترسـام، هێـزم دایـە خۆ كە لاكەوم... بۆنی بەنج و سپرتۆو دەرمان كـەپوی زوراندمـەوە. شـوێنم نـەبوو نەچوزێتەوە. چـاوم هەڵهێنا، نیگام لە نیگای دایكم هەڵەنگوت، رەنگی بوو بوو بە جاوی سپی، چاوە شینەكانی بوو بـوون بـە كاسەی خوێن. كە جوان دیقەتیم دا، دەتگوت كۆڵێكی یەگجار قورسـی بـە كـۆڵا داوە، بـالا بەرزەكـەی دوو لۆ لە ژێریا كۆمابووەوە.

- ...تۆ پیاو ناناسی چەند سپڵەو پێنەزانن. دەستی بە هـەنگوینی لـەزار كـەی هەركـە دەرت هێنـا دەیگەزێ...
- ...جەرگی خۆم ناكەم...
- ...ئەو تاقە چۆلەكەیەم هێلانە شێواو ناكەم..

دوو چاوی ماندوو هەموو سیمایان داگیر كردبوو، ترسـێكی شـاراوەو هیوایـەكی نادیـار بـە روویـەوە دیـار بوو. نامۆیی لە نیگای دەباری.. بە چاوانی لە خەم نیشتوو دایبێژتم، وەكو ئەوەی بڵێ: بێ بـەلابی رۆڵـە، چۆن هێلانە دەشێوێنرێ! ئاخر هێلانە شێواندن ئەستەمە، كاری هەموو كەسێك نییە، تۆ چۆن كـاری وا دەكەی!

گریان لە ئەوكم گیرا، فرمێسك لە چاوانم قەتیس مان... بە ئاستەم... لێوم لەبەر یەك هەڵێنان.

- دا...ی...كە...

لە پڕ دایكوركاند، بـە سـۆز و میهرێكی خوایانـەوە دەسـتی لـەملم وەرینـا، كەوتـە هەڵمـژینی دەموچـاوم، دەتگوت بەتەما نییە جارێكی دی یەكدی بدینین و لەوەیە گۆڕ بۆ یەكجاری لێكمان جوودا بكاتەوە!...

★ ★

هێشتا بە تەواوی چاك نەبوبوومەوە. هێشتاش هەر خوێن دادەنیشتم. ئەگـەر چـاوی دایكـم لـێ دووربـا، گەڵاو گەڵ دەڕۆیشتم. كە نەگبەتی هات بە لێشاو دێ، زۆری نەبرد دایكم مرد، ئۆتۆمبێل لێیـدا، بۆخـۆی ئیسراحەتی كرد، نە شەو نوخونی، نە دەرزی و درومان، نە خۆپاراستن لە قسەو قسـەڵۆك، ئـەو رۆیـی و بەجێی هـەق شـاد بـوو، منـی وەڕز و بێـزار، بـێ تاقـەت و بـێ زەوەر، لـەخۆ نـەبان، نـەخۆش و دەغـەزار، نەمدەتوانی بە تەواوی بشخەوم. كە دەهاتمەوە ماڵی ساردو سڕ ترسـم لێ دەنیشـت، ژوورەكـەم لێ دەبـوو بە تاریكستانێك چاو چاوی نەدەدی. پاڵ دەكەوتم، چاوم دەنوقانـد بـێ فایـدە بـوو، دەمكـردەوە خـراپتر، هەڵدەستام دەچـوومە بـەر پەنجـەرە پەرپوتەكـەم، شـانم دا دەداو دمڕوانیـە دەرێ. ماڵـەكان لەبـەر چـاوم گیانیان دەكەوتە بـەرو دەكەوتنـە سـەما، سـەمایەكی بـێ نـەزم و شـێتانە، نـاوە نـاوەش لـە دوور تارمـایی مەستێك بە دیار دەكەوت كە بەدەم لەتردانەوە جادەیـەكی دەبـڕی و خـۆی بـە كۆڵانێكدا دەكـرد، لینگـی لێ بڵاو دەكردەوەو خۆی خاڵی دەكردو بەدەم دەمرێژی جوێنەوە خۆی بكێش دەكرد..

نیگەرانی، وەك چۆن تاریكە شەو بەبێ خشپە دەڕژێتە ناو ڕۆژو هەموو سوچێكی داگیر دەكا، ئاوا دەڕژێتە ناخمەوەو دەگاتە سەر مۆخم، ئەدی مەعنای چی؟ دایك مردن گەمەیە! چی شوێنی پڕ دەكاتەوە! ڕەنگە هەر پڕ نەبێتەوە.
ئێستا، ئا ئێستا وام لە نێو ژووره پەرپوتەكەمدا، هەست دەكەم ژوورەكەم لە ترس و دڵەراوكێم ناپارێزێ، خۆ دەكەم بە ناخما، ئێستا لە ناخی ناخما وەكو شەوكوێرێكی بێ تاقەت لەپ دەكوتم، بۆ خۆم دەگەڕێم، ناخی چی! پڕە لە هەورازو نشێو، دێو ودرنج و وێرانە، كەلاوەكەی ئەملای ژوورەكەم لە چاو ناخما باخی ڕازاوەی ئێرەمە، ناخی چی! پڕە لە دڕندە و جەلاد و نێچیر، پڕە لە فریشتەی لغاو كراو، پڕە لە خوای زمان بڕاو.. پڕە لە كوێرە كۆڵان و بنبەستی هەرگیز لە كرانەوە نەهاتوو..
رابردوو، وەكو باڵندەیەكی كوێری ترساوی پەلاماری پشیلەیەكی برسی، كوێرانە دێ و تەپ خۆی دەكێشێ بە ئێستادا:
تازە ئەو كیژە هاتبووە دایەرەكەمان، هەر لە هەوەڵ ڕۆژەوە مەیلم بەلایدا چوو، خۆیشم نازانم بۆ! دەتگوت موگناتیسێكی لە ناخدایەو بێوەی لە دەسەڵاتی مندا بێ بەرەو ئەوم دەكێشێ. دووریش نییە بێوەی پێ بحەسم عەوداڵی هاو سۆزێ بووبم!
هێشتا نەمدەناسی و بە تەواوی رووممان لەگەڵ یەكدیدا نەكرابووەوە. ئەگەر بڵێی جوان و ڕەزا سووكیش نەبوو، بەڵام ئارام و ئاغر دیار بوو. هەرچی سەرم دێناو دەبرد ئەم ئارامییە ریشەی لە ناو خەمێكی خامۆشدا داكوتابوو، لە دڵی خۆدا دەمگوت: ڕەنگە خۆی بە ناشیرین بزانێ و دژمنایەتیەكی كپی لەگەڵ خۆیدا بەرپا كردبێ، كێ هەیە جۆرە دژمنێك لە ناخی ناخیا نەبێ! دەنا ئەو تەمەنە هی ئەو ئارامیە نەبوو.. سەیرە جا با ناشیرینیش بێ! ئەم خۆ ڕەنجانە لە پای چی! چما ناتوانێ وەكو هەر كەسێكی دی خۆی بخەڵەتێنێ؟! ساتە راستگۆكان لە بار بەرێ، ناخی نەبانی خۆی كەوی بكا؟! ناتوانێ خۆی راهێنێ؟ خۆ هەموو شتێك هەر راهاتنە. تەنیا مەرگ نەبێ، ئەو غەداربابە نە لەگەڵیا رادێی و نە لەگەڵتا رادێ! سەیرە، ناتوانێ خۆی راهێنێ! خۆ ئەوە ڕەفتارێكی هەرە باوی ئینسانە، چما ئەم لە تیرەی بەشەر نییە!
كورتە باڵا، بارێك و بنێس، كە جار جار مەمكی بە ئاستەم لە درزی كراسەكەیەوە بە دیار دەكەوتن دەتگوت جوتێ هەرمێی باڕنی سیسەوە بوون. دەموچاوی تێك قوپاو، بێ ڕەنگ، ژاكاو، دەتگوت پەلكی درەختێكی نەخۆشەو لە هەڕەتی بەهارا خەزان لێی داوەو تروسكەی ژیانی بەرەو كوژانەوە دەچێ، بەڵام ئوباڵ بەئەستۆم چاوی جوانن..
من خۆم دەناسی، دەمزانی چ ماڵێكم و چ دەردێكمە، بۆیە بە تەواوی خۆم لە ژنان دوور دەگرت.. كە بیرم لە ژنان دەكردەوە تەزوویەكی سامناكم بە قالبیدا دەهات.
وەستا سەعیدی گەچ فرۆشم لەبەرچاو بەرجەستە دەبوو، كابرایەك بوو پیر، دەموچاو چرچەڵە، شان و شەپیلك داكەوتوو، كورتە باڵا، لاواز، توكن، چلكن، كە چاوە پرۆشكەكانی دەتروكاند لە شەمشەمەكوێرەیەكی شەكەت و بێ دەماخ دەچوون. ڕۆژێك لە دوورەوە دیتم، خۆی بەسەر گۆپاڵەكەیدا دابوو، و بەتۆپزی خۆی بكێش دەكرد و بۆ خۆی لەبن لێوانەوە دەیپرتاند... كە گەییمە ئاستی گوتم:
- ماندوو نەبی وەستا سەعید...

سەری هەڵبڕی و بە تۆپزی پشتی چەمیوی راست کردەوە، دەستە لەرزۆکەکەی کرد بە سێبەر بۆ چاوەکانی. بەقورگی پڕ لەگریانەوە گوتی:

- ئەمە تۆی کوڕم! بیستت رۆڵە، تۆش بیستت مەمۆ.. بزانە بەم ئاخری پیرییە چیم بەسەر هات! چۆن بووم بە گەپجاری ئاشناو بێگانە.

- چی بووە وەستا سەعید خێرە!

بە لێوە لەرزێ و بە دەنگی بەرز وەکو ئەوەی بیەوێ بەزینی خۆی بە هەموو کەسێك رابگەیەنێ گوتی:

- کەزی شۆڕ! کەزی شۆڕیان رفاند.. رەدوو کەوت.. ئاخری دەستی خۆی وەشاند.

لە دڵی خۆدا بۆ قسەیەك دەگەڕام بیکەم، هەر چیم کردو کۆشا هیچم بۆ نەهات. مات و بێدەنگ لە بەردەمیا وەستام. سەراپای بەنیگا دابێژتم. هەناسەیەکی پڕ هەسرەتی هەڵکێشا، وەك ئەوەی بڵێ: بریا لە سونحی تۆدابام، جا با ئەوجا کەزی شۆڕ رەدوو کەوتبا، بزانە لە بنی عێزیشابا پەیدام نەدەکردەوە.. بەڵام هەیهات.. خۆزی لە دنیادا پیری نەبا.. پەککو لەو حەیاچوونە، پیاو ژنی بڕفێنرێ! بە خودای مردنی چاترە.

کەزی شۆڕ، کۆرپە کیژێکی کەڵەگەتی بە داروباری تەڕو بڕ بوو، چاوانی پرشنگدار، دەم و لێوی ئەستوور، روومەتە خڕەکانی کە جار جار دەکەوتنە بەر سێبەری بسکە شۆڕەکەی دەتگوت سێوە لاسورەن و لە سێبەری گەڵای سەوزو پڕ بۆندا ماتەیان داوە، لەرەی مەمکە قوتەکانی مێیاتییەکی رەسەن و حەزو وروژێنیان لێ هەڵدەقوڵا.... نازانم وەستا سەعید بە چ فێڵ و دەهۆیەك هێنابوویەوە رەداو خواستبووی!

منیش هەر چۆنێك بوایە دەبوو قسەیەك بدۆزمەوە و تۆزێ دڵی بدەمەوە، هەر هات بە زارماو گوتم:

- دە گوێی مەدەیێ وەستا سەعید، کەنگرو قوماش نابنە وێڵداش! کەی باری خوار گەییوەتە جێ؟!

دەمم سوتا ئەو قسەیەم کرد، کابرا دەهری بوو، چاوە پروشکەکانی کرانەوە.. دەستە لەرزۆکەکانی خستەسەر گۆچانەکەی و کەوتە لەرزین.. قەدەرێ بەو دەقەوە مایەوە، ئەوجا بە دەنگێکی نووساوی گازاندە ئامێزەوە گوتی:

- تۆش... تۆش کەرانباوگاوی باوەحیز تۆش...

بە دەم تۆش –تۆشەوە بێ دۆعا خوازی نشێو بۆوە.

★ ★

پیر نەبووم، نەخێر پیر نەبووم، سی و یەك ساڵ پیر نییە، بەڵام هەستم دەکرد لە ناوەوە دەتەپم، گەلێ لە وەستا سەعید بێ کەڵك ترم، کەچی بە دەستی خۆم نەبوو، مەیلم دەچووە سەر ئەو کچە تیوەو کەیفم پێ دەهات، نازانم چ سیحرێك بوو، تەنیایی بوو، بێ هاوسۆزی بوو! چی بوو؟ موگناتیسەکە بوو!...

چەن لێی نزیك دەبوومەوە پتر ترسم لێ دەنیشت، ژن لە بەرچاوم دەبوو بە ئەسپی تۆڕو تۆسن کلکی کلافە دەکرد، دەیدایە چوار ناڵە، گەردەلوولی لە دواوە هەڵدەستا، یاڵە بژەکەی بەدەم باوە دەکەوتە سەما، فیشکەی کەپوی سەعاتە رێیە دەڕۆیی. گەردنی زراڤی هێندەی دی قوت دەگرت، ماسولکەکانی

لاتـەڕاف و سـەر سـینگ و چـوارپەلی بـاریکی، تـورت و تونـد. یـەك یـەك دەمارەكـانی بـژمێرە.. رەش سوارێكی هەڵگرتووەو مەگەر هەر خوا بزانێ لـە كوێ دەیـدا بـەزەوی داو هـەپرون بـە هـەپرون دەبـێ... كێ ئەو ئەسپە تۆڕو سەر شێتە كەوی دەكاتەوە!

لەگەڵ ئەو هەموو ترسەشدا هەر مەیلم دەچووە سەری، هەستم دەكرد لێوەی نـزیكم، بـە زمـانێ دەدوێ نزیكە لـە زمـانی مـن. هەسـتم دەكـرد لەگـەڵ ئـەودا زمـانم دەپـژێ، قسـەكانم گـومرگ ناكـەم، وشـەكانم تەراشكاری ناكـەم، بیرەكـانم رتـوش ناكـەم. كـە لـە كارەكـانی دەبـووەوە، ئەلبومـە بچوكەكەی دەردێنـاو بەكاوەخۆ پەڕەكانی هەڵدەداوەو بە دیقەت تەماشـای دەكـرد، هـەر چـەند ئـەم كـارەی زۆر دەكـرد، بـەڵام هەموو جارێك هێند بە وردی سەرنجی دەدا دەتگوت یەكەم جـارە دەیبـینێ. لـە چـاوی دوور دەخسـتەوە، نزیكی دەخستەوە، وەكو بە چاوی كڕیار بڕوانێتـە شـتێك و بـۆ بچووكترین خەوشـی بگـەڕێ.. جـار جـار دەیدایە بەر روناكی پەنجەرەكە.

رۆژێك چەشنی منداڵێكی لاسار پڕم داێ و لە دەستیم راڕفاند. تورە نەبوو! مـەنگ و هـێمن، كـەم و زۆر خۆی شێلو نەكرد، بـە پێچـەوانەوە بزەیـەكی گـەش سـەراپای دەموچاوی داگـرت، لـە تـۆ وایـە منـداڵێكی ساوایە و بە دەم فریشتەوە پێدەكەنێ، بـزە نـەبوو، جـۆرە سـەمایەكی سیحراوی بـوو! هەسـتم بـە جـۆرە پەشـیمانییەكی بەلـەزەت دەكـرد، بـەڵام پـاش چـی! فزولێـەت زاڵ بـوو بەسـەرما. كەوتمـە هەڵدانـەوەی پەڕەكان، بریتی بـوون لەكۆمـەڵێ سكێچ، تـابلۆو پۆرترێت،شـتاقیان چـوار چێوەی لـەدەورا نەكێشـرابوو! جۆرە راشكاویی و جورئەتێكی سەیرم تێدا بەدی كردن، زادەی هانـدەرێكی راسـتگۆ بـوون، خـەت، رەنـگ، سـێبەرو رونـاكی لـە نـاوەوە تیشـكیان دەهاویشـت و ئوخـژنێكی ئاڵۆزیـان بـەناخ دەبەخشـی. تابلۆكـان بێباكانـە بینـەریان دەدوان. دوور لـە هـەموو گـومرگ و بـاجێكی كۆمەڵایـەتی گوزارشـتیان لـەخۆدەكرد. هێماو رەمز لە ژیان گەشتر بەرجەستە دەبوون. ئەوەی لە هەموویان پتر رایگـرتم و ئالكایـە سـەرنجمەوە تابلۆیەك بوو بە ناوی "بێهودەیی"، ئەسپێكی بێ سەر لە گەرمەی چوار ناڵەدا بـوو. بـاوەڕ بكـە گـەر بـە دیقەت گوێت هەڵخستبا فیشكە فیشكی هەناسـەیت دەژنـەوت، جـوان زەینـت بدایـە، چـەخماخەی سمـە چـكۆلەكانیت دەدی كـە لـە عـاردی هەڵدەسـا. چـوار پـەل باریـك، سـینگ پـان، ماسـولكەكانی لاتـەڕاف سەرسینگ و بـەر گـەردنی زراڤـی تونـدو تـورت، لـە غاردانێكـا بـوو ئـەمما غـاردان! لـە تـۆ وایـە هـەرگیز ماندوو نابێ و پەكی ناكەوێ، بەڵام مەخابن كە تۆزێ لێی رادەمای خێرا ئـەوەت بـە خەیاڵدا دەهـات كـە نازانێ بۆ غاردەدا. یا ترسێكی نادیار بەو جۆرە تاوی پێ دەدا!..

- .. ترسنۆك هەر لاقی لە بیرن.

كە منداڵ بووین و دەچووینە شەڕە گەڕەكان، سـەر دەسـتەكانمان بـۆوەی زاتمـان وەبـەر بنـێن و لـە شـەڕ هەڵنەیەین وایان پێ دەگوتین.

★ ★

كە تابلۆكەم بینی موچوڕكێكم پێدا هات، نـاخم هاتـە لـەرزین. دەتگوت بوومەلەرزەیـەك لێـی داوەو دوا قـوژبنی ئـاوەدانی دەتـەپێنێ و نـوغرۆی دەكـا. بـووم بـە كەلاوەیـەكی چـۆڵ و هـۆڵ، كـپ و خـامۆش، خامۆشـییەكی ئەبـەدی بـاڵی بەسـەر ناخمـا كێشا. رقـم لـە بـێ دەسـەڵاتی خـۆم دەبـووەوە، بـووم بـە

ئەسپەکەی "پەری" و بێهودە غارم دەدا. زۆری نەمابوو کۆنترۆڵی خۆم لە دەست بدەم. ئەلبومەکەم لێك ناو دامەوە دەستی. تۆزێ دامام، پاشان گوتم:

- باشە بۆ پێشانگایەك بۆ ئەم تابلۆیانە ناکەیەوە؟

- بڵێم چی! ئەم تابلۆیانە زۆر تایبەتین، هەر بۆ خۆمم دروست کردوون. حەز ناکەم کەس بکەم بە شەریکی ئەو ساتە تایبەتیانەم، ئەمە جگە لەوەی هەست دەکەم کۆمەڵێ ساتی وەستاون و چ بزاڤێکی پێ دەستەمۆ نەکراوە، چونکە ناخ گەلێك خێرایەو چەشنی جیوە وەستانی بۆ نییە، هونەر ساتە خێراو زندووەکان رام نەکا نەمری بەدەست ناهێنێ.

- جا چ فەیدیە، خۆ زۆربەی هونەرە رەسەنەکان لە شتە تایبەتیەکانەوە دەست پێ دەکەن.

- راستە، بەڵام نامەوێ چ کەسێك بکەم بە شەریکی ساتە تایبەتیەکانم، بە تایبەتی ئەم ساتانەی من کە وەستاون وەستاو..

- تێ ناگەم!

- مەبەستم ئەوەیە کە ناخ چەشنی جیوە وەستانی بۆ نییە.. تەنیا بەهەرەمەندانی گەورە ئەو ساتە زیندوانە دەناسن و لێی نزیك دەبنەوە. هەستم دەکرد چین چین دەڕوخێم، هەرەس دێنم! کەوتوومەتە حاڵی مردن و خوا خوامە راهیبێك بێتە سەرم بەر لە مردن هەموو ئیعترافێکی بۆ بکەم و بە ئاسوودەیی سەر بنێمەوە. هەر خۆم بە خۆم دەڵێم: جا تۆ راهیبت بۆ چیە! ئیعتراف بۆ خۆت بکە.. گوایە راهیبی بەستەزمان چی لە تۆ تێ دەگا! خۆ چاکیش دەزانی لەوەتەی بەشەر هەیە نە لەیەك دی تێگەیشتوون و نە لە یەکتریش تێ دەگەن. ئیدی چیت لە راهیبی بەستەزمان گەرەکە! قابیلە لەخۆت زیاترت بناسێ! پسوولەی بە هەشتت دەداتێ! باری لەشت سووك دەکا! جەنازەکەی هابیلت لە کۆڵ دادەگرێ! ترحێو... دە بە راشکاوی بڵێ ژیانم بێهودەیە و هەوڵی هەمان غاردانی ئەسپەکەی ((پەری)یەو بەس.

هەستام، بێزارو بێ تاقەت، پەریم بەجێ هێشت. دەترسام. ئەم ئەسپە خاوەن تۆپیوە بوو بە نووسنەك و بە بەرۆکی هزرو بیرمەوەو نووسا.

-... ئەم ساتانەی من وەستاون، چ بزاڤێکی ناخی پێ دەستەخۆ نەکراوە.. ناخ عەینی جیوەیە..

لەبەر خۆوە دەمگوت: راست دەکەی پەری، کێ پەی بەم ناخە دۆزەخەی من دەبا، کێ ئەم دەردە لەبری من هەڵدەگرێ. دەمەوێ لەگەڵیا رابێم، کەچی بێ فایدەیە، دەستەمۆ نابێ و نابێ، بە خودای مردن لە هەموو شت چاترە. تۆ بڵێی ئەوساش هەر دەست بەردارت نەبن!.

- ... مێشکی تێك چووە.

پێ دەچوو ئەویش بیەوێ لێم نزیك بێتەوە، رەنگە واش نەبێ. جا با نزیکیش بێتەوە چی لەمن دەست دەکەوێ! چ فەیدیە خەونە و دەیبنێ، گوایە رێی خەون دیتنیشی لێدەگرێ! نە ء، با خەون بدینێ، خەونی دۆنکیشۆتانەو گەورەتریش، ترسم لە خەون دیتنەکەی نیە، تا حەز دەکا با خەون بدینێ، ترسی هەرە گەورەم لە بێدار بونەوەکەیەتی... خۆ هەر بێداریش دەبێتەوە، هەنگێنێ ریسەکەی من دەبێتەوە بە خوری... بێداری وایە...

- ... سەر بێ سەرێشە نابێ!

دایکم خوا عافوی کا لەگەڵ مردووی حازری و گوێدێرا، هەر کە گیرۆدەی ئاستەنگێك با وای دەگوت.
نازانم ئەو کچەتیوە خۆشی بەکوێما چووە! چی ئەو؟! یا مـن خۆشـیم بـە کـوێی ئـەودا چـووە! ئـەو رۆژە هەر کە هاتمە ماڵێ، چوومە بەر ئاوێنـە تـۆز گرتۆکـەو بـۆ یەکـەمجار بـە دیقـەت تەماشـای خـۆمم کـرد. دەتگوت تەماشای کەسێکی غـەریب دەکـەم: بـاڵا بـەرز، نـاو شـان پـان، لێـو ئەسـتوور، کـەمێك شـۆڕ، چـاو سەوزو نیگا غەریب، لەبەر خۆمەوە گوتم: غەریباو غەریب کـەوتووین. چ شـتێك لـە ئارادا نیـە غـەیرەز غوربەت، غوربەت وا لێکمان نزیك دەکاتەوە. ئاخری خێر بێ، دەبـێ کۆتـایی بـەم بەزمـە بێـنم، کـەمێك سەبرم لێ بگرە، بەسە تاقەتم چوو، چیدی هەڵناکەم، هەرچی دەکەم رانایەم و نایەم، دەبێ کۆتـایی بـەم بەزمە بێنم.
ئێسـتا، ئـا ئێسـتا ژوورەکـەم فـت، خـۆمم و نـاخم، وام لـە نـاخی ناخمـا، سـەرگەردان و حەپەسـاو، سـام گرتوومی و وەکو شەوکوێرێکی بێ تاقەت لەپ دەکوتم، بۆ خۆم دەگـەڕێم. ژاوە ژاوێـك وەك چـۆن شـەوبا بە گڤ و هۆڕ خۆی بە نێو لق و پۆپی دەوەنەجاڕ و درەخـتی بنـاری چیایەکی بـێ نـازدا دەکـاو فیزاحـی دووری ژنانی کۆست کەوتوو وەبـیر دێنێتـەوە، ئـاوا لـە دەرگـای بیسـتنم دەدا، مـەلول و دامـاو چـاوەڕوانە دەرگای لێ بکرێتەوەو ئەویش خۆی لەم دۆزەخەی ناخما بنێژێ. نا هـەقی نییـە، دۆزەخـەو هـاوار دەکـا: هل من مزید! هەموو شتێك لەم دۆزەخەدا بە گۆترەکارییە.
رابـردوو وەك باڵندەیـەکی کـوێری ترسـاوی پـەلاماری پشیلەیەکی برسـی، کوێرانـە دێ و تـەپ خـۆی بـە ئێستادا دەکێشێ:
رۆژێکی دییە. چوومە لای پەری، سەری قەرەباڵغ بوو، خەڵکی دەوریان دابوو، یـەك یـەك کارەکـانی رایـی کـردن و بـە رێـی کـردن.. سـەری هـەڵبڕی، خێـر هـاتنی کـردم... پـێ دەچـوو بیـەوێ سـەری قسـەیەك دامەزرێنێ. موراجعێك بە هانکە هانك وەژوور کەوت، کۆمەڵێ ئەوراقی پێ بوو:

- خوشکێ ئەمە لای تۆیە؟!

بزەیەکی سیحراوی سیمای داگرت، بزەیەك خەریك بوو ببێ بە قاقاو لە ژوورەکەدا دەنگ بداتەوە.

- بەڵێ، تەواو پاشان خۆمان جوابت لێ دەگێڕینەوە..

کوڕەکە بەخۆشحاڵییەوە رۆیی، هێشتا ماکی زەردەخەنەکە بە رووییەوە مابوو کە گوتی:

- دەزانـی بـۆ پێکـەنینم هـات. بـە وشـەی خوشـکێ. بیرمـە پـۆلی چـواری دانشـگا بـووم، بـە پێـنج شەممەو جومعە هاتبوومەوە، دەمەو عەسری جومعە ویستم بگەڕێمەوە، بابم تا گـەراج لەگـەڵم هات، وەختێ سـواری ئۆتۆمبێـل بـووم، بـابم لەگـەڵما سـەرکەوتە سـەرێ، یـەك جێگـا مـابوو، لـە تەنیشت کوڕێکەوە بوو.. بابم بە نەدڵییەوە گوتی:

- لەوێ دانیشە، ئەویش وەکو براتە!

پێکەنین گرتمی، پێم شەرم نەبا لە قاقای پێکەنینم دەدا. لە دڵی خۆدا گوتم: بـابم چـەند بەسـتەزمانە، پاشان وەك بڵێی ژیـوان بوومـەوە گـوتم، نـە ء، خـۆی هەڵدەخەڵـەتێنێ و وادەزانـێ بـەو قسەیە شمشـێری عیفەتی لە نێوانمانـا دانـا... تـۆ بڵێـی ئـەو حەقیقەتـە سـادەیە نـەزانێ کـە هـەموو مێینەیـەك نێربـازەو هـەموو نێرینەیـەك مـێ بـازە! یـا تـۆ بڵێـی ئـەو رەفتـارە ئاسـایی و سروشـتییە لـە داوێنپیسـی جیـا

نەکاتەوە!!... بە هەر حاڵ ئەو شمشێری عیفەتی خۆی داناو بە دڵخۆشییەوە دابەزی، تا ئوتۆمبیلەکەش لە چاو ون بوو هەر سەیری دەکرد.

چەپکێك لە قژە خاوەکەی بەسەر هەنیەیدا بەر بووەوە، بە نازێکەوە لایدا. تۆزێ داما، پاشان گوتی:

- ئەرێ مەمۆ تۆ هیچت دەربارەی من نەبیستووە؟!

پێ دەچوو بیەوێ بێ پەردە و بە راشکاوی قسە بکا، خۆمم وەکو راهیبێکی رەشپۆش هاتە بەرچاو و ئینسانێك لە حاڵی مردنەو دەیەوێ هەموو ئیعترافێکم بۆ بکا... زۆر لە ئیعتراف دەترسم!! یا دەیەوێ ئاقڵانە تێم بگەیەنێ ئەگەر شتێکت لە خەیاڵە ئەوا من ئەمەم و ئیدی خۆت سەرپشکی.

- نامەوێ کەس بکەم بە شەریکی ئەو ساتە تایبەتیانەم...

جا با ئەو قسەیەشی کردبێ چ قەیدییە، خۆ هەر کەسێ بگری چەندین کەسی جیاواز و ناتەبای لە ناخی خۆیدا حەشار داوە.. کە لە ئیعتراف دەترسم! رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە هێندەم رق لە راهیبانە. ئاخر بە چ هەقێك یا بە ناوی کێوە خۆ دەکەن بە شایەت بەسەر خەڵکەوە... وەکو یەکێك لە خەونێکی ناخۆش و بە سام راپەڕێ، لە پڕ گوتم:

- نەخێر..

پێ نەدەچوو باوەڕ بکا، بەڵام وا دیار بوو درۆ و راستی قسەکەی منی بەلاوە گرینگ نەبێ و سوور بێ لەسەر ئیعترافی خۆی... پێ دەچوو بیەوێ سنوورێ بۆ ئەو پێوەندییە ئاڵۆزەی نێوانمان دابنێ و یەکلای بکاتەوەو پێم بڵێ: هی من بە یا هێمن بە... فەتح کردنی ئافرەت کارێکی ئەستەمە، بە هەموو کەس فەتح ناکرێ. یا لەشکرە ماندووەکەت بکشێنەوەو بە حورمەتی خۆتەوە دانیشە، یا مەردانە پەلامار بدەو ئاڵای سەرکەوتن هەڵکە، ئەم باری نە جەنگ و نە ئاشتییە بەلادا بخە...

نیگای بڕییە بەردەم خۆی، قامکە باریك و سپییەکانی بەبێ نەزمی دەدا بەسەر مێزەکەدا، وەکو یەکێك خۆی بدوێنێ، بە کاوەخۆ لەسەری رۆیی:

- ... کە هەوەڵ جار تۆم بینی دڵم داخورپا، وامزانی ئەوی... هەر دەڵێی سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە. ئەگەر ناوەکانتان جیا نەبوایە دەمگوت ئەوی.

نازانم ئەوی لە مندا یامنی لەودا دەبینی، ئەوی کرد بە مەراقم... گوتم: ئەو کێیە؟!

- کاکل... باش بوو شووم پێ نەکرد، دەنا وا نەبوایە دەبوو ئێستا چەشنی مریشکە کڕ، بە درقە درق رەوێڵەم وەدووی خۆم خستباو ئەم زبڵدان و ئەو زبڵدانم پێ کردبان.

- بۆ؟!

- مرد، دایکی کوشتی.

- دایکی؟!

ئا، لێرە نەقڵ بوو، ژنی هێنا، رۆژێ دەچێتە سەفەرێکی سێ رۆژە... شەوی دووەم درەنگانێ دەگەڕێتەوە، دڵی نایەت دایکی خەبەر بکاتەوە، دەچێ لە پاڵ ژنەکەیدا دەنوێ. شەوێ دایکی خەبەری دەبێتەوە، بە چاوی خەواڵووەوە پڕ دەداتە خەنجەرو کوڕەکەی ئەنجن ئەنجن دەکا. پاشان بۆ خۆی شێت دەبێ و دەکەوێتە کوچەو کۆڵانان. دەڵێن لەو رۆژەوە جلێکی سەراپا سووری پۆشیوە، لە بەیانێوە تا

ئێوارێ لەبەر گەراجدا دەوەستێ و چاوەڕوانە کاکل بێتەوە.. دەڵێن کە شۆفێرێ لێی دەپرسێ: بۆ کوێ دەچێ؟ تورە دەبێ و دەڵێ:

- بۆ هیچ کوێ، چاوەڕوانی کاکل-م، ئەدی نازانی ئەمڕۆ دێتەوە!

سەری هەڵبڕی، تەماشـەیەکی کـردم، وەك بیـەوێ کاردانـەوەی قسـەکانی لـە سـیمامدا بخوێنێتـەوە. بـەبێ مەیلی و ساردییەکی دەستکردەوە گوتم:

- ئەدی بۆ شوت پێ نەکرد؟
- پەیوەندییـەکی زۆر تۆخمـان لـە بـەینا بـوو، دەمزانـی یەکـدی هەڵدەخەڵـەتێنین و... کەچـی هـەردووکمان رازی بـووین. زۆر کەسـیش بـەم پەیوەندییـەمانی دەزانـی. ئیـدی ئەمـە بـوو بـە داستانی سەر زاران و ... هەوەڵجار، زۆر بێ پەردەو بە راشکاوی گوتی:
- پەری، حەز دەکەم میوانداریيەکت بکەم...

... زۆرم لەبەر گران بوو، تەزوویەکی ساردم پێدا هات، هەستم کـرد غـروور و گـەورەییم پێشێل دەکا. هەرچیم کرد بە گژیا بچمەوە نەمتوانی. رەنگە نـا هـەقم نـەبووبێ. لەوەیـە هـەر کیـژێکی دی لـە جێی من بـا، نـەیتوانی بـا بـە گـژ ئـەو هـەموو قۆزییـەدا بچێ.. کەوتمـە خـۆ دوانـدن: چـی بـووە، کـابرا هـیچ هەڵەیەکی نەکردووە، میوانداریم دەکا... پـێم گـوت: خـەون دەبـینی. گـوتی: چ قەیدییـە، رێگـەی خـەون دیتن دەگیرێ!.

سـاڵێکی تـەواومان پێکـەوە گوزەرانـد. رۆژێـك گـوتم: بـۆ ئـەم پێوەندییـە نەکـەین بەڕاسـت؟! گـوتی: هەردووکمان جارێ لە تۆغیانی تەمەنداین و باوەڕ ناکەم ئیلتزاماتی هاوسەریمان پێ رابگیرێ.

دەمویست پاشەکشێ بکەم، بەڵام هەرچیم کرد دەرەقەتی خۆم نەدەهاتم، ئیـدی ئـەو ئاقـڵ بـوو و منـیش ....

پەنجە باریکەکانی لەسەر مێزەکەی بەردەمی کەوتبوونە سەما.. تەماشـەیەکی کـردم، پـێ دەچـوو هێشـتا کۆمەڵێ رازی وەبیر بێ. گوتم:

- ئەدی ئێستا چ دەڵێی؟
- شوو سترە، دڵنیایی دەرونی و سەنگی کۆمەڵایەتی بە ژن دەبەخشێ.
- ئەدی ئەوسا بۆ وات نەدەگوت؟!
- نازانم... پێوندی نێوان کـوڕو کـچ عـەینی ئەسـپە، بـەر لـە سـوار بـوون شـتێکە، کـە سـوار دەبـی شتێکی دییە، کە دادەبەزی شتێکی سێیەمە.

لە دڵی خۆدا گوتم: ئەسپ، ئەسپ. ئەم کچەتیوە چۆن بە ئەسـپەوە گرتوویـەتی. تابلۆکـانی، قسـەکانی... مەمۆ فریای خۆت بکەوە، خێراکە...

سەرم خستە نێو هەردوو لەپم، گوشیم، بە راستی گوشیم، لە پڕ سەرم هەڵبڕی و گوتم:

- زۆرم ڤین لە ئەسپی دەستەمۆیە، بە منداڵیش هەر ئەسپی یەکەناسم خۆش دەویست.

هەستام برۆم، نیگایـەکی پـڕ لـە گازانـدەی کـردم، وەك بیـەوێ بڵـێ: وام لـێ رانـەدەبینی، ئـەدی پێشـینان نەیان گوتووە: ماین ئەوماینەیە لە ژێر خۆما نەلەنگێ!!

ئێستا، ئا ئێستا وام لە ناخی ناخما، سەرگەردان و حەپەساو، سام گرتوومی، وەکو شەو کوێرێکی بێ تاقەت لەپ دەکوتم، بۆ خۆم دەگەڕێم!! لەم دۆزەخەدا هەموو شتێك بە گۆترەکارییە، تەنانەت ژیان، ژیان بە هەموو لایەنێکیەوە بە گۆترەیە، مەرگ بە گۆترەیە... ژیان!! ژیان ئاوێنەیەکی ئەفسوناوی چاو خەڵەتێنە، خۆ ئەم خەڵکەش بەچاو بیر دەکەونەوە. تف لە ئاوێنە، لە چاو، سەیرە! کە دیقەتیان دەدەی لێکدی دەچن! بە جووتە تیرەی بەشەریان بە فەتارەت داوە... ئاخ گۆترەکاری! گۆترەیە گۆترە، هەموو شت ئا لێرەدا، لەم شارە نەفرەت لێکراوەدا، لەم شارە سەخیفەدا، ئا لەم جانەوەرستانەدا لەم رۆژهەڵاتە دۆزەخەدا، لە منا، لە ناخی منا، هەر گۆترەیە. دەبی بە فریشتە، جەلاد، راوچی، نێچیر، چاك، خراپ، گومناو، بەدناو، نێودار، دەسەڵاتدار، بێ دەسەڵات، کونەپەپو، شۆڕە سواری چارەنووس ساز، دەم راست، دەم سپی، خوێڕی، بەڕەڵلا، بەهەشت، دۆزەخ، دەبی بە پێشمەرگە، بە جاش، بە جاشمەرگە... دەبی بە هەر هەموو ئەمانەو شتی تریش... ئەوجاش بە گۆترە!!.

ئێستا، ئا ئێستا وام لە ناخی ناخما، شەو تێکەڵی باران و باران تێکەڵی شەو بووە، تاریکی چەشنی خێوێکی رەش رەش بەرەو دوا کەلێنی خۆم و ناخم دەخزێ.. دەترسم، دەترسم، بەسە لەوەی پتر هەڵناکەم. لەگەڵ خەمە گەورەکەمدا ناسازێم. ژیان ئەسپە، بەر لەوەی سواری بی یەکجار تەماح بزوێنە، کە سواری دەبی تا حەزکەی کوێرەوەری و مەشەقەت و ترسە. کە سوار بووی چ مجامەلەیەك نامێنێ، دابەزین نییە، گەڕانەوە نییە، ژیوان بوونەوە نییە، پیاوبەو خێرا خۆت بگەیەنە بەر دەرکەی مەرگ و با فریات بکەوێ.

ئێستا لە کتێبە شڕو تۆز گرتووەکانم نزیك دەبمەوە، دەست دەگەیەنمە پشتیان، دەمانچەکەم دەردێنم، دەڵێی زالوی رەشە، سواری دەکەم، لوولەکەی دەخەمە سەر لاجانگم، هاوار دەکەم: پەری من دەمێکە خەسیوم، باوەڕ بکە پەتکە رزیوێکم لەناو لنگدایەو هیچی دی، کلکێکی بێ خێرەو کەوتووەتە پێشەوە. خۆزگەم بەو مەرگەی کاکل، مەرگ بۆ من ئەوپەڕی بەختەوەرییە.

ئێستا من و ناخم و دەمانچەکەمین. تاریکی چەشنی دێوێکی رەش رەش بەرەو دوا کەلێنی خۆم و ناخم دەخزێ . دەترسم، دەترسم، خۆزگەم بەو مەرگەی کاکل.

- ... دەبی بەهەر هەموو ئەمانەو شتی تریش.. ئەوجاش بە گۆترە.

دە تا زارت دەگرێ جرتێکی دوورو درێژی بۆ لێدە، ئەمما جرتـــــــ، جرتێ لە هەموو شارا دەنگ بداتەوە، ئەوجا چ دەبێ با ببێ ئەم ژیانی گۆترەکارییە ئەسپە، ئەسپێکی سەرکێش، سەری خۆی هەلگرتووەو رەش سوارێك بە گۆترە خۆی بەسەر پشتیەوە قەرساندووە، کوڕم دەوێ زار هەڵێنێ و بڵێ: بابە ئەوە سوار نییە نە، ئەوە قەل پیاوێکەو ئەسپ هەڵیگرتووە.

دە، دەی. دەستت بچێتە خۆ، با مەرگی تۆش سووکە گەرمییەك بەم بازاڕی گۆترەکارییە بدات.

ئێستا، هەر ئێستا خۆم و ناخم فت دەبین، دەمانچەکەش با ببێ بە دەسکە گوڵی ئێوە.

1989

## کەحلان

هەموو دنیا بۆم بڵێ بەگوێم دا ناچێ و هەر بەڕاستی دەزانم. جا چ هەقم بەسەر ئێوەوەیە! نەخێر داستانێکی راستەقینەیە. داپیرەم لەبری جارێ چەند جارێکی بۆ گێڕاومەتەوە. داپیرەم درۆزن نەبوو چونکە ترسنۆك نەبوو، ئازاد بوو، تەنێ مرۆڤی نا ئازاد درۆزنن، دەنا کێ دیویەتی مرۆڤی ئازاد درۆیان بکا! زۆر چاکم لە بیرە، وا دەزانم ئێستایە: دوا گێڕانەوەی ئەو کاتە بوو کە من تەمەنم 16- 17 سالان بوو. شەوێکی تۆقی زستان بوو. لە دەرس و دەور تەواو بووم. چووم بۆ ژوورەکەی نەنکم، بەتەنیا دانیشتبوو، چاوی بڕیبووە سۆپاکەی بەردەمی و تەزبیحە سەدو یەك دەنکییەکەی لە نێو هەردوو قامکی شایەتمان و کەڵەیدا دەنك دەنك بە دیوی چەپدا ئاوا دەکرد. کە لێم پرسی:

- داپیرە ئەوە بۆ بە دیوی چەپداهەڵی دەسوڕێنی؟! دەیگوت:
- خێری زیاترە کوڕم.

جا نازانم، ئێستاش نازانم بۆ وای دەگوت! دەنکەکانی تەزبیحەکە بە شێوەیەکی یەکجار سەیر خۆی بە نیگام دەسپارد. وام دەهاتنە بەرچاو کە ریزە رێبوارێکن و ورد ورد بە هەورازێکدا هەڵدەگەڕان. یەکەمیان دەگەییە ملەی هەورازەکە، هەڵوەستەیەکی دەکرد، دەستی دەکرد بە چەتر بۆ چاوی، بە وردی زەینی بەردەم خۆی دەدا. ئەوجا دەکەوتە نەدیوی و لە چاو ون دەبوو. لەگەڵ ئاودیوبوونی ئەودا رێبوارێکی دی دەگەییە ملەکە. هەمان دیمەنی پێشوو لەبەر چاوم دووبارە دەبووەوە. لەگەڵ ئاوا بوونی هەر دەنکێکدا لێوی نەنکم بە ئاستەم دەبزووت. لە تۆ وایە دۆعای خێر بۆ رێبوارەکان دەکا! من دەمزانی نەنکم رێبواری زۆر خۆش دەویست، خۆی بە رێبواڕی لەم شارەدا گیرسابووەوە. پێ دەچوو. لە دڵی خۆدا خۆی بە رێبوارێکی رەوتەنی کاروانی ژیان بزانێ!

بێگەردی، پاکی و بێ ریایی هەموو دنیام لە سیمای نەنکم دا دەخوێندەوە. هەموو دنیاش بۆم بڵێ هەر وایە... ئێوە؟! کەیفی خۆتانە. من چ مەرامێکم بە ئێوە نییە. هەرچییەکیش دەربارەی نەنکم دەڵێن بەگوێمدا ناچێ و ناچێ. پیاو بن و گوێ مەگرن، ئەوە روحی نەنکمەو لە پێستی مندا دەدوێ. دە پیاوبن و گوێی لێ مەگرن. چی؟ دەتوانن؟! گرەوتان لەگەڵ دەکەم.. ها؟ لەسەر دەستێکم. نەخێر چ زیادە رۆییەکم نەکردوە، نەنکم ژانی مرۆڤی بە کۆڵیا دابو، کوچە بە کوچە گەڕەك بە گەڕەك، گوند بە گوند لەگەڵ خۆیدا دەیگێڕا، کەیفی خۆتانە، جا هەر پێبکەنن. چی؟ رقم هەڵمەسێنن، با نەڵێم ئەرێ وەڵلا فەیلەسوف بوو و ئەولاتریش! چما فەلسەفە چییە؟ ئێستاش بیرمە کە شەوێك چۆنی ئامۆژگاری دەکردم. هەڵبەتە من ناتوانم دەقاو دەق ئەو زمانو وشانە بەکار بێنم کە ئەو پێی دەدوا، بیرم نەماون، قسەکانی ئەو بە زمانی خۆم دەگێڕمەوە: گیروگرفتی ئەو تیرەی بەشەرە ئەوە نییە کە ژیان ناناسن، بەڵکو ئەوەیە کە شتێك بە ژیان دەزانن فڕی بە مەملەکەتی ژیانەوە نییە.. ئەوەتا لەبری پابەند و دڵبەندی ژیان بن، بوون بە یەخسیر و بەندی ژیان. لەبری خۆ لە ژیان هەڵکێشن، و سڵی روحیان

دەربکەن و بار سووك و سەر سەلامەت بێنە دەرێ، تێیدا بۆگەن دەکەن، دەخنکێن! نای زانن نا. ژیان ئەوە نییە. نە، ژیان کردەیەکی ئینسانییە: کردەیەکە کە ئینسان بوونی ئینسان قوولٚ دەکاتەوەو دەیچەسپێنێ. هەر کاکەو نیخەنیخ لە کوٚلی تەماع نەویوەو برۆ... وا دەزانن مردن هەلٚگیراوە. ئەو تەماعکارییە ئینسان لە ئینسانیەت دەخا..

جا توخوا ئەمە چتۆ قسەیەکە! گەر فەلسەفەش نەبێ چی وای لە قسەی فەیلەسوفان نەگەڕاوەتەوە!.

★ ★

کە وەژوور کەوتم، هەستم کرد سێبەری ناڕەحەتی و نیگەرانی کەوتبووە سەر سیمای. ناوە ناوە دلۆپە فرمێسك وەکو دانەی مرواری لە گۆشەی چاوە ڕەشەکانیەوە بەرەو خوارێ دەخزی. زۆر جار داپیرەم بەو حالەوە دەبینی. ئافرەتێکی یەکجار هەست ناسك بوو. ڕەنگە زۆر کەم هەستی بە تەنیایی کردبێ، هەموو شتێ بەلای ئەوەوە روحی هەبوو.زمانی قسەکردنی هەبوو: دار، بەرد، گیاندار و بێ گیان... هەموو شتێکی دەکرد بە هاودەمی خۆی. نەمویست ئەو جیهانە تایبەتییەی لێ بشلەقێنم. بە ئەسپایی لە ژوورەکە وەدەر کەوتم، بە تەنێ لە هۆلەکە دانیشتم. بیرم لە نەنکم دەکردەوە، پیرەژنێکی سەیرە، بۆ هەندێ جار دەگری! بەزەیی بە خۆدا دێتەوە؟! باوەڕ ناکەم، باوەڕ ناکەم، لە ژیانی خۆی ناڕازی نەبوو، بە خۆی دەیگووت: ژیان بە دەردەسەری و ناخۆشییەوە بەندە، دەنا تامی نامێنێ، ناخۆشی هەوێنی خۆشییە، جارێکیان لێم پرسی:

- نەنە گوڵناز ئەگەر ئێستا ببیتەوە بە منداڵێکی حەوت ساڵان، دەتەوێ چۆن بژی؟

گوتی:

- لە ژیانی خۆم ژیوان نیم... هەمان ڕێگە دەگرم کە ئێستا گەیاندومییە ئێرە.

هەستام چوومەوە بۆ ژوورەکەی نەنکم، بە ئانقەست لە دەرکەم دا. سەری هەلٚبڕی، گوتم:

- نەنە گیان...
- باوکم... تۆ بلێ...

دیسان چیت بیر کەوتۆتەوە؟!

هەناسەیەکی قوڵی هەلٚکێشاو گوتی: کەس هێندەی هەلۆ قەدری ژیان نازانێ. دەزانی چ دەکا؟! تا هێزی بزووتن لە لەشیا بێ. بێ باکانە دەژی، لە سەختترین کێودا هێلانە بۆ خۆی دەکا، کە پیر بوو، زانی دەبێ بە بار بەسەر ژیانەوە، هەموو هێزی خۆی کۆ دەکاتەوە و هەلٚدەفڕێ، هەر بەرز دەبێتەوەو بەرز دەبێتەوە تا دەبێ بە خاڵێکی بچووك بچووك بە بەرۆکی ئاسمانەوە، تەکانێکی دی دەداو لە قووڵایی ئاسماندا ون دەبێ، ئەوجا باڵەکانی دادەداتەوەو بە گوڕ بەرەو خوار دەبێتەوەو لە شوێنێکدا دەکەوێ و هەپرون بە هەپرون دەبێ. ئا ئەمەیە ژیانی ڕاستەقینە. بەو چارەنووسەش قاییلە، چونکە خۆی هەلٚی دەبژێرێ. بەلاٚم مرۆڤ کەمتر وایە. ئێمە لە گوندێکی زۆر دووردا دەژیاین، گوندەکەمان لە نێوان سێ چیای قوچدا بوو. لوتکەی چیاکان بە ئاستەم سەریان بۆ لای یەکدی خوار کردبووەوە، پێ دەچوو پەیمانی برایەتی بە یەکدی بدەن. چۆن؟! ئەدی مەعنای چی! چیاش قسان دەکا، تەبیعەت و شتەکانی ناو تەبیعەتیش زمانی خۆیان هەیە، من خۆم زۆر جار قسەم لەگەلٚ چیادا کردووە، ئەگەر بنیادەم خۆی پاك و شیری پاك بێ بە ئاسانی لێی تێ دەگا! گوندەکەمان زۆر خۆش بوو، کە لە دوورەوە سەیرت

کردبا لە تۆ وایە قەڵایەکی مەحکەم و قایمە، خەڵکی ئەو گوندە هەموومان، گەورەو بچووك، ژن و پیاو هەموو کارمان دەکرد، هەموو شتێکمان هەر هاوبەش بوو. شین و شایی... قەدری ژیانمان دەزانی، وەکو ئێوە نەبووین. کە پیاو سەیرتان دەکا بەزەیی پێتاندا دێتەوە، دەڵێی خۆڵ و دۆتان بەسەرا کراوە، ئێمە وا نەبووین، بۆ ژیان دەمردین، دەنا قەت تەمەنی من لە سەدەیەك تێنەدەپەڕی. نەماندەهێشت وەختمان بە فیڕۆ بچێ: هەموو شتێکمان لە کاتی خۆیدا دەکرد. شین بە وەعدی خۆی،شایی بە وەعدەی خۆ.. کێ هەبوو دڵدارو دلبەر نەبێ! شایی و زەماوەند هەر هەپرسە! رمبازێی ئەسپ سواران، وای کە خرمە خرمی سمی ئەسپەکان خۆش بوو. هەر کە جریدبازی دەستی پێ دەکرد، کیژان لە سەربانان دەوەستان و دڵداری خۆیان بەسەر دەکردەوە. کوڕگەلیش هێندەی دی با دەچووە کەوڵیان و ئەسپەکانیان تاو دەدا.. حیلەی ئەسپی حدود، کۆڕژنی ئەسپی شێ، نێسکەی ئەسپی کەحلان، ژیانیان بە بەر تەبیعەت دا دەکرد. دەزگیرانی هەر کیژێك پێشکەوتبا، ئیدی ئەو کیژە لە خۆشیاندا لە پێستی خۆی نەدەهێوری و تا بەیانی خەو نەدەچووە چاوی. شاسواری کوڕی سەعید خان یەکێك بوو لە سوارە چاکەکان.. خان و مسکێن لە نێو ئێمە دا نەبوو، سەعید خان هەر ناوی وابوو... شاسوار دەزگیرانی مرواری کیژی فاتم بێوەژن بوو. بەڕاستی مرواریش لێهاتوو بوو. لە جەنگ و ئەسپ سواریدا هیچی لە پیاو کەمتر نەبوو.. ئیدی بەم جۆرە بە شادی دەژیاین.

ئێوارانێك بەلا دوور، لەو دەمەدا کە خۆر لە زەردە بوو، پاش ئەوەی کوڕو کیژی گوند لە رمبازی بوونەوەو هاتنەوە ناو گوند، لە دوورەوە ئەسپ سوارێکی بەلە باریکەی شپ و شۆڕ پەیدا بوو. لە سەربانەکان وێستاین تا ئەسپ سوارەکە گەییە نێو گوند. سڵاوی لە حازری کرد:

عەلەیکە سلاو

گوتی:

- ئەرێ کێ دەم سپی ئەم گوندەیە؟

گوتمان:

- هەر کەسێ تۆ دەتەوێ.. هەموومان.

ئەوجا شاسوار، مۆڵەتی لێ وەرگرتین و چووە پێشێ و گوتی:

- فەرموو برالە چیت گەرەکە؟
- کاغەزێکم بۆ هێناون، بەڵکو وەڵامەکەیم دەدەنەوەو دەگەڕێمەوە. رێگام دوورە. جەنابی پاشا چاوەڕوانم دەکا.

خەڵکی لای ئێمە گاڵتەیان بە پاشاو پاشایەتی دەهات. چما کەس لە ئینسان پاشاترە! چما هەر بنیادەمێك پاشای خۆی نییە؟!.

میوانەکەمان بۆ دیوەخانی گوند برد. هەموو لێی خڕبووینەوە، خزمەتێکی چاکمان کرد. ها؟ ئەدی چۆن، میوان هەمیشە جێی سەرچاوانە. ئەوجا شاسوار کاغەزەکەی بۆ خوێندینەوە ((بۆ دەم راست و دانیشتوانی گوندی ئارام.

ئەو ساڵ، سەری حەوت ساڵە باج و خەراجتان بۆ شانشینی بیابان نەناردووە. ئەمەش بەپێی یاسای شانشینی بیابان یاخی بوونە، دیارە هەموو یاخییەك دەبێ دەمکوت و تەمێ بکرێ، جا ئەگەر بە خۆشی

خۆتان باج و خەراجی ئەم حەوت ساڵە دەنێرن ئەوا باشەو ئەم جارە دەتان بەخشم، ئەگینا خاکتان بە توورەکە دەبێژم.

ئیمزا: پاشای شانشینی بیابان))

هەموو خەڵکی گوند لەوێ بووین، تەگبیرو راوێژمان کرد، کەس قاییل نەبوو باج و خەراج، تۆ بڵێ کەرانە بە پاشای بیابان بدرێ، بە تەگبیری هەموومان غاغەزێکمان بۆ پاشای بیابان ناردەوە: ((جەنابی پاشا... ئێمە بۆ ژیان و سەربەستی خوڵقاوین، تەبیعەتی هەڵۆمان هەیە. کەنگێ زانیمان دەبین بە بار بەسەر ژیانەوە، خۆمان لە بڵندییەوە هەڵدەدێرین. حەز بە دۆستایەتی هەموو بنیادەم دۆستێك دەکەین و بە گژ هەموو بنیادەمێکی تەماعکاردا دەچین. چ مەرامێکمان پێت نییەو لە هەڕەشەکانت ناترسین. دڵنیابە ئەو کیسانەی بۆ باج و خەراجی گوندی ئێمەت هەڵدوورون هەر بە بەتاڵی دەمێننەوە.

ئیمزا خەڵکی گوندی ئارام))

کابرای ئەسپ سوار کاغەزەکەی بردو رۆیی. ئێمەش تەدارەکمان بینی و خۆمان سازدا. لەولاشەوە پاشای بیابان لەشکرێکی بێ رەزای خڕ کردەوە، لەگەڵ چاوچنۆك و تەماعکارانی دیدا دەستی تێکەڵ کرد بە نیازی هێرش و پەلامار بۆ سەر ئێمە! ئەسپەکانمان لە تەویلە کردن... بۆ؟! ئاخر لە کاتی وادا پێویستە ئەسپ ببەسترێتەوە، ئالیکی چاکی بدرێتێ، کەمتر بهێنرێتە دەرێ. لەبەرچی؟ تا پتر تاو بداو سەر بەرز بکاتەوە، دەزانی کاتێ کە ئەسپ سەری بەرز بگرێ، سوارەکەی چەند خۆشحاڵ دەبێ! گەشکە دەکا لە ئازادی پتر چی دی بەخەیاڵ دا نایەت!

نەنکم هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، بێنێکی دایێ و لەسەری رۆیی:

-... بەڵێ رۆڵە گیان، پاشای بیابان هێرشی هێنا، گوندەکەمان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درا، بەڵام قەڵا هەروا بە ئاسانی نایەتە گرتن، جەنگ و کوشتار حەوت ساڵان درێژەی کێشا. بەڵام داخی بە جەرگم لەو حەوت ساڵەدا گەلێ شۆڕە سوارو کوڕو کیژی یەکی یەکیمان گلان و گیانیان بەخشی. شاسواری کوڕی سەعید خان، گۆڕەکەی پڕ لە نوور بێ، هەر زوو گلاو هەڵنەستایەوە. لاڵ بم نەی پەرژا مرواری خانم بگوازێتەوە.

داپیرەم هەناسەیەکی دی هەڵکێشا. چەند دڵۆپە فرمێسکێکی سەرگەردان لە کانگای چاوەکانیوە کەوتنە لەرزین. منیش لە پشت پەردەی بلوریی ئەم ئەشکە پڕ خەمەوە سوار چاکێکم دەبینی کە چۆن لە دوا هەناسەدا بەسەر مل و یاڵی ئەسپەکەیەوە دەکەوتە خوارێ. نەنکم لە پڕ دەستی لە پەنا گوێی ناو دەنگی لێ هەڵبڕی:

- (( ئەزێ ڕابم
بۆ هەسپی گەنج شاسوارێ
بازانێ خۆ بشکێنم
بکەمە جووتە بزمارە
کە زێید خۆ ببڕم
بکەمە رەشمە و دەست هەڤسارە

**هه كه چوو جەنگی دژمنان و داگیرکەری**

**دا لۆمە ژ دەستگیریێ نەکەن**

**نەبێژن**

**چوو سیارەکی کوردی بێ کاروبارە**

**نەمایێ.. نەمایێ.. نەمایێ**

**ئەز پشتی دەزگیری خۆ**

**نەمێنم لە دونیایێ))**

**نەنکم،بەو لاوکە کوڵی دڵی خۆی دامرکاندەوە. ئەوجا درێژەی بە حیکایەتەکەیدا:**

- **... بەڵێ رۆڵە، کاتێ شاسوار لە ریزی پێشەوە هەڵی دەکوتایە سەر دژمن، مرواری ئەو لاوکەی پێدا هەڵدا، ئیدی بوو بە لاوکی سەر زاری هەموو خەڵکی گوند. راستە شکاین، بەڵام کۆڵمان نەدا! گەلێك کوڕو کیژ هەڵدێران. هەسپەکان بێ سوار مانەوە. کەوتنە زۆزان، چونکە چەندین ساڵ بوو بەوە راهاتبوون بکرێنە رەو... خۆ بە خۆ رەویان بەستبوو، دایانە کێوان. لاڵ بم بۆ ئەو ئەسپە جوان و بێ خاوەنانە. دەڵێن بە رۆژ سەگ راویان دەنان و بە شەو گورگ پەلاماریان دەدان... ئەسپی رەسەن تۆوی نابڕێتەوە، ئێستاش نەوەو نەتیرەوی ئەو ئەسپانە بە کێوەوە هەن... کوڕم (دانا) تۆ منداڵی، دوعای منداڵان گیرایە، دوعایان بۆ بکە، بەڵکو سوارێك پەیدا ببێ و ئەو هەسپانە بگرێتەوە. ئەگەر زوو بە زوو سوار فریایان بکەوێت لە گورگان دەخەلەسێن. ئەگەر لەبەر دڵی داپیرەم نەبا، لە قاقای پێکەنینم دەداو دەمگوت ئەمە کاری دوعا نییە نەنە گیان!.**

**نەنکم هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:**

- **دەزانی وەختێ ئەسپ کوڕژن دەکا، چ دەڵێ؟!**

**لە پڕ راچڵەکیم و گوتم:**

- **دەڵێ چی؟**

**بریا سەت بریا سوار چاکێکی مەردم لێ پەیدا دەبوو!**

**ئەدی چۆن! ئەسپیش هۆش و گۆشی هەیە، دەزانێ، لە من و تۆ چاکتر دەزانێ کە قەدری ئەسپ بە سوارەوەیە.**

1984/11

## سەر بهوردی ناوێك

ناویش سەیرە هەر لە دایك بوونەوە پێتەوە دەلکێ و لەگەڵتا دێ. ئەویش وەکو زۆر شتی دی بە خۆت هەڵی نابژێری. وەکو سێبەر بە دوتەوەیە و کەم رێ دەکەوێ بێ بە بارێکی قورس. وەکو چۆن بیر لە سێبەری خۆ ناکەیەوە بەو جۆرەش بە دەگمەن هەڵدەکەوێ بیر لەناوی خۆ بکەیەوە، مەگەر گرفتێ یا سەریەشەیەکت بۆ بخولقێنێ!

تەمەنم $15$ساڵ بوو، پۆلی سێی ناوەندی بووم، رۆژێ مامۆستای وەرزش لیستی ناوەکانی دەخوێندەوە.. ئەو رۆژە بۆ یەکەم جار بیرم لە ناوی خۆم کردەوە..

مامۆستای وەرزشم خۆش دەویست، هەستم دەکرد ئەویش منی خۆش دەویست، جارێك دوو گۆڵی پێ دەکردین، من ئەوەندە کەیفم بە وەرزش نەدەهات، خۆ ئەگەر خۆشەویستی مامۆستا نەبوایە، هەموو جارێ خۆم دەدزییەوە. تۆزێ رێوەڵەو کەم جورم بووم. لە گەرمەی یاریدا بووین، تۆپەکەم دایە بەر، نزیکی گۆڵی تیپی رەقیب بوومەوە. خۆم تەواو ئامادە کرد بۆ لێدانی تۆپەکەو گۆڵ کردن. مچە دێو، لەبەر زەلامی و کەتەیی پێمان دەگوت مچە دێو، خۆی گەیاندمێ، لاقی دایە بە لاقم، بە پشتا کەوتم، لەگەڵ کەوتندا نووکی پێم بەر تۆپەکە کەوت، تۆپ بەرز بووەوە، زیاتر گۆشاری مچە دێو بەرزی کردەوە، بە نزمیەوە بەسەر گۆڵەکەا رۆیی، بە مەزەندەی خۆم، ئێستاشی لەگەڵدا بێ، گۆڵ نەبوو، کەچی مامۆستا (لەتیف عەبدورەحمان) لە مچە تورە بوو، گۆڵەکەی بە گۆڵ حسێب کرد، پرتەو بۆڵەی قوتابییەکان دادی نەدا. گۆڵەکەم کرا بە گۆڵی راستی...

مامۆستا ناوی دەخوێندەوە:

- نەوزاد حسین
- بەڵێ.
- شێرزاد حەسەن
- بەڵێ
- مەهدی حەبیب

هەستامە سەر پێ، تەزویەکم پێدا هات. وەك بڵێی شتێك زمانی بەستم. بۆ یەکەم جار هەستم بە جۆرە نەبانییەك لە ناوەکەی خۆم کرد. دوو دڵ و سەراسیمە بە شپرزەییەوە گوتم:

- بەڵێ.

هەندێ لە قوتابییەکان پێکەنین. سوورِ هەڵگەڕام. لە فکران راچووم: رەنگە گاڵتەیان بە ناوەکەم بێ، بە ناوێکی دێهاتییانەی بزانن، رەنگە واش نەبێ.

پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر، بڕیارم دا هەر کە چوومەوە سەر گوروشتەی ئەم ناوەم لە دایکم بپرسم. دەمەو ئێوارە، خۆر تەواو لە ئاسۆ نزیك ببۆوە. گەییمە کۆڵانەکەی خۆمان، لە دوورەوە دایکم بینی کە لەبەر دەرگا دانیشتبوو، بەسەر تەقەڵ و درووماندا نوشتا بۆوە. کراسێکی بۆ جەمیلەی خوشکم دەدوری. جەمیلەی حەوت ساڵان لە تەنیشت دایکمەوە چەشنی جوجەڵەیەکی ئاسوودە، هەڵکورمابوو، چاوە گەشەکانی بڕیبووە دەست و تەقەڵی ئەو. سەری لەگەڵ هاتوچۆی دەرزی و داوەکەدا دێناو دەبرد. دەیویست لەوە دڵنیابێ کە کراسەکەی بۆ جەژنی نەورۆز تەواو دەبێ یان نا. لەم سەرهێنان و بردنەدا نیگای لە نیگا هەڵەنگوت. قریشەیەکی شادی کردو:

ئەریٚ وەڵلا ئەوە کاکە مەهدییە.

وەکو جوجەڵە بە باڵە قژیٚ بەرەو پیرم هات. بە هانکە هانك خۆی گەیاندمیٚ و گوتی:

کاکە مەهدی، بابە چووە کەبابمان بۆ بکریٚ.

دەستیم گرت، لە دلی خۆمدا گوتم: تومەز دایکم بۆیە تا ئەم درەنگ وەختە لەبەر دەرگایە، خەمی شیو لێنانی نیە.

دایکم لە ڤریشکەی جەمیلە سەری هەڵبڕی، پرشنگی سۆزێکی یەکجار گەرمم لە چاوە کاڵەکانیدا بەدی کرد.

هەوەڵی مانگی سیٚ بوو، خەڵکی هێشتا لە ژوورەوە دەنوستن. ئێمە کرێچی بووین، دوو ژوورمان لە گەڕەکێکی میللیدا بەکریٚ گرتبوو. بابم هاتەوە بۆنی کەبابی گەرم ئاوی دەزایاندە دەم. چووینە ژوورەوە، سفرە راخرا، بە چوار قۆڵی دانیشتینە سەر پیرە سفرە. جەمیلە چاوی بڕیبوە لولە (کەبابەکان) و بە دەم چاوەڕوانییەوە خۆی رادەژاند. ئەگەر بابم تۆزێکی دی ماتەڵ بوایە، هەموو دەستورێکی پێشێل دەکردو وەکو کتکی نەوسن پڕی دەدایە کەبابێك و....

بە دەم نان خواردنەوە، ناوە ناوە دەمڕوانییە دایکم. دایکم سوسەی شتێکی کردبوو. زۆر جار کە پارەم پێویست بایە بە دایکم دەگوت و ئەویش بە بابمی دەگوت. نیگای دەیگوت: ئەوە بۆ نانەکەت ناخۆی رۆڵە، پیٚ دەچیٚ شتێکت پیٚ بیٚ... هەر خوا بکا دیسان پارە نەبیٚ. خۆ دوێنیٚ دینارێکم لەم داماوەی بابت بۆ وەرگرتی. بەستەزمانە رۆژ تا ئێواریٚ رەنج دەدا. وا پیر بوو و رۆژیٚ حەسانەوەی بەخۆوە نەدی. لە ماڵەوە بۆ عەمەلاتی، لە عەمەلاتییەوە بۆ ماڵەوە.

نان خورا، سفرە پێچرایەوە. چا هاتە بەرەوە. بەدەم چا خواردنەوە بیرم لەوە دەکردەوە: لێی بپرسم نەپرسم! ئاخۆ بابم چەند پێم پیٚ بکەنیٚ!

ڤیروسیام کردو پرسیم:

دایکە...

گیانی دایکە.

کیٚ ناوی ناوم؟!

نیگایەکی بابمی کردو سێبەری بزەیەکی ناسك کەوتە سەر لێوی و زوو ئاوا بوو. فرێکی لە چایەکەی بەردەمی دا. نیگایەکی دی بابمی کرد، وەك بڵێی ئیزنی لیٚ بخوازیٚ تا سەر گوزشتەی ئەم ناوەم بۆ بگێڕێتەوە. بابم سەرینە زلەکەی ئەولای خۆی راکێشا. وەکو ئەوەی ئەویش خۆی بۆ بیستنی چیرۆکی ناوەکەی من ئامادە بکا، شانی دادایەوە سەر سەرینەکە، تۆزیٚ لە فکران راچوو، گوتی:

- ئا، راست دەکا ئافرەت، بۆمانی بگێڕەوە... خۆزگەم بەو دەمە.

ئۆخژنێکم لە دلٚ و دەروون گەڕا، پتر خولیای ناوەکەمم کەوتە سەر. دایکم وەك بڵێی لە سێو دووی ئەوەدا بیٚ، چۆن و لە کوێوە دەست پیٚ بکا، بە سۆزێکی قووڵەوە گوتی:

- ناشیٚ ناوەکەت بەدلٚ نەبیٚ لە دەورت گەڕێم!

هەندیٚ دامام، گوتم:نا، هەر ویستم بزانم.

بە فریٚ چایەکەی هەڵدا، تاماوەکەی دەمی قووت داو دەستی پێکرد:

ئێی پیره دنیا! گەر ماوی یادت بەخێرو گەر مردووی هەزار رەحمەت لە گۆڕت.

نیگایەکی بابمی کرد. وەك بڵێی بەخۆی بڵێ: ئەرێ بۆ تا ئێستا یادێکی ئەو پیاوەمان نەکردۆتەوە، ئەوجا گوتی:

- تۆ بڵێی مابێ پیاوەکە؟!

بابم هێدی هێدی تەزبیحە دەنگ گەورەکەی لە دەستیا دەگێڕا، لە بن لێوانەوە و بە دەنگێکی میهرەبانەوە گوتی:

- بڵێم چی ئافرەت! دوور نییە.

ئەوجا دایکم لەسەری ڕۆیی:

- ... ئەو ساڵە بوو کە شۆڕشەکەی مەلا مستەفای بارزانیانی تواندەوە... ئۆھ رەببی سەبەبکاری بەکۆی زوخاڵ بێ... پیاوەکی گەورە بوو، حکومەت یەك ملیۆن دیناری تەرخان کردبوو بۆ هەر کەسێك کە بیکوژێ. ملیۆن گاڵتە نییە.!

ماڵمان لە دۆڵە رووت بوو، ئەوەندە جوان لە بیرمە وادەزانم دوێنێ بوو، ئاخر چۆن بیرم دەچێ، سەر لەبەری ژیانی کوردەواری گۆڕی. چی کوژرا،کوژرا.. چی رەهەندەی وڵاتان بوو، بوو. چی بە عەزرەتەوە سەری نایەوە، نایەوە. ئێمەش قیسمەت و نسیب لە شاری گیرساندنیەوە. هەندێکیش بە دزی بە چیاوە مانەوە!

دێهات وێران کران، ماڵان لە زیل بارکران، سەدان خێزان نەفی کران.

باران بوو، ساڵی وا تەڕو تووش هەر نەبۆتەوە. گوندەکەمان بەر تۆپ درا، تەیارە بە ئاسمانەوە فرکان فرکان هەر مەپرسە! بەڵام پیاو کە پێشمەرگەی لە پشت بێ، تف لە ئاسنیش دەکا... جا پێشمەرگەش کێ بێ؟ ئەو سەر پەلەی لەمەڕ خۆمان! پیاوێکی قۆز، باڵا بەرز، دایمە ردێن و سمێڵ هاتوو، تۆکمە و گورج و گۆڵ، قسە قووت و ورە بەرز، لە فیشەکدا زەردی دەکردەوە، هەموو پێشمەرگەیەك لە پەلەکەی ئەودا بەند نەدەبوو، گلەییان لێ دەکرد، لەبەر ئازایەتی و تەڕ دەستی و چاو نەترسی ئەو، کەس لە پەلەکەیدا دەرنەدەکەوت و ناوی دەرنەدەکرد. لاڵ بم یاخوا، ئەگەر جارێ پێشمەرگە لە شەڕێکدا شکابان، بەوە دڵخۆشی خۆی و خەڵکەکەی دەدایەوە کە دەیگوت:

- گوێ مەدەنێ، هەموو شکانێ بەزین نیە، ئێمە تەبیعەتی شووشەمان هەیە، لە شکانا تیژ تر دەبین، با ئەمجارە بێتەوە...

بەرایی هێزی دەوڵەت، لە ئاسۆگەکانی خوار گوندەوە بەدیار کەوت. قەد بە قەدەر ئەو رۆژە نەترساوم. سکم بە قەد دەهۆڵی دەهۆڵکوتێك بەرز بۆتەوە. نزیکەی سەعاتێکە بە دەم ژانەوە دەتلێمەوە. پور مەنیجی مامان بە دەستمەوە داماوە، لەلایەکەوە ترسی شەڕو لەلایەکی دییەوە ترسی ئەوەی من بەسەر منداڵەوە بچم، شپرزەیان کردبوو، نەهەقی نەبوو، هەموو جارێ خۆی بەوەوە هەڵدەکێشا: لەوەتەی ئەم مەنیجەیە مامانە، نەی هێشتووە، هیچ ژنێ لە گوندەکەدا بەسەر مناڵەوە بچێ. تەنانەت سکی هەشت مانگانیشی زایاندووە!

خۆی بە نەنکی سەر لەبەری مناڵانی گوند دەزانی.. دایمە گیرفانێ شەکرۆکەو گوێزی سوێرکراوو مێوژە رەشەکەی پێ بوو. هەر منداڵێك گڕوی گرتبا، هەر کە ئەو گازی کردبا دەست بەجێ ژیر دەبووەوە. چ

قودرەت بوو دایکێك لەبەر چاوی ئەو لە منداڵی خۆی بدا.. زارە بێ ددانەکەی لێ دەکردەوە هەرچی شیاوو نەشیاو هەیە پێی دەگوت. هێندە پیر بوو ردێنی هاتبوو. جا کە لە ژنێك تورەبایە تاڵە مووە سپییەکانی سەر چەناگەی دەلەرزی:

- عەمرت نەمێنێ ئاوەها! خوا بە قوربانی منت بکا، ئەگەر من نەدەبووم تۆ ئەو ژنە بووی منداڵ بگرییە باوەش!

دەستێکی بەسەر منداڵەکەدا دێنا، دەیبردە ژوورەکەی خۆی.. جاری وا دەبوو بە حەفتە ئەو منداڵەی نەدەدایەوە بە دایکەکەی، دەیگوت: ئێوە نازانن ئەو والێکراوی وا پێکراوە چۆنە.. با قەدری عافێت بزانێ.

چەندین تکاکار دەچونە تکا ئەوجا منداڵەکەی دەدایەوە. یاخوا خوا عافوت بکا پور مەنیج.. باوەڕ ناکەم مابێ....

خەریك بوو دیق بکەم، من عەوداڵی ناوەکەی خۆم بووم، ئەویش باسی پور مەنیجی بۆ دەکردم. بەڵام هێندە بە ئاوو تاو دەیگێڕایەوە، دڵم نەدەهات پێی ببڕم.

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو لەسەری رۆیی:

- ... خەڵکی هەموو لە گوند دەرچوون.. بە هەر جۆرێ بوو قەناعەتم بە پور مەنیج کرد کە ئەویش وردە وردە بە کەڵکەکەی پشت گوندا هەڵگەڕێ و بڕوا... هەرچی دەکرد پێی رێی دانەدەگرت بەتەنیا بەجێم بێڵێ. ئەدی چۆن جارێکی دی خۆی هەڵکێشێ و بڵێ: من نەنکی هەموو گوندەکەم! رۆحیش شیرینە، ئینسان کە پیر بوو ترسنۆکیش دەبێ. چاوی تێبڕیم، خوڕ خوڕ فرمێسك بە چاوانیا هاتە خوارێ. لە پڕ پشتی لێکردم، دایکورکاند و وەکو جەنازە خۆی بکێش کرد...

لە تاو ژانی خۆم ئاگام لە گرمەی تۆپ و تەیارە نەمابوو... ناو بە ناو زەڵەو هەراو هەنگامەی خەڵکە کۆچ کردووەکەم بەر گوێ دەکەوت کە لە کەڵکەکە ئاودیو دەبوون. زۆر دەترسام، دەنگی تەقە تەواو کز بوو، پێ دەچوو پێشمەرگەش پاشەکشە بکەن. لە پڕ گوێم لە تەپەی پێ بوو، لە ناو قەدەوە پچڕام. نەخێر عەسکەر دەگەنە سەرم و چش لە مردنەکەم هەر حەیاشم دەچێ... بابیشت لە هەرێمێکی دی پێشمەرگە بوو.

⋆ ⋆ ⋆

دایکم بە دەم قسە کردنەوە سیمای دەگۆڕا. گرژ دەبوو خاو دەبووەوە، سور هەڵدەگەڕا، رەنگی دێناو دەبرد، دەتگوت ئێستا ژان گرتوویەتی و بەدەم ژانەوە ئەو بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە... نیگایەکی پرسیار ئامێزی بابمی کردو گوتی:

- حەبیب چات بۆ تێکەمەوە؟

چایەکی لەبەردەم بابم داناو ئەوجا لە سەری رۆیی:

- ... چاوم رەشکەو پێشکەی دەکرد. تارماییەك بە هانکە هانك وەژوور کەوت. هەر لەپیلم نەوی و بەلایەکی شانیدا دام:مەترسە باجی غوربەت.

برۆ، برۆ... كابرای تاین لە ژێرما شەڵاڵی ئارەقە بوو بوو، پارچە تۆپ چوار دەوری دەكێڵاین، لە تەپ وتۆزو قوڕا ون دەبووین. هەزار قول وەڵڵا بە فلسێ: خوایە چۆن خەجاڵەت بووم، چۆن ئەم پیاوەش بە منەوە گێرۆدە بوو! مەرگم بە ئاوات دەخواست. رۆح لە جێیەكی سەختەو دەرناچێت! گیزو هوڕی گوللە هەترەشی زەلامی دەبردو.. كاری راست بێ لە كەڵكەكە ئاودیوی كردم. لەبەر زاركی كوێرە ئەشكەوتێك دابنام تا پشوویەك بدەین.. هەستی بە حاڵم كردبوو تۆزێ لێم دوور كەوتەوە، لە پەنا گا بەردێكدا دانیشت. پاش تۆزێك تۆ واقە واقت لێ هەستا، كابرا قەڵەم برێكی لەبەركی دەرهێنا. هات ناوكی بڕیت. چ پارچەیەكمان دەست نەكەوت. جامانە سوورەكەی خۆی لەسەر داماڵاند، قوماتی كردیت و كردیتی بە لوولەی تفەنگەكەیەوەو خستیتیە سەر شانی و بەڕێ كەوت، كە لە دوایەوە دەڕۆیشتم و تۆم لە جامانە سوورەكەدا دەبینی هەموو ئازارێكم بیر دەچووەوە. وەستا، بە شەرمێكەوە ئاوڕێكی پاشەوەی دایەوە:

- باجی غوربەت ئەرێ كوڕە یا كچ؟

سور هەڵگەڕام، بە شڵەژاوییەوە گوتم:

- كوڕە.

- ناوی دەنێی چی؟

ئەیەڕۆ كاك مەهدی توخوا ئەوە قسەیە، تۆ بڵێی ئەوەندە سپڵە بم ناوی نەنێم مەهدی... بزەیەكی گەش نیشتە سەر سیمای و هیچی نەگوت.

⋆ ⋆ ⋆

دایكم چاوێكی بە هەمووماندا گێڕا، من دزە نیگایەكی بابم كرد، فرمێسك لە چاوەكانیا قەتیس مابوو، هەستم دەكرد گریان لە ئەوكی گیراوە، هەر زار هەڵێنێ لە هۆڕژنی گریانێ دەدا. لێكدا لێدا دەستی بە قژە خاوەكەی جەمیلەدا دێنا كە لە پەنایدا خەوی لێكەوتبوو. بەخۆیشم كە بیرم لە ناوەكەم دەكردەوە گەشكە دەیگرتم و.....

## دە چیرۆكی زۆر كورت

"1"

### پەیژە

تازە یەك دوو پلە سەركەوتبووی، لەلایەكەوە سەركەوتنەكە سامێكی قورسی هەبوو. لەلایەكی دییەوە سەگوەڕێك دەستی پێكرد ئەمما سەگوەڕ! هەترەشی زەلامی دەبرد، حەیر مابووی، بگەڕێیتەوەو یەك

دوو کوچك به دووڕدەو سەگەدا بدەی و لە حەپەی بخەی! کێ دەڵێ بەر دەوی دەکەوێ، بە چ مەعلوم هێندەی دی شێلگیر نابێ و کسۆکانی دیکەی بەدەنگەوە نایەن، ئەدی چ بکەی! لاقت دەلەرزێ، هێزی سەرکەوتنت نییە خۆ ناشکرێ هەر لێرەدا بوەستی! لە پڕ دەنگێك هاتە گوێت، خوایە ئەمە چ دەنگێکە! ئاشنایە زۆر ئاشنایە، خۆشییەك لە ناختدا بلاّچەی دا دەنگی باپیرەت بوو، هێندە بەمیهرەوە هاتە قسان سەراپات غەرقی گەشکە بوو.

- حەمە تاڵ! وەی لەمنت کەوێ ئەوە بۆ وا حەپەساوی کوڕم. بۆ واهی سەری دنیات لێهاتۆتەوە یەك. نەترسیت، ترس بیرکردنەوە لغاو دەکات. یانی ئێستا تۆ نازانی چ بکەی، خۆ من دڵم بە تۆ خۆش بوو... بڕۆ، مەترسە، سەرکەوە، هەر ئاوڕ مەدەوە.

ڕۆیشتی، تەواوێ سەرکەوتی. دەنگەکە گوتی: ها حەمە تاڵ ئێستا دەنگی سەگوەڕ دەبیستی؟! دەبا هێندە بوەڕێ تا قوڕگی دەدرێ.

## "2"

## بلیمەتکو ژی

نە ء. لە هیچت کەم نییە، لە خوێنەواری خوێنەوار، خۆ کارنامەکەت بە قەد بەرماڵێکە و زۆر کەس خۆزیت پێ دەخوازن... نە ء.. نازانی ئەو پۆلیسانە بۆ لەبەرت هەڵناسن، گەمژەن گەمژە، فایدەی نییە دەبێ پێیان بڵێی. نازانن چ بلیمەتێك لە ناختدا پەنهانە! چ فریاڕەسێك بە پیریانەوە هاتووە. نە ء، پەلە مەکە جارێ فلامەرزی سەرنووسەر بێنە ڕەدا، زۆجی بکە زۆج با گوتارێ دووانت بۆ بلاّوبکاتەوە، بزانە چ تەقینەوەیەك ڕوو دەدات! خۆ ئەگەر وێنەیەکی دوا مۆدێلی خۆتیشی لەگەڵ دا بلاّو بکەیتەوە ئەوا نورون عەلا نور...

ڕۆژنامەکەی بە دەستەوە گرت، یەکەمجارە ناوی خۆی بە چاپکراوی دەبینێ. نەخێر تەواو، تەقینەوەکە ڕوویدا.. ئیدی بوو بە مۆم و بۆ ڕووناککردنەوەی ڕێگەی خەڵکی دەسووتا!

پێی سەیرە، ئەم مەزنە پیاوە، بەم شەقامە قەرەباڵغەدا دەڕوات، بێ فێز، بێ هەوا، کەچی تاقە کەسێك نەك هەر دەستەو نەزەر بۆی ناوەستێ، کڕنۆشی بۆ نابات، بەڵکو هەر ئاوڕیشی لێ ناداتەوە.

⋆

تەحا لەم کۆمەڵە سپڵەیە، تەحا لەم خەڵکە بیلمەتکوژە! توخوا ئەمە کۆمەڵە یا گۆڕستانی بلیمەتانە! ئاخر چۆن بلیمەتی نامرێت!!.

## "3"

## ڕۆژنامەنووس

ئەم پەدەر سوختەیە، حزب ترۆی کردووەو بۆ ئێرەی نەفی کردووە. کەچی لە زماندرێژی خۆی ناکەوێ. لە تۆ وایە یەکەمین قارەمانە و غەدری لێکراوە. دوور نییە بۆ جاسووسییان ناردبێ و ئەم ترۆ کردنەشیان بۆ چاوبەستەکێ دابێتە پاڵی و ئێمەمانان زووتر چەواشە ببین و بەنابەڵەدی بکەوینە داوییەوە. دەنا ئەم و رۆژنامەوانی کوجا مەرحەبا!. دوو دێڕی بە دروستی پێ ناخرێتە سەر یەك. ئەوەتا ئەو وتارۆکانەی بڵاویان دەکاتەوە، خەڵکی بۆی دەنووسن.. بەڵام ئەلهەقی ئەوەندەی باشە نەدەیشارێتەوەو نەفشەشی پێوە دەکات. راوەستە بۆم، شەرت بێ دار بدەم بە روحت دا، نامەردی ناپیاو، بزانە هەر بە حیزبە حەیاتەکەی خۆت بە کوشتت نادەم! خۆ لەوەتەی ئەم مۆتەکەیە هاتووە، دەممان بۆگەنی کرد، ناوێرین زار هەڵێنین. گوایە حیزبییەو نوێنەری گەلە! مەرحەبا نوێنەری گەل!... ئەدی بۆ جاسوس نەبێ، هەر کە پەیدا دەبێت قڕو قەپ دەکەین یان قسان دەگۆڕین.

راوەستە بۆم، بزانە چۆن داغت بکەم.

هەر ئەو رۆژە شڕە وتارێکی دزیاری جەنابیم گەییە دەست بۆم ژێرو ژوور کرد، هەموویم تێکەڵ و پێکەڵ کرد. لە لاپەڕە هەشتدا و لە شوێنێکی بەرچاویدا بڵاوم کردەوە. هەرچی خوێنەر هەیە کەوتنە گلەیی و تەوس و توانج، کەچی پاش حەفتەیەك لەسەرێ راگاز کرا، خۆشی خۆشی تەڵەکە گرتی و لە کۆڵمان بووەوە، لەو سەرەوە قیت پەیدا بووەوە.. لەبەر وتارەکە خەڵات کرابوو!...

"4"

## (سانسۆر)

بەڕێوەبەری نووسین:

- هەڵۆ، رێبوار
- بەڵێ.
- ئەو بابەتەی ئامیرزا سانسۆر بکە، مەیەڵە دابەزێ، زۆر خەتەرە ها!
- زۆر خەتەرە؟! چۆن، ئەدی بۆ من نەمزانیوە؟
- من دەزانم.
- مەعلوم بڵاونەبێتەوە.
- ئەرێ، ئەرێ...
- جەنابی مودیر، بوو بە فۆلكلۆر
- تێناگەم!

- قوربان دوێنێ بڵاو بۆتەوە!

"5"

(ژن)

لەوساوە کە رۆیی، لە ماڵی مندا ئاگر نەکراوەتەوە. گەردو تۆز فەتحی هەموو ناو ماڵەکەی کردووە.. داگیری کردووە، کەچی تاقە گەردێك تا ئێستاش نەنیشتۆتە سەر دڵی من.

"6"

(کراسێك)

کراسێك بە تەنافەوە بە ئاوەچکەکانی هەڵواسرا بوو. ناو بە ناو بە دەم شنەیەکی رێبوارەوە دەلەرییەوە. سەعید و مەریوان لە دوور دانیشتبوون، مەریوان چاوی کز بوو، وایدەزانی کراسەکە ئافرەتی راستییە، و ئاماژە بۆ ئەو دەکات.

- تۆ تەماشا مامۆستا سەعید ئەو کچە چۆن ئیشارەتم بۆ دەکات.
- بەڵێ، بەڵێ.

⋆

لە مەجلیسێکدا:

- مامۆستا سەعید شایەتە کە چۆن چۆنی کیژێك خەریك بوو رەدووم بخات.

"7"

(قەڵەوی)

پیرۆت هەر کە دەیبینی پەزێکی زیاد لە پێویست قەڵەو بووە، زۆر لەوانی دی دیارترە، خێرا دەکەوتە خۆ، بیانوویەکی دەدۆزییەوە: (منداڵەکان برسین، دەمێکە گۆشتیان نەخواردووە، دەرو دراوسێش با پشکێکیان پێ ببڕێ) خێرا پەزەکەی سەر دەبڕی. دابەشی دەکرد: (بخۆن، ببێ بە غەزو بەزی ناو شانتان، نۆشی گیانتان بێ... ئێوە خواردنتان لەسەرە... ئێوە کاڵەکی خۆتان بخۆن، هەقتان بەسەر رنینەوەی بێستان نەبێ... هەر قەڵەو بوونێك بگری، رەگێکی دەچێتەوە سەر خیانەت!.

"8"

(خاك)

شەکەت و ماندوو، لە دەرگای سنورێکت دەدا هی تۆ نەبوو، چاوەڕێی تلیسانەوەی بەزەیی ئەو دیوو سنوور بوویت.
جووتێك سەرباز پاسەوانی سنوورەکەیان دەکرد. وەك بڵێی سیمات بخوێننەوە. قسەیەك لە تۆ قسەیەك لەوان. پرسیت:

- ئاخر ئێوە، لەمبەرو ئەوبەر لە پێناوی چدا ئەمە دەکەن، خوێنی ملیۆنان خەڵك بەم ئاگری شەڕەدا دەکەن... بۆ کێی دەکەن؟!

یەکێکیان دانەوییەوە، چنگێ خۆڵی هەلگرت، بە شانازییەوە نیشانی دایت و سەراپای بوو بە نیگا. نیگاشی قوڵە قوڵ متمانەی لێهەڵدەقوڵا.
چنگی کردەوە، خۆڵەکە بە رەوانی و یەکگرتووی، چەشنی ئاوی زولاڵ و تامەزرۆشکێن دارژا:

- بۆ ئەمەی دەکەین!..

زۆر بە خۆتدا شکایتەوە. سەراپات بەرە بەرە لە گریانێکی بێدنگ دەنیشت. کلپەیەك لە ناختدا لێکدا لێکدا هەڵدەبوو و دەکوژایەوە.
دەنگێك وەك بڵێی لە بنەبانی ئەشکەوتەوە بێت، دەیگوت و دەیگوتەوە:

- هەر کەسێك خاکی نەبێ، دەبێ گۆڕی خۆی بە کۆڵدا بدات و بە ئاوارەییدا بیگێڕێت.

"9"

(هونەرمەند)

بە پەلە خۆی گەیاندە دیار هونەرمەندەکە، لە گیانەلادا بوو... هەرچی کردو کۆشا، زاری هەڵنەیەنا، لە تۆ وایە ئیدی بە تەواوی لە دنیا زویر بووەو لە دڵی خۆیدا شەرتی کردووە کە جارێکی دی زاری لە زاری ئەم دنیا دون و ئەلچاخە نەگەڕێت.
تەواو نا ئومێد بوو، قەناعەتی وا بوو چی لێهەڵناکرێنێت، بۆیە وازی لە پرسیارەکانی هێنا و رێکۆردەرەکەی کوژاندەوە... لەفکران راچوو، نیگای ئاوارەی شوێنێکی نادیار کرد. ئەوجا لە پڕ رێکۆردەرەکەی کردەوە. دەمی وەپەنا گوێی ناو بە دەنگی بەرز پرسی:

- ئێستا حەزت لە چییە مامۆستا؟

وەك ئەوەی پەلەی بێ و فریای دوا گوتە بکەوێ، بێ ئەوەی گرێی بێنێتە بەر گوتی:

- حەز دەکەم ببمەوە بە منداڵێکی شڕۆڵەی چڵمن و هەر کە خۆم بە مەجلیسێکدا بکەم پێم بێژن: برۆ برۆ دەرەوە، هەیدیبە لێرە...

"10"

**(پیشانگە)**

**حیکمـەت، زوو زوو سوپاسـنامەکەی لـە بـەرکی دەردێنـاو ورد ورد دەیخوێنـدەوە. لـە بـن لێوانـەوە دوا رستەی دەگوت و دەگوتەوە: "دەستو پەنجـە رەنگینـەکانت نـەرزن و نموونـەتات زۆر بێـت...       لیژنـەی هەڵسەنگاندنی هونەری".**

**ساڵ وەرسوڕایەوە، پیشانگەکەی پار بە دەقی خۆیەوە، دووبـارە کرایـەوە. نـاوی ژێـر تابلۆکـان گـۆڕا بـوو. شوێنی دانانی تابلۆکان گۆڕا بوو... سەرۆکی لیژنە هەمان سەرۆکی پار بوو. بەسەر سامی و گەشکەوە لـە تابلۆکانی دەڕوانی!**

**مامۆستایەکی مێملڵ خۆی گەیاندێ... لە تەنیشتییەوە وەسـتا، لـەو قـووڵتر روانییـە یـەکێك لـە تابلۆکـان، دەمی لە پەنا گوێی ناو بە ئاسپایی گوتی:**

- **هەتیو هیوا، ئەمە هەر ئەوەی پار نییە؟**
- **نەبابە.**
- **بان گرەو دەکەم...**

**مامۆستا نوری، گوێی لێبوو. سەیرێکی ناوی ژێر تابلۆکەی کرد و گوتی:**

- **ئەمە ئەو قوتابییە خڕکەلانەکەی پۆلی پێنجەم نییە؟!**
- **با.**
- **ئادەی بانگی بکەن...**

**هات.**

- **فەرموو مامۆستا.**
- **راوەستە.**

**مامۆستا نوری، مامۆستای هونەری بانگ کرد، ئەوجا بە بەرچاوی هەمووانەوە روویکردە قوتابییەکە:**

- **ئاراس، تۆ ئەم تابلۆیەت کردووە؟**
- **نەخێر مامۆستا.**
- **ئەدی بۆ ناوی تۆی لێدراوە...**

**نیگایەکی مامۆستای هونەرو ئەوجا لیژنە هونەرییەکەی کرد و هیچی نەوت.**

## کەوەڕێ

زۆربەی رۆژانی هەینی، لێرەدا، لە نێو ئەم چیرۆکەدا پیاوێکی وردیلەی، نیگا سەرگەردانی، قژ بژی، غەریب و نامۆم بە دیار کەڵەکە بەردێکی بێ نازی کەم نموودەوە دەبینی. نیگا بە کێلی گۆڕە پۆشتەو خزمەتکراوەکانی گۆڕستانەکەی نێو ئەم چیرۆکەدا دەگێڕێ... رونـدك وەك بارانی بوهارێ لە چاوانی دەڕژێن. بەر لەوەی بگەنە بنجی ردێنە هاتووەکەی دەبن بە هەڵم و وەك تەم لە سەرو رووی دەنیشن... بە دەم پەڵمە گریانەوە، بە دەنگێکی گیراوەوە وەك خۆی بدوێنێ، زۆر بە مەلوولییەوە دەڵێ: مـن زۆرم هەوڵ دا، لەوەتەی هەم بە دەم نیگەرانییەوە دەژیم. دەپاڕێمەوە، دەلاڵێمەوە: هەر ئەم منداڵەی ناخم لە منداڵیەتی نەکەوێت، ئیدی چیم ناوێ. هەرکە ئەو گەورە ببێ، من دەمرم. لە مرۆڤی دەکەوم. هەر کە ئەو گەورە بوو ئیدی مـن خۆیاتی خۆم لەدەست دەدەم... لێوان لێوی تەنیایی دەبم. ئاوسی پیری دەبم. بوونم دەمرێت. جەستەم دەبێت بە گۆڕستانێکی پڕ ژاوە ژاوی کەڕو لاڵ. چ دەنگێك رای ناچڵەکێنێ. وای لەم غوربەتە تینوەی بیابانی بوونم. تەماشا تەماشا چۆن دەمی ناوەتە ناخی وشك کردووم! ئەقڵی پێدا ناشکێ کە چ شتێك تینوویەتی ناشکێنێ تەنێ گریان نەبێ. گریانم لێ چووەتە قاتی، ئەوجا تۆش چ نیت. بریا بەردێك بای لەو گۆڕەی، بەس نەبوو بە چاو دەمبینیت! ئاخر ئەگەر

تۆ تۆبای، من ئەم حەماڵییەم بۆچی دەکرد!... بەرگەی ئەم خەم و گوناح و خەتایانە دەگرم؟! هەنگینێ هەرچی هەبوو و نەبوو رێك دەئەستۆی تۆم دەخست! ئیدی بۆ خۆم بار سووك و سەر سەلامەت بەناو دەکەوتم. بەڕەڵڵا دەبووم... ئاخر تۆیەك نە سوکنایی بە روحم ببەخشیت نە ئارامی بە دڵی بێ قەرارم بدەی نە قەرار بە روحی بێ ئارامم بدەی، نە بتوانی ئەو منداڵە وەك خۆی بیهێڵییەوەو نەیەڵی گەورە ببێ و بەس، ئاخر ئەوە بۆ تۆ چییە؟! گەلەك گرانە... دە داوەشێیت. پێدەچێت گەورە بوون هاوتای مەرگ بێت، کوا مرۆڤ لە ناخا منداڵێکی بێگەردی پاك پاك وەك چۆڕی شیر هەڵگرێ و بە شنەو خنەو گرژینەوە بتژێنێتەوە، ئاوەدانی ئاوەدانت بکاتەوە، کوا جەنازەی پیرە پیاوێکی قورس قورس بە شانی خۆیدا بدات و تا هەتایە پێوەی گیرۆدە ببێ!.. ئاخر تۆ لە چ شوێنێکەوە دیار نیت... بابە دیار نیت بە سەر سەرو بەسەر چاوان هەر دیار مەبە، دەبا هەستت پێ بکەم، خۆ هەر هەستت پێ ناکەم... دەیسا ئەگەر تۆ تۆ بای، وەك کەر بارم دەکردی، هەم تۆ کەرایەتیی خۆت بەجێ دێناو پڕ بەدڵ شانازیت بە خۆتەوە دەکرد، هەم منیش سەرو پێم لێ تێکنەدەچوون و دەمزانی تەکلیفم چییە... لێ دیارە، دەبێ ئەم نەبونەی تۆش بلاوێنم. دەبێ بۆ تۆش بگریم!... چۆن ئەو منداڵە لە پڕ گەورە بوو!... پیر بوو، کتوپڕ مرد، ئاخر ئیدی بۆن بنەم بە هەناسەی کێوە؟!

تەحا لەم غوربەتە! دەڵێی ئادەمی تڕۆکراوم و بەر غەزەب کەوتووم و تووڕ دراوەمەتە دنیایەکی نادیاری لە غەریبی غەریبتر... خۆزگەم بە ئادەم، بەس نییە ملکەچ و گوێڕایەڵ و رازی بە قەدەرو چارەنووسی خۆی.. ئامادەو حازر کە باجی ئەو ملکەچییەی خۆی بدات و هەرچی شت هەیە بیدات بە کۆڵی ئەودا... رەنج و مەشەقەتی ئەوەی وەبەرخۆ نەنا کە ماقووڵیەت بەبوونی خۆی ببەخشێت... هەموو شتەکان ئەو دیاری کرد بوو، ئەم قەرەقۆز بوو. بە داوێکی نادیاری باریك باریك، بەوەوە گرێ درابوو... لێ منی نەگبەت، لەم دنیا ناماقووڵەدا، گەرەکمە ماقووڵیەت بە خۆم ببەخشم، ئای نەیخۆی تاڵە.

⋆ ⋆

قژی زەرد، کارەبایی.. چاوانی شین شین، تەژی فێل و دەهۆیان. برۆکانی بژو بڵاو. تەوێڵی پان. چەناگەی چوارگۆشە. گۆنای زەق و رەق. سەری درێژ کۆڵە... ئەمە هەندێ رواڵەتی سیمای هەباسۆکی خاتێیە. ببوورن، خەڵکی ئێرە... خەڵکی نا ئەم چیرۆکە ناتوانین ناوی بابیتان پێ بڵێین.... ئێمە نایزانین، رەنگە کەسی دیکەش نەیزانێ... کێ دڵێ خاتێ-ش دەیزانێ!... خۆ دەشێت لێی تێك چووبێ... خاتێ ئافرەتێکی زەری رەنگ نەبوو.

⋆ ⋆ ⋆

ناوەندی بچووك، شاری بچووك، شوێنی لە بارە بۆ نەشونمای گەرای واتەواتە و قسە و قسەلۆکان. مێردەکەی چ نەبوو. گەلۆرە پیاوێکی وەك جوانەگای خەسیو وابوو. تەنێ داهۆڵێك بوو، خاتێ خۆی دابووە پەنای. دەنا رۆژێك لە رۆژان، بۆ تاقە جارێك تینوویەتی ناوگەڵی نەشکاند بوو، بەخۆی لە کانیی ژنان گلەیی کردبوو.. کە ئەو مرد هەستت دەکرد ئەم تەڕو تازە بووەتەوە. لێ لەبەر لۆمەی خەڵکی... بیری لە بارکردن کردەوە.... لە خودی خۆی هەڵبێ، بەڵام بێهودە بوو، نەیدەتوانی لە ژنایەتیی خۆی هەڵێ، مێیاتی خۆی بسڕێتەوە، دەیەوێ دوا چۆڕی مێیاتی خۆی بنۆشێت و قەترەی لێ بە فیڕۆ نەدات. ئەم پیاوی دەگۆڕی بەو پیاو. ئاخر هەموو پیاوێك مێیاتی ئافرەتی بۆ کەشف ناکرێ،

پیاو ئەو پیاوەیە تا ئەوپەڕی مێیاتی، مێیاتی ئافرەت بێدار بکاتەوە!.... کۆتەڵی هەر پیاوێکی لە خەیاڵی خۆیدا دروست بکردایە، ئیدی لە بنی عێزیشدا بووایە پەیدای دەکرد و دەیکێشایە سەر مێیاتی خۆی. کەچی روحی مێی پاراو نەدەبوو و نەدەبوو. بەر بە تاوو داوێن تەڕێکی سەیر بوو. هەر ژنێك بە راست و بە درۆ باسی پێوەندییەکی خۆی بکردایە، خاتێ یەکسەر خۆی لێ دەبوو بەو ژنە و دەچووە پێستی ئەوەوە.

★ ★ ★ ★

هەباسی خاتێ، چاوان دەنووقێنێ... تارمایی ئەسپێك... ئەم ئەسپە زۆر جاران دێتە بەرچاوی. دێتە خەونی، زۆر جار لە حیلەی ئەو راپەڕیوە... بێ باك، بێ منەت، دێتە قسان... تۆ بڵێی بابی نەبێ و لە پێستی ئەم ئەسپەدا بێتە خەون و بەرچاوی و بیەوێ لەو نیگەرانییە بیخەلەسێنێ! چ دیار نییە، ئافرەت بە تەنێ هەڵناکات، دەبێ کەسێك هەبێت نازی مێیاتی هەڵگرێ، پەروەردەی بکات، بوونی بسەلمێنێ، دەنا دیق دەکات، هەر لە خۆوە پیر دەبێت، دەمرێت.. خۆ مرۆڤ هەر یەکجار دەژی و تەواو... دەبێ خۆی بژێنێتەوە خۆی... چ ئەسپێکی بە هەیبەتە! لە خودی تۆڵە دەچێت...

★ ★ ★

منداڵ بوو. تازە فامی دەکردەوە. بۆ یەکەم جار هاوڕێیەکی باسی سێکسی بۆ کرد... کە باسی جووتبوونی دایك و بابی خۆی دەکرد... ئەم لە ناخی ناخا، دەگۆڕا، هەستی بە جۆرە مێبوونێکی ئاڵۆزو نا مەفهووم دەکرد. سەری دادەخست، دەیڕوانییە عاردەکەی بەردەمی... وەك بەزیوێکی بێ دەسەڵات، بە مەلوولییەوە دەیوت: زۆرم پێ ناخۆشە... دەست دەست لە پیاوەتی دەکەوم، بەڵام ناوێرم هیچ بڵێم...

هەباسێ خاتێ، لێی دەبێ بە مەراق، کێ ئەمە لەگەڵ دایکی ئەودا دەکات!... خۆ بابی نەماوە. دایکی ئەم کاری وا دزێو ناکات! خۆی ناداتە بەر کەس. ناو بە ناو بە دەم ئەو بیرانەوە شەپۆلێکی نامەفهووم لە سیمایدا بەدیار دەکەوت.

گەورە بوو. خووی دایە مێبازی. هەرگیز نەدەچوو بەلای ئافرەتی ئاساییەوە، نەیدەوێرا... ئەسپەکە لە هزریدا پەیدا دەبووەوە: ئازایەتی و مردن داوە موویەکیان بەینە... لە هەموو کەسێك ناوەشێتەوە... یاخیبوون باجی خۆی هەیە، بە هەموو کەس نادرێ نا... کۆمەڵ چاپۆشی لە هەموو کەسێك دەکات تەینا یاخییان نەبێ... کۆمەڵ دەیەوێ هەموو شتێك وەك ئەو بێ....

دەرگای لەسەر پشتە بۆ ریابێژان و هەلپەرستان... خاتێ، وەك تاپۆیەکی شێواو: ئەی ئەسپە ئازایەکەم دەمت خۆش.. بە قوربانی ئەو زارەت بم کە دەڵێی هەنگوینی لێ دەبارێ... توخوا ئەو پیرە ژیانە کۆن نەبووە، زۆریش کۆن نەبووە؟! پیر بووە، دەبێ تازە بکرێتەوە... مرۆڤیش خوڵقاوی نێو ئەو ژیانەیە. دەبێ خۆم بژێنمەوە، دەنا دەمرم، دەمرم...

★ ★

دەمێ بوو لە بابی دەگەڕا... هەرگیز ئەم رازەی بۆ کەس نەدرکاند بوو!.... هەرچی دەکرد، سۆراخێکی دەست نەدەکەوت... تازە فامی کردبووەوە. دەنگی دایکێتی:

- تۆ یەك ساڵان بوویت کە بابت مرد.

- چۆن مرد؟!
- .......
- بۆ مرد؟!
- .......

ئەم پیاوە کێیە هاتوچۆیان دەکات!.... بپرسێت نەپرسێت! وەك تاپۆ و شەبەنگان دێت و دەڕوات. بێ خشپە دەخزێتە ژوورەوە. لە تاریکیی ژوورەکەدا دەوەستێت. ژوورەکە هێندەی دی تاریك دادێت... ژوورەکە بۆن دەگرێ. بۆنێکی سەیر دەگرێت. بۆنێك مرۆڤ حاویچ دەکات!... تاپۆکە بێ خشپەتر دەخزێتە نێو جێگەکەی دایکییەوە... هەناسە و هانکە هانك جاڕی نهێنییەکیان دەدا...
دەنگی دایکی:

- ئەمە ناسیاومانە. کۆنە برادەری بابتە، بەزەیی پێماندا دێتەوەو جار جارێ دێت بۆ لامان!...

★ ★ ★

هەباسۆکی خاتێ، هەر کە پیاوێکی لەماڵی خۆیاندا دەبینی، پتر لە دایکی نائومێد دەبوو. هەستی دەکرد، دایکی تەنێ مولکی ئەو نییە، خەڵکانێکی دیکەش شەریکین.. شەریکەکانی لەم بە دەسەڵاترن... هەرکە ئەم هەستەی سەری دەکرد، وەك بڵێی زامێکی قووڵ بکەوێتە ناخی.. لە دووڕیانێکدایە یەك لە یەکیان سەختترو دژوارترە. بە دووی بابیدا بگەڕێ و بیدۆزێتەوەو سوکناییەك بەناخی هاڕوژاوی ببەخشێت... یان ڕێگەیەك بدۆزێتەوەو تۆڵەی دایکی بکاتەوە. دەنگی دایکییەتی:

- ئافرەت بە تەنێ هەڵناکات... دەبێ کەسێك هەبێت مێیاتی بجەڕبێنێ، تینوویەتی بشکێنێ و بیژێنێتەوە.. دەنا هەر لە خۆوە پیر دەبێت و دەمرێت.

ئێستا خۆی لە مێبازی و داوێن پیسیدا غەرق کردووە، بەخەیاڵی خۆی هەم تۆڵە سەندنەوەی دایکیەتی و هەم دژایەتی کردنی پیاوە.
گوێی دەزرنگێتەوە:

- ئازایەتی و مردن داوە موویەکیان بەینە...

★ ★ ★

خەسین لە ناخی مرۆڤدایە، لەوێندەرەوە دەست پێدەکات... تاقە لەزەتی ژیان سەرکەوتنە... بەڵام کە دەیگەیتێ سیحرو جادووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە. یان کۆن دەبێت و دەبێ تازەی بکەیتەوە!.... وازم لێ بێنن، هەقتان نەبێ بەسەرمەوە، بابم وێدەنەوە. نەیدەنەوەش، هەر دەیدۆزمەوە... ئەگەر خۆشم ون کردبێ هەر دەیدۆزمەوە.

★

هەنووکە، شەو لەبن پەڕەی دڵ و جەرگی ئەم خاکەوە هەڵدەقوڵێ. لە ژێر ئاسمانی غەریب و نامۆو سامناکدا، هەموو شتێك، هەر هەموو شتێك، مردوو و زیندوو لە سام و هەیبەتی خۆیدا لە ناخی غوربەتی خۆیدا غەرق دەکات... جا وەرە لێرەدا بۆ بابی خۆی بگەڕێ.... بابێك نە بزانی کەنگێ مردووە!... چۆن مردووە؟ بەڕاستی هەی بووە یان نەی بووە؟!

تـۆ بڵێـی بتـوانێ بیدۆزێتـەوە؟! گریمـان هەنـدێ قـولاّغ و ئێسـکو پروسـکی دۆزییـەوە، ئـاخۆ دەتـوانێ بیناسێتەوە؟! هەرگیز ناتوانێ بیناسێتەوە، مەگەر هەر خوا بزانـێ ئاوێتـەی چ گەردیلەیـەکی ئـەم خاکـە بێ نازە بووە. کێ دەڵێ هەر ئەو گەردیلەیە بەگەڵ باهۆز و رەشەبا و گـەردەلوولێکی دڵڕەق نەکـەوتووەو کەس نازانێ لە کوێندەر گیرساوەتەوە... کەسی هـەژار، پیـاوی هـەژار دەبـێ چۆن بناسـرێتەوە. هـەژاری، مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دەخات، دەیکوژێت، دەیمرێنێت. هـەر بوونـەوەرێکی مـردووی نـا زینـدوو، تـەنێ کـار لە غەیری خۆی دەکات، تەنیا غەیری خۆی دەگۆڕێت، هەرگیز خـۆی پـێ ناگۆڕێـت. ئـاخ هـەژاری! مـرۆڤ لـە مرۆڤایـەتی دەخـات. گـومڕا و گومنـاوی دەکـات. رابـردووی دەسـڕێتەوە. دەیخاتـە خانـەی ئـەو کۆیلـە گومناوانەوە کە ئەم دنیا سەخیفە بۆ غەیری خۆیان ئاوەدان دەکەنەوە. ماقووڵییەتی پێ دەبەخشن!.

★ ★ ★

ئەوە چ بوو، من بۆ بام دەگەڕام، کەچی وا خەریکە خۆم گوم دەکەم.

...... ئەگـەر خۆشـم ون کردبـێ، هـەر دەیدۆزمـەوە. مـاڵی پیـاوە قـژ بـژن و زەبـەلاح وترسـناکەکەی بینییەوە.. لە ماڵێکدا لە قاتی سەرەوە، تاقە ژوورێکی بـەکرێ گرتـووە.... زۆر بـیری کـردەوە شـەوێکیان چنگێ نۆکی کاڵی لەگەڵ خۆیدا بردو رۆیی... پلیکانی قاڵدرمەکەی پـڕ کـردن لـە دەنکـە نـۆك. کـابرا لـە سەرێڕا دێتە خوارێ. کەسێك روانینی بەڕێگەیەك یان شوێنێك ڕاهات، هەندێ شت نابینێ.

دەنکە نۆکان لە بنی پێیدا دەخزی، بە پشتدا دەکەوێ. پشتی سـەری دەدا بـە یـەکێك لـە پلیکانەکانـدا و حەیاتی لەبەر دەبڕێ... هەباسۆك بەلەز دەگەڕێتەوە...

- دایکە، کابرای خزمت مرد!
- کابرای خزمم کامەیە؟!
- ئەو قژ بژنە زبەلاحەکەی کە دەتوت کۆنە برادەری بابمە.

★ ★ ★

هەباسۆك، هەرچی دەکات ناوێرێ بخەوێ. هـەمان ئـەو پیـاوە بەسـەر دایکییـەوە دەبـینێ... ئـاخر دایکـی دەمرێت و ئیدی ئەم نایبینێتەوە.. هەست دەکات دەست دەست لە ناخدا مێ دەبێ... حـەزی دەکـرد ئـەو پیاوە خۆی بەسەر ئەمدا بـدات نـەك بەسـەر دایکیـدا، هەسـتی دەکـرد ئـەم بـەبێ دایکـی نـاژی... دەنگـی دایکییەتی:

- سووتام.. مردم، ئەو دنیام بە چاوی خۆم دی.

.... نەدەوێرا بخەوێ. روحی سـەرگەردان و نـاخی نیگـەرانی ئێشکی دایکیـان دەگـرت.. خـۆی بـە هـەموو شــوێنێکی جەنجاڵــدا دەکــات، تــا خــۆی لــە بــیر بکــات و ئــەم نیگــەرانی و ســەرگەردانییەی لــێ بڕەوێتەوە.خۆزیا دەخوازێ بابێك هەبوایەو دایکی بۆ بپاراستایە، ئەم ئەمەی بۆ ناکرێ....

- ئازایەتی و مردن داوە موویەکیان بەینە.

تەنێ ئەوەندەی لـە دەسـت دێ، لـە خـەیاڵی خۆیـدا، لـە بـری دایکـی، خـۆی وەژێـر ئـەو پیـاوە قـژ بـژن و زەبەلاح و ترسناکە بنێ...

★

هەباسۆك، گەورە بوو. هەرچی دەکرد و دەکۆشا تارمایی دایکی لێ دوور نەدەکەوتەوە... دەیوست لێی ڕابکات. فایدەی نەبوو، کابرای قژبژن هەر خۆی نەبوو.... ڕوحی مێی خاتێ دانەدەمرکایەوە... بوو بە تێکۆشەرو گوایە شۆڕشگێڕ، ئیدی لەم وڵاتەدا، لە وڵاتی ئەم چیرۆکەدا، هەموو شتێك هەر بە گۆترەیە، دەبی بە فریشتە، جەلاد، ڕاوچی، نێچیر، چاك، خراپ، گومناو، بەدناو، نێودار، دەسەڵاتدار، بێ دەسەڵات، شۆڕە سواری چارەنووسساز، خوێڕی، بەڕەڵڵا، بەهەشت، دۆزەخ، دەبی بە پێشمەرگە، بە جاش، بە جاشمەرگە... دەبی بە مێ، بەنێر، بە حیز، بە مەرد... دەبی بە هەر شتێك و ئەوجاش بە گۆترە!!...

.... بوو بە تێکۆشەر و گوایە شۆڕشگێڕ.... زۆر توندو تیژو بە زەبرو زەنگ بوو. سڵی لە کوشتن و بڕین نەدکردەوە. تەنانەت هاوسەنگەرانی خۆشی لە نێو دەبرد... ئەقڵی نەیبڕی، نیگەرانییەکەی نەڕەواندەوە... خووی دایە ئاشقێنی. لێی نەدەزانی، دەیوست تۆڵەی دایکی بکاتەوە. زۆرترین ژمارەی ماشووقە لە تۆماری ژیانیدا تۆمار بکات. زۆر جار دەچووە پێستی دۆستەکانی دایکییەوە بێ فایدە بوو... خەسین لە ناخی مرۆڤدایە. لەوێندەرەوە دەست پێدەکات... ئەو زەلامەی کە چاو شۆڕی کردبوو، لەبەر چاوی ون نەدەبوو. نە پیاو کوژی، نە داوێن پیسی دادیان نەدەدا.

ئەو زەلامانەیان بیری نەدەبردەوە کە بە منداڵی سەر شۆڕیان کردبوو. بە بەرچاوییەوە هاتوچۆی دایکیان دەکرد... هەندێ جار بەو حەساوەی گوایە ئەم نەفامەو ئەقڵی پێدا ناشکێ، دیانبردە حەمامەکەوە...

پێی سەیر بوو!.... مرۆڤ کوشتن و ئاو خواردنەوەی لەلایەك بوو. کەچی بە دایکی نەدەوێرا... خۆی پڕ ڕق و کینە دەکرد، بڕیاری دەدا، کەچی کاتێ دەهاتە سەر ئەوەی بڕیارەکەی ئەنجام بدات..... دەماری پیاوەتی لەلا نەدەما. قەڵەمی دەست و پێیانی دەشکا!. لەسەر چ کارێك نەدەگیرسایەوە. هەموو کەسەکانی ناخی مردن تێکۆشەرەکە هەر زوو مرد... ئاشقەکە مرد. زەلکاوێك لە ناخییەوە پەلوپۆی دەهاویشت و بەرە بەرە غەرقی دەکرد.

- یاخی بوون باجی خۆی هەیە. بە هەموو کەسێك نادرێ نا. کۆمەڵ چاوپۆشی لە هەموو کەسێك دەکات تەنێ یاخییان نەبێ... یان دەبێ وەك ئەو بی یان جێت نابێتەوە و دەبێ لە دەرێی ئەو بی... دەرگای بۆ ڕیابێژو هەلپەرستان لەسەر گازی پشتە... خووی دایە شیعران... هەباسۆکی خاتێ. بوو بە کاکەباسی شاعیر. سەرکەوتنی بە دەست هێنا. نێوبانگیان بۆ پەیدا کرد. چەپڵەیان بۆ لێدا. خەڵاتیان کرد، تاقە لەزەتی ژیان سەرکەوتنە لێ کە دەیگەیتێ، سیحرو ئەفسوونی بە تاڵ دەبێتەوە... بە تایبەتی ئەگەر ڕەگی لە ڕەسەنایەتیدا نەبێ... ڕابردوو لە ناخیدا مرد. نەما، سڕدرایەوە. کەس باسی نەدەکرد. لێ هەستکردن بەو ڕابردووە بەرۆکی بەر نەدەدا. جاری وابوو لە هەڕەتی کەیف و نەشئەی خۆیدا بوو، ڕابردوو بە پێچو پەناکانی هەست و نەستیدا دەهات، بە جۆرێ بەرجەستە دەبوو، پێی وابوو ئەگەر زوو فریای خۆی نەکەوێ، دێتە زمان و هەرچی هی ژێر بەڕەیە دەیخاتە سەر بەڕەو سووك و چرووکی دەکات، زەلکاوەکەی ناخی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرینتر دەبوو... خەریك بوو هەموو بوونی بگرێتەوە. هەرگیز ناوی بابی نەدەهێنا... نەیدەتوانی لە هەستی حەرامزادە بوون دەرباز بێ. دڵخۆشیی

خۆی بەوە دەدایەوە کە ئەو چ خەتایەکی نییە. خۆ ئەو حەرامزادە بوونی بۆ خۆی هەڵنەبژاردووە.

ئەو دایکی خۆی بەگان نەداوە. کەواتە چ خەتایەکی نییە. هەر خۆی بە خۆی دەوت: هەی کەر پیاو ئاخر کێ هاتووە دادگاییت بکات و لێت بپرسێتەوە... قورمساغ، تۆش کەیفت بە خۆ هەڵخەڵەتاندن دێت... ئەدی چ لەو هەستە دەکەیت کە وەك نووسنەك بە بەرۆکتەوە نووساوەو لێت نابێتەوە و نابێتەوە. بەبێ ویستی خۆی بووە بەڵایەکی ئەو هاکێشەیە و ئارامی لەبەر هەڵگرتووە.. جا وەك بابی نەدەناسی، نەیدەوێرا حاشا لە دایکایەتی دایکی بکات... ئەو هەزارڕیانی گومانە وای لێ کردبوو، بە هەر نرخێك بووە ناوێك بە دەست بێنێ.

کێ بابیەتی، ئەمە گرینگ نییە، دەستی نەدەچووە دایکی... کە دەهاتە سەر دایکی هەستی دەکرد دەست دەست مێ دەبێت.

جۆرە هاوسۆزییەکی مێیاتی لەگەڵدا پەیدا دەکات... دەستی نەدەچووە دایکی، "ئەگەر قەحپەش بووبێ، شەوو رۆژ خەریکی ناوگەڵ پەرستی بوو بێ" ئەم خەتابار نییە. خەڵکی دیکە خەتابار بوون. بۆچی ئەوان نەیان کوشتووە؟! کەواتە بێ تاوانە، بوختانی بۆ دەکەن.... کۆمەڵ، کۆمەڵبەدەری نەکردووە.

ئەم نیگەرانییە، زادەی ئەوە بوو کە ناوێك بۆ خۆی بە دەست بێنێ. هەباسۆك، هەباسۆکی خاتێ! وەك تیغ ناخی توێ توێ دەکرد...ئەتواروەفتاری لە هی یەکێك دەچوو کە شتێك لە ناخیدا بێوبیەوێ بیکوژێ

⋆

هەر چییەکت لە دڵدایە بیڵێ، نەمردی بوویت بە کاکە باسی شاعیر.... مەترسە، شەرم مەکە، دڵی خۆت مەکە بەکانگەی کەرب و کینە... گوێی دەزرنگێتەوە:

- چەغە، خوێڕی. سەد هێندەی دی بوەڕی، بگەڤی، بحەپی، هەر هیچ نیت. خوێڕیت. خەسیویت.. ئەو رۆژە خەسیت کە بە ئافەرینی ئەوان لە خشتە چوویت. رەدووی ئافەرین کەوتیت.... دەنا قەت نەدەبوویت بەم سەگە... بیرتە! نا، نا تۆ هیچت بیرنایەت. ئەگەر بیرت بێ ئیدی ناتوانی بژیت! نهێنی بەردەوام بوونت، لەم بیر نەهاتندایە... بۆچی لە حەپە حەپ ناکەویت؟!

پاش ئەوەی هەموو مەستی مەست بوون، هەباسۆکی خاتێ لە سووچێکدا خۆی مەڵاس دابوو. دەتوت خۆی لە شتێك دەشارێتەوە. یەکێك هات، دەمی وەپەنا گوێی نا... بە چاپووکی هەستا،بە خۆو دەستەیەك کاغەزەوە هەستا. بەلارە لار خۆی گەیاندە سەر شانۆ، روو لە جەنابی... کڕنۆشێکی بۆ ئامادەبووان برد. ئەوجا وەك ئەسپێك سمکۆڵان بکات دەستی بەخوێندنەوەی شیعرێك کرد. بەڕاستی شیعرێکی چاك بوو، ئەگەر بتوانرایە گوێی لێ بگیردرێ؟!

دەنگی جەنابی... بە دەم تێترانی مەزەوە: ئەرێ ئەو سەگە لە کوێیە؟! بانگی بکەن، لەم سەگەی بەردەن...

بارەگاو دەربار ئەمەی قۆڕە... هەرچی سەگ و گەوادو قەحپە و هەلپەرست و شایەر هەن، بە ئاسانی دەیگەنێ... کەچی بەچراوە بۆ کەسێکی، بۆ کەرێکی بە هەڵۆیست بگەڕێی. دەستت ناکەوێ... چۆنت دەست دەکەوێ.

★ ★ ★

ئەمەی دەیگێڕمەوە، دڵسۆزییە بۆ خودی خۆم، ئیسراحەتی پێدەکەم. دەنا ئەمە نە هەڵۆیست فرۆشییەو نە ریسواکردنی کۆشك و دەربارانە.. ئیعترافکردنیش نییە. منەتیش نییە تا بە سەر کەسێکیدا بکەم. گوێم دەزرنگێتەوە!

- کوا ئەو سەگە لە کوێیە؟! بابێ تۆزێ بگەڤێ..

هەباسۆکی خاتێ، لە حەژمەتاندا بوو بە سەگ. دەنگی ئادەمی لەلا نەما... هەرچی دەکرد تەنێ حەپە حەپێکی بێ تامی لەزار دەهاتە دەرێ... هەردوو پاشووی دەبنە خۆی دەنا. دەستانی لێ رادەکێشا، سەر دەنێوان هەردووك دەستانی دەنا. سەر شۆڕو چاو حیز دەیڕوانییە.. منداڵ بوو، تووڵە سەگێکی دەنێو گۆلاوەکەی خوار ماڵی خۆیانەوە بینی، هەڵیگرتە بەردێك خێواندییە توولە سەگەکە، رێك بەر قەپۆزی کەوت، قورسکەیەکی غەریبی کرد. نقوم بوو. ئیدی نەهاتەوە سەر ئاوەکە. بازنە خوێنێك کەوتە سەر ئاوەکە. بازنە خوێنێك کەوتە سەر ئاوەکە و بە دەم وردە شەپۆلانەوەو هەر بە بازنەیی تا رەخی گۆلاوەکە هات. چ ئاسەوارێك لە سەگەوە نەماو ئەو نقوم بوونەی کە نقوم بوو قەت سەر نەکەوتەوە. ئەمیش تاهێز لەلاقیدا بوو پێی وەغارێوە ناو تا باوەشی دایکی نەوەستایەوە.

★ ★

هەنوکە شەو، لەناو جەرگ و دڵی ئەم خاکەوە هەڵدەقوڵێ. لە ژێر ئاسمانی غەریب و نامۆ و سامناکدا هەمموو شتێك لە ناخی غوربەتی خۆیدا غەرق دەکات... جا وەرە لێرەدا بۆ بابی خۆی بگەڕێ...

گوێی دەزرنگێتەوە:

- .... هەبوو نەبوو. رۆژو عەیامی جارانێ، تاپۆیەك هەبوو، گوایە زۆر کەس دیتبوویان، بەڵام پێدەچێت تەنێ واهیمەو ترس چاوی خستبنە رێشکەوپێشکە... گوایە ئەم تاپۆیە لە نیوە شەوانی ئەنگوستە چاودا، خۆی بە ئاوەدانیدا دەکرد، لەبەر ماڵێکدا دەوێستا. گازی خاوەن ماڵی دەکرد، هەر کە سەری لە دەرگا دەردێنا. بە شل و شێواوی دیتبای، بە شمشێرێك ملی دەپەڕاندو ئەوجا وەك هەڵمێك بێت و گەرما قووتی بدات، ون دەبوو.. تا شەوێك دێتە بەر ماڵی حەسەن ناوێك.. حەسەن هەرکە گوێی لە نێوی خۆی دەبێت دڵی دادەخورپێ. لە دڵی خۆدا دەڵێ: ئەمە ئەو رۆژەیە کە لێی دەترسام. دەبا خۆم پەیت و تەیار بکەم...

چەك و تەدارەك لەخۆ دەدات. سواری ئەسپ دەبێت و لە دەروازەی حەوشەوە دەردەکەوێ. تاپۆکە، دەڵێ: هاتی حەسەن؟ دە دووم بکەوە...

حەسەن، وەك منداڵێکی بچووکی گوێڕایەڵی رموودەی دایکی دووی رەشسوارەکە دەکەوێت. بڕۆ بڕۆ.... دەگەنە بێشەو جەنگەڵێکی تووشی تووش. خۆی وەك ئەشکەوتێکی قووڵدا دەکات.. حەسەن وەك کەسێك سیحرو جادووی لێ کرابێ بە دووی دەکەوێت. تاپۆیەکە خۆی رووتو قووت دەکاتەوە. ژنێکی تەڕو تازە بەرجەستە دەبێت.

حەسـەن دەكێشـێتە سـەر خـۆی، نـە جـارو نـە دووان و نـە سـییان... حەسـەن دەبووریتـەوە. لـە هـۆش دەچێت. رەشسوارەكە، تاپۆكە بەر لەوەی حەسەن لە هۆش خۆی بچێت، پێی دەڵێ:

- ئێوە، مێردی منتان كوشتووە. ئەمە تۆڵەی مێیاتی خۆمەو لە ئێوەی دەكەمەوە..

لە قەیەكی پێدا دەكێشێت و بـەجێی دێڵێ... نایكوژێت، دەڵێن گوایـە لێـی دەگـرێ و سـكی پـڕ دەبێـت. دەیكات بەبابی منداڵی خۆی و نایكوژێت.

★ ★ ★

كە ئەوەندە هێدی و هێمن دەنوێنم، ئەمـە نـە لـە سـەلاریمەو نـە لـە پیـاوەتی و پیـاو چـاكی. نـاوێرم زار هەڵێنم لە حەپ حەپ زیاترم لـە زار نایەتـە دەرێ. ئیـدی لـەو ڕۆژەوە دۆڕام. هەرچـی دەكـەم نایەمـەوە مایە. زۆر كەس دڵم دەدەنەوە. گوناهم لێ سووك دەكەن. هەنجـەت و پاكانـە دەدۆزنـەوەو مـنی پـێ پـاك دەكەنـەوە، بـەڵام هـەر ئـەو سـاتەیە و بـەس. هـەر كـە دەنگـی ئـەوانم لـە گـوێ دەبـڕێ، ئیـدی هەسـتەكە بەرۆكم دەگرێ و وەك نووسنەك پێمەوە دەنووسێت و بە ئامان و زەمان لێم نابێتەوەو نابێتـەوە. ئیـدی هەستێكی سەیرە سەیر، بریا كراسێك بووایـە و دام بكەندایـە و تـوورم دابـاو ببڕایەتـەوە. خۆشـم نـازانم چۆن گەییمە ئەو ڕۆژو ڕۆژگارە! چ تەوقێكی نەفرەت بوو وا بـەمجۆرە لـە گـەردنم ئـاڵا... ئـێ خـۆ لـەوەش حیزەڵـەترم دەسـتم بچـێتە خـۆو خـۆم بكـوژم و لـەم جـەفاو زەلیلییـە رزگـار بـبم، ئـەوە لـە پیـاوان دەوەشێتەوە، كاری هەر ماكەرێك نییـە. هـەر ئـەم حیزەڵەییـە بـوو بەتـەوقی نـەفرەت و ڕۆژی بـەو ڕۆژە گەیاندم. حیزەڵەیی، سەرچاوەی هەموو داڕووخانێكە.. ئـەوەتام لەسـەر ترۆپكـی هەڵـدێرێكی هـەزار بـە هەزار كە دەستیان بە پشتدا دادام و بەرەو ئـەم ترۆپكـی هەڵـدێرەیان دێنـام، وامـدەزانی بەڕاسـتی بـەرەو بەرزی دەچم!.... ترحێو... كەچی لە لووتكەی هەڵدێرێكدا گـیرم خـواردووە. نـە دەتـوانم بچمـە پـێش و نە دەشێم بەرەو پـاش بگەڕێمـەوە.. خەریكە هەترەشـم دەچـێت. دەك زیـرە بكـەی خـوێڕی، پێدەچـێت بەرزی و داڕووخان تاڵە موویەكیان بەین بێ.

وا مەزەنـدە نەبـەن نێـوی ڕاسـتی خۆمتـان پـێ بڵـێم. ئـەوە لـە پیـاوان دەوەشـێتەوە، نـەك لـە منێكـی بوودەڵەی گەمژەی چاوچنۆكی شۆرەتخوازی بـۆش و بـەتاڵ. بـە خـوای نـا، نـاوی خـۆم نـاڵێم. قـەت ئـەو غیرەت و زاتـەم نییـە. ئەمـە نێـوی مـن نییـە. دەمێكـە ئـەو خۆمـەم، لـە نـاخی خۆمـدا زینـدە بـە چـاڵ كـردووە، بـەڵام لـێم عەیانـە هـەر ڕۆژێ لـە ڕۆژان دەڕوێـت، وەك نـەمام دەڕوێـت و هـەقی بـەرو دوام لـێ دەكاتەوە. ئەم هەستە نەعلەتییەی هەنووكە بەرۆكی گرتووم، من هەر بـەو خۆمـەی دەزانم... تۆڵـەم لـێ دەستێنێ، ئەدی چۆن، خۆ شاری بێ حاكم نییـە. خوێڕیـاتیش هـەر سـەرێ دووانـە... بـەوە خـۆم تـەفرە دەدا كە ئەم ڕێگەیە، ڕێی دارستانی غارە! ... مەكە ئیـدی بـۆ خـۆم لـەو دارسـتانی غـارەدا دەحەوێمـەوە. كەچی ئەوەتا تووشم بوو بە تووشی ئەم هەڵدێرە هەزار بەهەزارە سامناكە هەترەشبەرەوە!...

هیـوا، سەرچـاوەی هـەموو نیگـەرانی و دڵەڕاوكێیەكـە! عـەینی شـوان هەڵخەڵەتێنـە، هەڵـدەفڕێ، بـە نزمییـەوە تۆزێـك دەڕوات و ئـەوجا لـە نزیكـت دەنیشـێتەوە. تـەماحت وەبـەر دەنێتـەوە. پـڕی دەدەیـێ، هەڵدەفڕێتەوە، تۆزێ هێوەتر دەنیشتێتەوە!... ئـێ مرۆڤیش شیری خاوی خـواردووە، عیـبرەت وەرنـاگرێ. دەسـت بـە گەمەكـە دەكاتـەوە. بـەمجۆرە لـە بازنەیـەكی بۆشـدا هـەر دەخولێیـەوەو دەخولێیـەوە، تـا بـە هیلاك دەچیت، بە سیاسەت دەچیت. دەیسا تـا هیـوا هـەبێ مـرۆڤ نـاهێورێ... بـڕوا بكـە هـەر كـەوتن و

داڕووخان و خەسین و لە پیاوەتی کەوتن و بەعاجباتی بوونێك بگری ڕەگێکی دەچێتەوە سەر هیوا... مرۆڤ تەنێ لە نائومێدی تەواودا دەهێورێ.

★ ★

چ هەستێکە!... هەرچی دەکەم و دەکۆشم ناتوانم ئەو هەستە دیاری بکەم... بیناسم. ئەوەندە دەزانم دەستێکی زۆر کوشندەیە. بارێکی زۆر قورسە. هەناسەی مرۆڤ سوار دەکات. بۆشاییەکی سامناك و کوشندە گەمارۆی دەروونی داوم، دەیەوێ فەتحی بکات. شتێکی ئالۆزو نادیار ئازارم دەدات. هەست دەکەم پێویستم بە پشت و پەنایەکە. پێویستم بە بابە، بە هەموو زوڵم و زۆرێکییەوە هەر خۆشە، ئیدی مومارەسەی باوکایەتییە. دەبێ لێی قبووڵ بکرێ. تا بێ بابی نەجەڕبێنی، قەدری باب نازانی.
گوێی دەزرنگێتەوە:

- ... ئەمە تۆڵەی مێیاتی خۆمەو لە ئێوەی دەکەمەوە. لەقەیەکی پێدا دەکێشێت و لەوێندەر بەجێی دێڵێ. نایکوژێت، دەڵێن گوایە لێی دەگرێ، سکی پڕ دەبێت... ئاخر مێینە لە یەکێکی گرت ئیدی دەستی ناچێتە خوێنی!....

★

.... ڕۆژانی هەینی، لێرەدا، لە نێوا ئەم چیرۆکەدا پیاوێکی وردیلەی نیگا سەرگەردانی، قژ بژی، غەریب و نامۆ بە دیار کەڵەکە بەردێکی بێ نازی کەم نموودەوە دەبینم، نیگا بە کێلی گۆڕە پۆشتەو بەدارو بارەکانی گۆڕستانەکەی نێو ئەم چیرۆکەدا دەگێڕێ... ڕوندك وەك بارانی بوهارێ لە چاوانی دەڕژێن. بەر لەوەی بگەنە بنجی ردێنە هاتووەکەی دەبن بە هەڵم و وەك تەم لە سەرو رووی دەنیشن.

1999

## که ویستم ببم به

کاروان هات، زۆر ڕێگای بڕی، له شوێنێکی ئەم سەرزەمینەدا لایدا، زۆر هیوای له ناخدا پەروەردە دەکرد. یەك یەك له پەیژەی فڕۆکەکە دابەزین، ریزیان بەست، له مێشکی هەر یەکێکیانا جۆرەها شتی سەیر سەمای دەکرد، بەدەم دابەزینەوە خۆت دەدواند: (هەمیشە سەرکەتن لە دابەزین خۆشترە)

ڕۆژی یەکەمتان هێشتا هەر مەستی خۆزگە دنیا نەدیوەکانتان بوون، کە فڕۆکەیەك دەنیشتەوە، دوای چەند چرکەیەك ڕەوە مرۆڤێکی هەڵدەڕشتە نێو فڕۆکەخانەکەوە، چاوانی گەش، خەندەی زیندووی سەر لێوان، هەنگاوی گورج و خۆ پەسند، جانتای پڕ له دیاری و سەوقاتی، منداڵی سەلار، ئەدی توولە کسۆکان بۆ ناڵێی!... گەلێك شتی دیکەش، هێندەی دی تاسەی سەرکەوتنێکی دییان لەلای ئێوە دەمەزەرد دەکردەوە، تۆ لەم خەیاڵانەدا دەژیایت، ئافرەتە ئاوارەکەی تەنیشتت، دەستی نامۆیی بەسەر ڕوومەت و قژی کۆرپە ساواو بێنازەکەی باوەشیدا دێناو دەیوت:

- ئۆف خوایە گیان، کەی بێ ئێمەش سەر بکەینەوە؟!

قسەکەت له زار قۆستەوە و له دڵی خۆتدا دەتجووەوە: نه دادە گیان، وا مەڵێ: ((چونکە من، تۆ، ئەوانەی تەنیشتمان کە سەری خەممان لە بن باڵی شکاوی بێ ئومێدی ناوە، هەموو هەر نێچیرو قوربانیی سەرکەوتنین)).

پێدەچوو ئافرەتەکەی بەرامبەریشت، بەر پەرەکانی دڵت بخوێنێتەوە کوتوپڕ هەستایە سەر پێ، پێڵاوەکانی لە پێنەکرد، نازانی بیری چوون یان پێیە خاوسە ناسکەکانی کیژۆڵە ئەوروپاییەکان هانیاندا. بە بەردەمتدا تێپەڕی. هەناسەیەکی هەڵکێشاو، چەند وشەیەکی بۆکوڕوزاوی دەرپەڕاند.

- نەفرەت لەو ڕۆژەی ئێمەی تیا لە دایك بووین، چ قەدەر و چارەنووسێکە.

قسەکەی خۆت بیر کەوتەوە... ڕاست دەکات، ئەی چۆن! نەتوت ئێمە نێچیری سەرکەوتنین، بەڵێ باب هێندە تامەزرۆی سەرکەوتنە، کەساتێکی بۆ هەڵدەکەوێ، بە پەلە سەردەکەوێ، بێ ئەوەی بیر لە تاوانی ئەنجام بکاتەوە. دەیسا لە بابەکان دەپاڕێمەوە.. کاکە بەس سەر بکەون، بەس تۆوی تاوان بنێژن. باخچەی ژیان بۆ نەوەی ئێوە نییە!.

هەستایە سەر پێ، کز کز خۆت دایە دەم هەنگاوی گۆجەوە، گەیشتییە ئاستی کیژە هیپییەکە. هەڵوەستەیەکت کرد، ئاوڕت دایەوە، لەو بەرەوە کۆمەڵێك کەرە ئاوارە! ببوورن مرۆڤی ئاوارە بەرانبەری ریزیان بەستبوو، لە پۆلە ڕەشۆڵەیەکی سەرما بردوو دەچوون کە بەسەر تەلێکی کارەباوە خۆیان هەڵخستبێ. نیگای نەوسنیان، تینوویێتی ناخیانی دەنواند، جگەرەیەکت دەرهێنا. لێیان چوویتە پێشەوە..

- کاك فەرەیدوون ئەو ئاگرەم بدەرێ.

ڕاپەڕی. ئاگرەکەی دایتێ. جگەرەکەت داگیرساند.

- سوپاس کاکە.

دیسانەوە  راپەڕی. عەبە، بە روو گرژی لەو لاوە هاتوو پەستی خۆیدا بە کۆلی یەکێك لە کورسییەکانداو لەوە دەچوو لە دڵی خۆیدا بڵێ: بە کەرامەتم، ژیان لەم کورسییە دەچێت. هەر کە بۆشاییەکی تێکەوت، ڕێبوارێکی دی لە ئامێز دەگرێ و خۆی پێ پڕ دەکاتەوە.

کە روانیتە سیمای، جووڵەی پێڵوەکانی، لە پەپوولەیەکی تۆزاوی باڵشکاو دەچوو. لە پڕ هەڵیدایە:

- کاکە بۆ وا دانیشتوون، دەهەستن با تەگبیرێکی خۆمان بکەین. ئافرەتە هیپییەکە هەستا، نیگای نەوسنی ئەمانیش شوێنی کەوتن. لێی نەبوونەوە تا لە نێو ئاپۆرای خەڵکەکەدا ون بوو...

بە بێتاقەتییەوە هەستان. هاتنە سوچێکەوە، بەرانبەریان لە یەکدی گرت، سەرو جگەرەیان داگیرساند، تۆ خۆت لێیان تەریك گرت، گوێت لێ بوو:

- چێ بکەین؟
- با بچینە لای ئەو کیژە کارمەندە، با بزانین شتێکمان بۆ ناکات.

ڕۆیشتن. بە کۆمەڵ بەردەمیان گرت.

- بێ زەحمەت ئێمە چی بکەین؟
- ئێستا تەلەفۆن دەکەین، ڕۆژنامەنووستان بۆ گاز دەکەین.

هەندێکیان کشانەوە. یەك —دوویەکیان هەر بە دیارییەوە وەستان. تەلەفۆنەکەی هەڵگرت. چەند ژمارەیەکی لێدا.

- هەلوو... نووسینگەی ڕۆژنامەی "  "ە.... بێزەحمەت نوێنەرێکی خۆتان نانێرن بۆ فڕۆکەخانەی ؟ چەند مرۆڤێکی لێقەوماو لێرە گیریان خواردووە، بەڵکو قسانیان دەگەڵ دەکەن و کێشەکەیان دەخەنە بەرچاو... زۆر سوپاس.

تەلەفۆنەکەی داخستەوە. بزەیەکی ناسك بە ئاستەم کشتەکی لێوی کشاند. سەرێکی لەقاند.

- دانیشن، ئێستا دێن.

ئاهێکیان پێدا هاتەوە. لە سووچێکدا چوار مشقی دانیشتن. لەگەڵ یەکێکیاندا لە پەنایەکەوە دانیشتیت.

- تۆ بڕوانە، لەوە دەچێت ئەم دانیشتنە تایبەت بێ بە کوردەوە!
- ئەدی چۆن! خەڵکی بە شارستانییەت و شتی گەورە دەناسرێن و ئێمەش بە دانیشتنەکەماندا...
- ناسنامەی چاکە، ها!

فریانەکەوتیت وەڵامی بدەیتەوە. لە پڕ ڕۆژنامەنووسەکان، ئافرەتێك و پیاوێك بە خۆو کەرەستەی ڕۆژنامەوانییەوە گەیشتن، دەوریان درا. بە هەر حاڵ بوو کەرەکانیان! هێدی کردەوە. گەرەلاوژەیەك بوو لەو گۆڕە، کەس بواری قسەی بە کەس نەدەدا. نیگای کیژە ڕۆژنامەوانەکە جارێ گلەیی و جارێ بەزەیی دەنواند.

- چیتان دەوێت؟
- تاقە بستێك خاك کە جێمان بکاتەوە.

- ئەدی بۆ... بۆ... خۆتان خاکتان نییە؟!

تەزوویەکی شەرمەزاریت بە لەشدا هات. هەرگیز رۆژێك لە رۆژان بەو قووڵییە، لە مانای وشەی خاك نەگەیی بوویت! پەلی هاوڕێکەت گرت و هاتنە ئەم لاوەو لەسەر کورسییەك دانیشتن. بە دوو قۆڵی کەوتنە قسان.

- کاکە راستدەکات. پرسیارەکەی بەجێیە.
- ... هەمانە، بەڵام وەك ئەوەیە نەمان بێ.
- وا نییە، هەمانە لە گشت خاکێك شیرینترە! خاکێك خزمەتی نەکەیت، خزمەتت ناکات!.
- چۆن...؟
- ئەی ئەوەتا پشتمان تێکردووەو بە جێمان هێشتووە.
- کاکە گەورەکان وایان لێکردووین.
- نەخێر خۆمانین. هەموو شتێك هەر خۆمانین، ئەمانە هەمووی پاساوی هەڵوێستی لاوازی خۆمانە. پاکانەیەکی قۆڕە ئێمە خۆمان، خۆمان کردووە بە کەلوپەلێکی بێنرخی هەڕاجخانەکان.
- چۆن؟!
- ئەدی کاکە وایە. ئا ئەم پیاو و ئافرەتە رۆژنامەنووسە، ئێستا بازرگانی بە ئێمەوە دەکەن.
- بازرگانی چی؟
- بەشتێکی رووکەش خەمەکانمان دەخەنە تابووتی وشەوەو بە جیهانی سووکە خوێندنەوەیەکدا دەیگێڕن و تەواو
- ئێ باشە، بەڵکو خەڵکی بەزەییان پێماندا بێتەوە.
- بۆچی سواڵی بەزەیی بکەین؟ پێم نالێی... دار کە لە خاکی خۆی تۆرا.. ژیانی دەسڕێتەوە.

ئا لەم قسانەدا بوون، برادەران بڵاوەیان لێکرد. تەماشات کرد رۆژنامەنووسەکان لە دەرگاکە ئاوا بوون.

- ها کەکە عەبە چی بوو؟
- کاکە سبەی بڵاوی دەکەنەوە. یەك ئینگلیزیم بۆی هۆنییەوە هەر مەپرسە.
- دەی باشە، با چاوی هیوا ببڕینە چاوەڕوانی سبەینێ.

★ ★ ★

بەیانییە، کات درەنگە، جا با درەنگیش بێت. خۆ ئێوە لە دەرەوەی سنووری کاتدا دەژین!! سەر پاکی کارمەندانی فرۆکەخانەکەو بگرە زۆربەی رێبوارەکانیش، ئەوانەی بە ئاسمانیشا دێن، دەتانناسن. بەڵام کەس خەمی گەورەتان بۆ ناخوات. تابووتی وشەکان لاشەی ئەم مانشێتەی لە قووڵایی چاوە ساردەکاندا دەنێژا: "چەند پێشکەوتنخوازێکی کوردستانی داوای پەناهەندەیی دەکەن..." تاتوانیت، لە ناخەوە جڕتێك بۆ خۆت لێدا. ئارامتان لێبڕا.

هێندەتان هاتووچۆ کرد، بێزار بوون. لێتان بێزار بوون. هەستت دەکرد قێزتان لێدەکرێتەوە. پێت خۆشبوو. چەند کەڕەتێك کۆبوونەوە. بڕیارەکانتان یەکیان دەخواردەوە. دەخرانە تەنەکەی خۆڵەوە..

چاو، برسی شلکی ران و لەرەی مەمکی قوت و توندە. دەم، بۆگەنی زمان نەزانینە. سک برسی کەم پارەییە.

تابووتی وشەش سوالْی شیوەن و بەزەیی سەرنج دەکات، سەرنجێك، سەرنجێکی خەمبار، پلیتی "؟" نەفەر خواردنی بۆ پەیدا کردن. پۆلە ژەمبردەیەك خۆتان بە ڕێستورانی فڕۆکەخانەکەدا کرد. پلیت قسە دەکات. کە گارسۆنەکە خوێندییەوە رووی گرژ کرد، دەمرێژێك قسەی بە نێوتاندا کرد. نانتان لەبەر چاو کەوت.

کەوتیتە کاوێژ کردنەوەی خەمەکانتان. ئافرەتێك لەو لاتەوە تەنیایی خۆی دەخوێندەوە. لە خۆتت پرسی: ئاخۆ بەم حالّەی ئێمە بزانیّ! هەستایت، زاتت وەبەر خۆدا. چویتە لایەوە. جەستەی رووتی نە داچلّەکی و نە هەستی پێکردیت! لێت پرسی:

- ڕۆژنامەی "؟" ئەوڕۆت خوێندەوە؟
- بەلّێ.
- لاپەڕە سێت بینی؟
- ئەریّ. هەلّبەتە...
- سەرنجی ڕاکێشایت؟
- نەخێر...

سەرت سوڕما. بە شەرمەوە پرسیت:

- چۆن؟
- ئەوانە درۆزنن، پێشکەوتووخوازی کوردستان نین، ئەگینا بۆ کوردستانیان بە جیّ هێشتووە؟! بۆ... بۆ... بۆ...؟!

نەتوێرا خۆتی پێبناسێنی. داوای بوردنت لێکردو ویستت بەجێی بهێلّی، رای گرتیت. دەستی راکێشاو وتی:

- ئەو دەریایە دەبینیت! ئەوە دەریای سپی ناوەڕاستە. ڕۆژی هەزاران ماسی و گیانەوەری. بچووك، دەبن بە خۆراکی شتە گەورەکان، بەلاّم ئەو خۆی لێلّ ناکات و هەر دەکشێت، مەسەلەی ئەوانەیش لە دەریای جەنجالّی مرۆڤایەتیدا لەوە پتر نییە.

لە ناخی ناخدا تەریق بوویتەوە. بە پەلە جێت هێشت. چوونە سەرەوە. سەروپێکی سوالّکەرانەتان دروست کرد. لە هەموو ئاشێکتان لێدەکرد، گشت شتەکانیش بە دەوری خۆتاندا هەنگلّە شەلێی بوو.

⋆ ⋆ ⋆

ئاخ شەممەو یەك شەممە! چۆن بوون بە مۆتەکەو نایەلّن گرێی کفنی مەرگم بکرێتەوە. تۆ ئەم بەو دەسپێریت و ئەو خۆی بەوی دیکە دەسپێریت.. دووبارە دەبنەوە. دەبارە، هەزار بارە، ملیۆن بارە دەبنەوە. دێن، دەڕۆن، هیچ هەواڵێکی خۆش، هیچ کاغەزێکی نویّ بە ئێمە ناگەیەنن. مەرج بیّ ئەمجارە، کە سوار بوومەوە، دوای نۆ مانگ و ... نۆ... نۆ... چاوەڕوانی، ئەگەر کوڕم بوو نێوی بنێم مژداوەر. وتت چی؟ سەر بکەویتەوە؟! ناماقولّیت کرد... هێشتا ماوتە!..

نا، نـا... مـن هەڵە بـووم، ئەگـەر دۆسـتێکم کوڕی بـوو ئـەو نێـوەی لێـدەنێم.. قاقـای پێکـەنینێکی نیـوە خنکاو، برادەرانی بێدەنگ کرد.

- مەحمو گیان مەڕۆ تێکەوتیت!!

- بە هەر حاڵ با واز لەم مەسەلانە بێنین، مەسەلەی پێویست ترمان لەپیشە:

هـەموو خـامۆش بـوون، تـەنیا هـاڕەی فڕۆکـە نـەبێت. یـەکێك هەڵدەسـتێت و یـەکێکی دی دادەبـەزێت. دەسـتەیەك رێبـوار دەڕۆیشـتن و دەسـتەیەکی دی دەهـاتن. ژیانـت بیرکەوتـەوە، لـە دڵـی خۆتـدا دەتـوت: ژیانیش دوو ئاوەڕۆی هەیە، یەکێکیان دەڕژێتـە ئۆقیانووسـی بوونـەوەو یـەکێکی تریـان لەبـەری دەڕوات. ئەگەر وا نەبێ بۆگەن دەکات.

- دەزانن من چی دەڵێم؟

ئەبڵەقی چاوەکان، تاساوی سیماکان هاواریان دەکرد:

- خێراکە فەرمووبیڵێ...

- سبەینێ تەلەفۆنێك لەگەڵ کۆمەڵەی خەمخۆرانی گیانداران دەکەین.

- بۆ؟!

- تا نوێنەرێکی خۆیان بۆ ئێرە بنێرن...

- ئێ ئەوە ناردیان...

- کە هاتن پێیان دەڵێین، ئێمە کۆمەڵە گیاندارێکی رۆژهەڵاتین و هاتووین بۆ دیـدەنی هاوڕێکـانی رۆژئاوامان و رێگەمان نادەن.

- دە ئەمە قسەی قۆڕە، کەی ئێمە گیاندارین؟!

لەولاوە بەختیار هەڵیدایە:

- ئەدی چین، کەی نرخی گیاندارمان هەیە.. سەیرە بێ خۆت لە گیاندار بە زیاتر بزانیت؟

تێکڕا پشتگیری قسەکەی بەختیاریان کردو وتیان:

- زۆر بە جێیە...

چوونە لای کیژە کارمەندەکە. بەزەییەکی پڕ میهری بە رووتاندا دا... تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.

- هەلوو.... کۆمەڵەی خەمخۆرانی گیاندارانە؟ بە خوا بڵێم چی... گریان لـە ئـەوکی گـیرا. نـازانم، بە هەر حاڵ نوێنەرێکی خۆتان بۆ فڕۆکەخانەی "؟" بنێرن. بۆ؟ فڕۆکەخانە هـەموو شـتێکتان بۆ روون دەکاتەوە... زۆر سوپاس.

تاقە دڵۆپە فرمێسکێکی هەتیوو، ئیشارەتی دانیشتنی بۆکردن، تەلەفۆنەکـەی داخسـتەوە. چـاوی گـەش و فرمێسـکی درشـت، لـە دوو تـوێی لـەپی ناسـکدا بەنـد کـران، نـامۆیی بـوو بـە رێژنـە بـارانێکی بـە گـوڕو سەوزەگیای ناخی کوتاندنەوە.

- چاوەڕوان بکەن وا هاتن..

چـاوی، چـاوەڕوانی سـپی نـەبوو. برادەرانـی نوێنـەر هـاتن. لـە سـەرەتاوەو لـە پێشـی پێشـەوە، کـەرێکی پۆشـتەو پـەرداخ، سـەگێکی تـوکن و دەم و لـمۆز بۆیـە کـراو هاتنـە ژوورەوە. پـۆلیس! ئـەو پۆلیسـەی کـە چارەنووسـی ئێمـە لەسـەر خەتـەکانی قـۆڵی سـەمای دەکـرد، فـزەی نـەکرد. دوو مـرۆڤ، دوو کـەر دۆسـتی

مەزن. دەستیان بە سینگەوە گرتبوو، بێ فیز و بێ هەوا بە دووی گوێدرێژو سەگەکەدا هاتنە ژوورەوە... چوونە لای کیژەکە.

- کوان ئەو گیاندارە لێقەوماوانە...

کیژەکە بە چاوانی تەژی ئەشکەوە، ئاماژەی بۆ لای ئێوە کرد، هاتن. ئابیرت نەبوو، کە کەرو سەگەکە هاتنە ژوورەوە، وەك ڕێزلێنان هەموو ڕێبواران و دەزگای فڕۆکەخانەکە تێکڕا بڕیاری کار ڕاگرتنیان دا بۆ ماوەی چرکەیەك، هەواڵ درا تێکڕای دەزگاکانی دەوڵەت بۆ چرکەیەك لە کار وەستان.

- کوان؟

کیژەی کارمەند، لوێچێ ئەشکی هەڵڕشت. فرمێسك قەتارەی بەست.

- کوان؟

کیژە دەهری بوو. نەیدەتوانی هەستی خۆی بە وشە دەربڕێ. وەك سووکە ڕێزێك بۆ ئێوە، هاواری کرد:

- بچنە لای ئەو مرۆڤانە، ئەوان دەزانن!

هاتن، پرسیار کرا.

- ئەرێ چەند گیاندارێك لێرە لێیان قەوماوە، پێیان نازانن، تێکڕا دەستتان بە گریان کرد. فڕۆکەخانە، بوو بە شیوەنخانە هەروا ڕۆندك بوو، بە پەلەو بێ پەساپۆرت لە ئاسمانی چاوەوە دادەبەزین. دابەزین ئاساییە، سەرکەوتن قەدەغەیە. توولە سەگە ڕستکراوەکانی خانمان گشت کۆبوونەوە. نوێنەری کۆمەڵی خەمخۆرانی گیانداران لێیان نزیك بوونەوە. کەوتنە پرسیار:

- چیتان دەوێ؟

- هیچ... وەزعمان زۆر چاکە.

- ئەدی بۆ تەلەفۆنتان بۆ کردووین؟

- ئێمە؟...

- بەڵێ...

- ئێمە نەبووین.

- دەسا ئێمە کاری پەلەمان هەیەو دەڕۆین.

- خواتان لەگەڵ..

هەستتان کرد، خەریکە ئەم هەلەتان لە کیس بچێت، کەس ئاگای لە خۆی نەما. ویستت خۆت بکەیت بە بەردەباز. هەردوو دەستت خستە سەر زەوی. چوارپێیەکی تەواوت دروست کرد. سەرو کەللەت تەواو لە هی کەر دەچوو. دەستت بە زەڕین کرد.

- عاو... عاو... عاو... عا.

دەنگی کەر، یەکێکە لە دەنگە ناسراوەکانی دنیای کۆمەڵی کوردەواری! چونکە خوا غەدری لێکردووە. نەفرەتی لە دەنگی کردووەو هیچ هۆیەکی نەداوە، دەبێت مافی پێشێل کراوی بسەنرێتەوە. برادەرانی نوێنەر لەبەر دەرگاوە گەڕانەوە.

تەماشا دەکەن. چاو دەگێڕن دیقەت دەدەن، هیچ کەرێك دیار نییە. چوونەوە لای کیژەی کارمەند. ئەو کیژەی بەلایەوە مەبەست نییە ببێت بە کەر.

- ئەوە ئەو کەرە لە کوێیە؟

فرمێسك ئیشارەت دەکات. بڕوا فاتییە. تاسە تینووی دیداری کەری بەندییە. پرسیار، وەڵام، دەبارە دەبوونەوە. ئەنجام هاتن بەلای ئێوەوە.

- دەڵێن چی؟
- عاو، عاو، عا، عا
- ئێمە لەم زمانی کەرایەتییە تێناگەین!

جارێکی دی:

- عاو، عاو، عا، عا، عاو.
- وی ئاڕ سۆری، دوو یو سپیك ئینگلیش؟
- عاو، عاو.. عا.. عا.ز
- وی ئاڕ سۆری توو.
- عا، عا، عاو، عاو
- ببوورن، ئەمە زمانی کەر نییە، زمانی گیاندارێکی دی نازانن؟
- حەوو، حەوو، حەو، حەو...
- ئەمە زمانی گیاندارە؟
- بەڵێ، بەڵێ...
- زمانی چییە؟
- هی سەگە.

تووڵە سەگێك لەوێندەر بوو. گازیان کرد.

- ئا وەرە سەگە گیان بزانە چی دەڵێن.
- حەپ، حەپ، حەپ.
- ببوورن، دەڵێ لێیان تێناگەم، ئەم زمانە هی سەگ نییە.رەنگە زمانی کەری رۆژهەڵاتی بێ.
- باشە، خۆ کۆمپیوتەرمان هەیە، هەر ئێستا دەیناسینەوە.

"عاو، عاو، عا، عا" خرایە گەرووی کۆمپیوتەرەوە... بەدەم چاوەڕوانی ئەنجامەوە پرسیان:

- بەڵگەنامەی کەرایەتیتان هەیە؟
- وەك...؟!
- کاغەزێك، ناسنامەیەك، شتێکی لەو بابەتە.

لەم کاتەدا، کۆمپیوتەر ئەنجامی بە دەستەوەدا.. یەکێك لە نوێنەران، تەماشای ئەنجامی کرد. سەری باداو وتی:

- کەرانی جیهان بە ئەندام وەرتان ناگرن... خۆ ئەگەر وەربگیرێن لە سەرانسەری جیهاندا ماندەگرن.

دوا پرسیاری پڕ لە نا ئومێدیت کرد:

- ئەی تەگبیر؟!
- ئوو، ببوورن، کەرانی جیهان وەرتان ناگرن. بۆ چارەیەکی دیکە بگەڕێن.

1982

## حەمە کەریم عارف

* ⋆ کەرکووکییە و لە ساڵی 1951دا لەدایك بووە.
* لە ساڵی 1975 کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
* یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (170) رۆژنامەی هاوکاری لە 1973/6/8 بڵاوبووەتەوە.
* لە ساڵی 1975ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
* سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە 222، گۆڤاری نەوشەفەق.

★ جگــە لــە نـــاوی خــۆی، بـــە تایبـــەتی لـــە گۆڤـــاری گزنگـــی نووســـەرانی کەرکووک،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: 222 بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عـەلی، دیـدار هەمەوەنـدی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

★ جگـە لـە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و یـەکێتیی قوتابیـانی کوردسـتان ئیـدی ئەندامی هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسی نـەبووە, لە سـاڵی 1974 – 1975دا پێشـمەرگەی شۆڕشـی ئـەیلوول بـووە، لـە هەشـتاکاندا بـۆ مـاوەی نـۆ سـاڵ، بـێ وابەستەگی حیزبی پێشـمەرگە بـووە و وەکـو بەشـدارییەکی مەیـدانی و ویـژدانی لـە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منـەت بەسـەر کەسـدا ناکـات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لـە هەشـتاکانەوە تـا ئێسـتا راسـتەوخۆ سەرپەرشـتی و سـەرۆکایەتی لقـی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هـەرە زۆریـان، بـە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بـە نوسخەی هێنـدە کـەم بڵاوبوونەتەوە،لـە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

1- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم 1979

2- کۆچی سوور، رۆمان, چاپی یەکەم،1988،چاپی سێیەم 2007

3- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم 1988

4- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم 2005

5- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (1999) دەزگای گوڵان

6- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم 1987 شاخ

7- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،1985 چاپی سێیەم 2005

8- نامۆ، رۆمان، ئەلبێر کـامۆ، چاپی یەکـەم، شـاخ1987چـاپی چـوارەم 2009 وەشانخانەی سایە،سلێمانی

9- رێبەر، رۆمـان، مەهـدی حسـین، چـاپی یەکـەم (شـاخ) 1983، چـاپی دووەم، 2007

10-شکسـت، رۆمـان، ئەلکسـاندەر فەدایـەف، چـاپی شـاخ (راە کـارگر)، چـاپی دووەم، 2009 خانەی وەرگێڕان.

11- هاومالەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم 2000 دەزگای گوڵان

12 – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم 2006

13- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم 2004 دەزگای شەفەق

14- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم2000 دەزگای گوڵان

15- ئـازادی یـا مـەرگ، رۆمـان، کـازانتزاکیس، چـاپی یەکـەم 2003 کتێبخانـەی سۆران، چاپی دووەم: 2008
16- چیرۆکەکانی سـەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، 2004 کتێبخانـەی سـۆران هەولێر
17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ 1985
18- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،2006
19- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم 2006،نووسەرانی کەرکوک
20- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ1،دەزگای موکریانی
21- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ1 ،2005،نووسەرانی کەرکوك
22-دیدارو دەقو رەخنە،چ2005،1
23-دیداری چیرۆکڤانی، چ2005،1
24-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ2008،1نووسەرانی کەرکوك
25- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

26- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم 2005
27- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ19981،1
28- کورد گەلی لـە خشـتەبراوی غـەدر لێکـراو، د. کوینتـەر دیشـنەر، چـاپی سـێیەم 2004
29- لە مەهابادی خوێناوییەوە بـۆ کـەنارێن ئـاراس، نەجـەف قـولی پسـییان، چـاپی یەکەم 2006
30- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی چوارەم 2007
31 –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم 1998
32- چینی کۆن، چ1( )دەزگای موکریانی

---

33- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
34- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

35- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
36- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)
37- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
38- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
39- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
40- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)

41- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم 2009، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی

42- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

43- مندالە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

44- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای

45- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

46- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

47- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (23ئەفسانە)

---

48- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم2008

49- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (2004) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

50- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ1،دەزگای سەردەم 2009

---

51- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ1(2006-2008)دەزگای موکریانی

52-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ1، 2001

---

53- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

54- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

55- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

56- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

57- گوگول، نووسەری ریالیست

58- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

59- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

60- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

61- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (2001) دەزگای گوڵان

62-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(1)،2005

---

63- مێــژووی ئــەدەبیاتی جیهــان (لــە کۆنــەوە تــا ســەدەکانی نــاڤین).چــاپی یەکەم2008

64- مێـژووی ئـەدەبیاتی جیهـان (لـە سـەردەمی رینیسانسـەوە تـا ئێسـتا).چـاپی یەکەم2008

65- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیـزی زمـان- ئـەمریکاو ئینگلیسـتان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم2008

66- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ2004،1،دەزگای سپیرێز

67- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ2006،1دەزگای موکریانی

68- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

69- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ2، 2006

70- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ1(2005)دەزگای موکریانی

71- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ1،یانەی قەڵەم 2006

72- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

73- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ1) 2006

74- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ2007،1

75- دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ1، 2008

76- مــەرگی نووســەرو چــەند باســێکی دیکــەی ئــەدبی-رۆشــنبیری،حەمەکەریم عارف،چ1، 2005نووسەرانی کەرکوك

77- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ1) دەزگای موکریانی،2009

78- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

79- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ1، 2004

80- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف

★ لە راپەڕینـەوە تـا نهوو چـالاکانە بەشـداری بزاڤـی ئـەدەبی و رۆشـنبیریی کـوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..

★ ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکـەی ئامـادەن بـۆ چـاپ و چـاپکردنەوە و هـەر کـەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن, دەبـێ پـرس بـە نووسـەر بکات...